# مارا - ساد

شانۆنامه



دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی

زنجیرەی رۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوكەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# مارا - ساد

شانۆنامە

نووسینی:

**پیتەر ڤایس**

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:

**شێرزاد حەسەن**



سەرپەرشتیاری زنجیرەی شانۆی بیانی

**دانا ڕەئووف**

ناوی کتێب: مارا – ساد
نووسینی: پیتەر ڤایس
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: شێرزاد حەسەن
پێشەکی: دانا ڕەئووف
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٥٩٥
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
دەرهێنانی بەرگ: حەمید ڕەزا ئازموودە
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
چاپی یەکەم، هەولێر– ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٥٧١)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

# مارا - ساد و
# پیتەر ڤایس و شانۆیەکی بەرھەڵستکار

دانا ڕەئووف

پیتەر ڤایس هونەرمەند و نووسەرێکی فرە بەرهەم بووە و لە زۆربەی بوارە هونەری و ئەدەبییەکاندا پرۆژە و بەرهەمی دانسقە و باڵای هەیە. لەوانەیە ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ ئەو فرە زمان و فرە کولتوورەی کە هەر لە منداڵییەوە لەگەڵیا گەورە بووە.

وێنەکێشان، ڕۆمان، پرۆسە، شانۆنامە، دروستکردنی فیلم و چالاکییەکی بەهێزی سیاسی، ڕەوتی ژیان و بەرهەمەکانی ئەم نووسەرە پێک دەهێنێ.

پیتەر ڤایس لە ساڵی ١٩١٦دا لە بەرلین لە دایک بووە، دایکی یەکێک بووە لە ئەکتەرەکانی ڕیژیسۆری بەناوبانگی ئەڵمانی ماکس ڕاینهارت، باوکی لە بنەماڵەیەکی جوولەکە بووە، بەڵام هەر لە دێرزەمانەوە دەبێتە مەسیحی و پشت دەکاتە ئاین و دابونەریتی خۆیان. پیتەر ڤایس بەهیچ شێوەیەک ئەم ڕاستییە نازانێ، تا نازییەکان دەسەڵات دەگرنە دەست و، بنەماڵەکەیان وەک هەزارەها خێزان و بنەماڵەی جوولەکەی تر تووشی ڕاوەدوونان و لێپێچانەوە



دەبێت. سەرلەنوێ مۆرکی جوولەکەیی بەتەوێڵی باوکی و بنەماڵەکەیانەوە دەنرێتەوە و پیتەر ڤایسیش لەگەڵ خێزانەکەیدا پەرتەوازە دەبن.

ئەم خێزانە ماوەیەک لە بەریتانیا و ماوەیەکیش لە چیکۆسلۆڤاکیای جاران ژیاون و پیتەر ڤایس لە سەرەتاکانی ژیانی لاوێتیدا لە شارەکەی کافکا، لە پراگ لە ئەکادیمیای هونەر خوێندوویەتی.

پیتەر ڤایس لە ساڵی ١٩٣٩ و لە تەمەنی بیست و سێ ساڵیدا وەک پەنابەر لە ستۆکهۆڵم دەگیرسێتەوە. پیتەر ڤایس لە سەرەتادا وەک هونەرمەندێکی وێنەکێش دەردەکەوێت، دواتر لە سوێد و بەزمانی سوێدیی دەست دەکات بەنووسین، ڕۆمانێک و هەندێ کتێبی تری پرۆسە و لیریک بڵاو دەکاتەوە. نووسینەکانی نابێتە جێگای هیچ سەرنج و تێرامانێک، هیچ ڕەخنەگر و ڕۆژنامەیەکیش ئاوڕیان لێ ناداتەوە. لەبەرئەوە پیتەر ڤایس لە سەرەتای پەنجاکانەوە ڕوو دەکاتە بواری سینەما و هەندێ فیلمی ئەزموونگەری و جیاواز کە هەناسە و مۆرکێکی سوریالییانە لە خۆ دەگرن، لەگەڵ هەندێ فیلمی دیکۆمێنتاری دروست دەکات. فیلمەکانیشی، هەروەک نووسینەکانی ئەو سەرکەوتنە بەدەست ناهێنن کە خۆی چاوەڕوانی دەکرد. پیتەر ڤایس لە شەستەکاندا ناچار دەبێت کە بگەڕێتەوە سەر زمانی دایکی. لەم قۆناخەدا پیتەر ڤایس بەرهەمەکانی ڕاستەوخۆ بەزمانی ئەڵمانی دەنووسێت، ژیانی خۆی دەکاتە سەرچاوەیەکی ڕاستەوخۆی ڕۆمان و بەرهەمە ئەدەبییەکانی تری و لە ئەڵمانیا پیتەر ڤایس هەر لە سەرەتاوە دەبێتە جێگای سەرنج و تێرامانی ڕەخنەگر و خوێنەرەکانی.

لە ناوەڕاستی شەستەکاندا پیتەر ڤایس بەشێوەیەکی

چاوەڕوانکراو بەشانۆنامەی مارا – ساد سەرکەوتنێکی گەورە و ناوبانگێکی نێونەتەوەیی بەدەست دەهێنێ. شانۆنامەکەش باسی ئەوە دەکات کە چۆن ماركیز دی ساد لە ساڵی ١٨٠٩دا و لەگەڵ نەخۆشەکانی بیمارستانی چارنتن نەمایشێک سەبارەت بەکوشتنی شۆڕشگێڕی فەڕەنسی ژان پۆل مارا لە ساڵی ١٧٩٣دا پێشکەش دەکەن.

ئەم شانۆنامەیە بۆ یەکەمجار لەسەر شانۆی شیلەر و لە ساڵی ١٩٦٤دا لە شاری بەرلین پێشکەش دەکرێت، بەڵام ناوبانگی مارا – ساد، دوای ئەوەی کە پیتەر بروک و لە ساڵی ١٩٦٦دا و لەسەر شانۆی ئالدویک لە لەندەن پێشکەشی دەکات، هەموو سنوورەکان دەبڕێت و وەک یەکێک لە شانۆنامە زۆر گرنگەکانی سەدەی ڕابردوو ئاماژەی بۆ دەکرێت.

پیتەر بروک مارا – ساد دوای تاقیگە ئەرتۆییەکەی خۆی، وەک بەرئەنجامێکی ئەو پڕۆژە یەک ساڵییە، پێشکەش دەکات. پیتەر بروک لە نەمایشەکەیدا، زۆر زیرەکانە مێتود و بۆچوونە ڕامیارییەکانی شانۆی برتۆڵد برێشت و شانۆ توندوتیژە فیزیکییەکەی ئارتۆ تێکەڵاو دەکات. بەڵام ڕەخنەگرەکان ئاماژەی ئەوەش دەکەن کە مارا – ساد جگە لە برێشت و ئارتۆ کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی تەکنیک و ستایلی نووسەری ئیتاڵی لویجی بیراندیللۆ ١٨٦٧ – ١٩٣٦ی بەسەرەوەیە.

پیتەر ڤایس بەشێوازێکی تایبەت بەخۆی برێشت، ئارتۆ و بیراندیلۆش تێکەڵاو دەکات. بەم تێکەڵاوکردنەش ستایلێکی تر و شانۆیەکی سەراپاگیر و مۆدێرنی ڕامیاری لە مەودایەکی فراوانی مرۆڤایەتییەوە دەنووسێ. بۆ نموونە پیتەر ڤایس بۆ ئەم گەمە



شانۆییە سێ ڕۆڵی جیاوازی بەخشیوە بە ساد، ساد وەک ساد، سادی ڕیژیسۆر، سادی ئەکتەر و لە هەمان کاتدا هەر سادیش قسە لەسەر ڕووداوەکان دەکات. زمان و فۆرمی شانۆنامەکەش زمانێکی جیاوازە: شیعر، پەخشان، گۆرانی، هونەری پانتۆمایم و زمانێکی تری ساکاری ژیانی ڕۆژانە تێکەڵاو دەکات.

پیتەر ڤایس لە زۆر بۆنە و نووسیندا ئاماژەی بەوە کردووە کە ویستوویەتی هێزی دژ و جیاوازی برێشت و ئارتۆ، شانۆی داستانیی یان شانۆیەکی فێرگەیی و ڕامیاریی لەگەڵ شانۆیەکی فیزیکی و میتافیزیکی لە شانۆییەکەیدا کۆ بکاتەوە، تا بەم پێکداچوونە زەمینەیەکی تری شانۆیی بخوڵقێنێ: جیاواز و لە هەمان کاتدا لێکچوو، لە هەردوو بنەما شانۆییەکانی برێشت و ئارتۆدا.

پیتەر ڤایس دوای مارا – ساد کۆمەڵێ شانۆنامەی تری گرنگ دەنووسێ، بۆ نموونە لێپێچانەوە ١٩٦٤، مۆکینپۆرت ١٩٦٨، ترۆتسکی لە تاراوگە ١٩٧٠، پرۆسەیەکی نوێ ١٩٨٢، پیتەر ڤایس جگە لە شانۆنامەکانی کۆمەڵێ ڕۆمان، لیریک و یاداشتنامەی نووسیوە. یەکێک لە گرنگترین بەرهەمەکانی تری ئەم نووسەرە ڕۆمانی (بەربەرەکانێ کردنی ئیستاتیکا) یە، ئەم بەرهەمەی لە قەوارەیەکی زیاد لە هەزار لاپەڕەدایە و بە سێ بەش، وەک سێ بەرگی جیاواز بڵاوی کردووەتەوە. ڕۆمانەکە بیۆگرافیای ژیانی خۆیەتی، تەکنیکی گێڕانەوە، وتار، ڕیپۆرتاژی تێکەڵاو کردووە و بەشی یەکەمی بەزمانی ئەڵمانی لە ساڵی ١٩٧٦دا و بەشی دووەم لە ساڵی ١٩٧٩دا و دوا بەشیشی لە ساڵی ١٩٨١دا هەر بەئەڵمانی بڵاوکراوەتەوە. ئەم ڕۆمانە باسی کرێکارێکی گەنج دەکات کە لە بەرلین لەگەڵ هاوڕێکانیدا دژی

فاشییەت دەجەنگن. بەڵام ئەم گەنجە شۆڕشگێڕانە زۆر بەوردی دەخوێننەوە، مامەڵە لەگەڵ هونەر دەکەن و لە هەمان کاتدا وەک ئامرازێکی گرنگ بەکاری دەهێنن. سەرچاوە هونەرییەکان چاوگێکی گرنگی زانیاری و هێزێکی گەورەی ڕزگارکەریش دەبێت بۆ ئەم گەنجانە.

## • قۆناخی شەستەکان و شانۆیەکی ڕامیاری

شانۆی ئەورووپی لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا، لە ژێر کاریگەری و لە ڕوانگەی دیدی (ئەنتۆنین ئارتۆ) و (برتۆڵد برێشت)ەوە بنیات نراوە. لەسەر ئاستێکی گەورە و بەربڵاو هەموو گرووپە شانۆییەکانی دوای جەنگی جیهانی دووەم، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کەوتوونەتە ژێر کاریگەری تیۆرە شانۆییەکانی ئەو دوو شانۆکارە داهێنەر و مەزنەوە. لە هەمان کاتدا شەستەکان دادەنرێت بە قۆناخێکی گرنگی هەوڵ و پرۆژە ئەزموونگەرییەکان لە شانۆی ئەورووپیدا.

مارا – ساد لە هەردوو ڕووە سیاسی/ ئەزموونگەرییەکەوە زۆر گونجاو بووە لەگەڵ ئەو تەوژمە سیاسی/ئەزموونگەرییەی قۆناخی شەستەکاندا. زۆربەی هونەرمەند، نووسەر، ڕیژیسۆر، ڕۆژنامەنووس و تەنانەت ئەکتەرەکانیش چەپڕەو بوون و تەوژمێکی چەپ و سۆسیالیزم هەموو نەخشە و چالاکییە هونەری و ئەدەبییەکانی ئەو قۆناخە دەگرێتەوە.

ڕابوون و هەڵچوونی نەخۆشە شێتەکانی بیمارستانی چارنتنی شانۆنامەی مارا – ساد لە خۆپیشاندانی شۆڕشی قوتابیان و شەڕی سەر شەقامەکاندا ڕەنگ ئەداتەوە. ساد دەبێتە نوێنەری نووسەرێکی



مۆدێرن و ڕوویەکی ئاشکرای کەسی تاک و فەلسەفەی خودێتی. ماراش بانگەشەی کردارێکی توندوتیژ و بەزەبر دەکات: تەنیا شۆڕشە کە دەتوانێت جیهان بگۆڕێت.

پیتەر ڤایس خۆی لە ساڵی ١٩٦٥دا مانیڤێستێکی ئەدەبی و سیاسی بەناوی (دە خاڵی کارکردن لە جیهانێکی دابەشکراودا) بڵاو دەکاتەوە و لەم مانیڤێستەدا خۆی لە خانەی (مارا)دا دەبینێتەوە.

پیتەر ڤایس مارا – سادی وەک گفتوگۆیەکی دیالیکتیکی نووسیوە. وتووێژ سەبارەت بەشۆڕش، وەک دەروازە و ستڕکتورێکی نوێی دەسەڵات، مارا بڕوای بەڕابوون و شۆڕشێکی چەکداری، توندوتیژ و خوێناوی هەیە. بەڵام ساد کەسێکی شارستانییە و تاکڕەوانە بیر دەکاتەوە. مارا – ساد هەموو کاتێک دەتوانرێت پێشکەش بکرێت و لەگەڵ هەموو کات، شوێن و سەردەمێک دەگونجێ: مەسەلە ئایدیۆلۆژی، دەسەڵات، مرۆڤ وەک مێگەلیزم و مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی تاک و تەنیا جەمسەرە سەرەکییەکانی ئەم هاوکێشە هونەرییەن.

پیتەر ڤایس بڕوایەکی پتەوی بەسۆسیالیزم دەبێت و هەردەم وەک نووسەرێکی سۆسیالیستیش کاری کردووە. هەر لەم قۆناخەی ژیانی ئەدەبی و هونەریی خۆیدا، برەو بەچەمکی (شانۆی تۆماری) ئەدات، دەگەڕێتەوە سەر ڕاستییە مێژووییەکان، پرۆتۆکۆڵی دادگاکان و ڕووداوە ڕاستەقینەکانی ژیان. لە ساڵی ١٩٦٨دا وتارێکی گرنگیش بەناوی (هەندێ تێبینی سەبارەت بە شانۆی تۆماری) بڵاو دەکاتەوە. ئەم نووسەرە هەوڵی داوە بنەما تیۆریی، ڕامیاری و هونەرییەکانی سەبارەت بەڕۆڵ و بنەما گرنگەکانی شانۆیەکی تۆماری ڕوون بکاتەوە.

پیتەر ڤایس زۆر سەرکەوتووانە توانیویەتی بەکارهێنانی دیکۆمێنت و بەڵگەنامەکان بخاتە قاڵب و شێوازێکی دراماتیکی و پڕ لە کێشە و گیروگرفتەوە. لەم ڕووەوە پیتەر ڤایس دەڵێت: "من نامەوێت بۆ ئایندە یان بۆ ئەبەدییەت بنووسم. من دەمەوێت بۆ ئەم ڕۆژگارە بنووسم. لە پێناوی گۆڕانکارییەکانی ئەم ڕۆژەدا. گەر من ئەمڕۆ نەتوانم شتێک بەنووسینەکانم بەدی بهێنم، ئەوە هەموو پرۆسەی نووسین کارێکی بێهوودە و بێ ئەنجامە."

پیتەر ڤایس لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات وەک پاڵەوان ئاماژەی بۆ دەکرێت، بەڵام بە پێچەوانەوە لە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا وەک شۆڕشگێڕێکی یاخی دەناسرێت. دوای نووسینی شانۆنامەی (ترۆتسکی لە تاراوگە) پێگە و پایەی هونەری و سیاسیشی لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات بەتەواوی دەگۆڕێ و چیتر ئەو بەهایەی نامێنێ.

## • هونەری شانۆ لە دیدی پیتەر ڤایسەوە

پیتەر ڤایس هەمیشە بیری لە شانۆیەکی گەورە، نێونەتەوەیی و جیهانی کردووەتەوە. ئەم دید و بیرۆکەیە هەر لە سەرەتاکانی ژیانی هونەرییەوە لەگەڵیدا گەورە بووە. لە سییەکاندا تابلۆیەکی بەناوی (شانۆ گەورە جیهانییەکە)وە کێشاوە، ئەم تابلۆیە بۆ پیتەر ڤایس وەک خەونێک وابووە و هەمیشە بیری لێ کردووەتەوە. مارا – سادیش هەنگاوێکی گرنگی بەدیهێنان و بەرجەستەکردنی ئەو خەونەیە. شانۆ لە لای پیتەر ڤایس هەمیشە پەیامێکی مرۆڤایەتی، ڕامیاری و هونەری بووە، شانۆ لە لای پیتەر ڤایس باسی دەمەدەمێی ژیانی ڕۆژانەی خێزانە بۆرژوازی و مامناوەندییەکانی نێو ساڵۆنە ڕازاوەکان ناکات. شانۆ ڕەنگدانەوەی ئازارەکانی مرۆڤ و ڕووداوە مێژووییەکانە، شانۆ



باسی ململانێی چینایەتی و ئایدۆلۆژیا جیاوازەکان دەکات کە لە ڕووداوی چاوەڕوانکراو و چاوەڕوان نەکراودا ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە.

پیتەر ڤایس شاکارەکانی (دانتێ) و بەتایبەتی (کۆمیدیای خواوەندی) زۆر کاری تێ کردووە و وەک پلاتفۆرمێکی گڵۆبالیزم ئاوڕی لێ داوەتەوە، کۆمیدیای خواوەندی بۆ ڤایس بنەمایەکی گرنگ بووە بۆ گوزارشتکردن لە قەڵاچۆکردنی ڕەگەزی جوولەکە، بەتایبەتیش لە کەمپەکانی (ئاوشوێز)دا. دانتێ و کۆمیدای خواوەندی بنەمایەکی گرنگی دامەزراندنی ئەو شانۆ گەورە جیهانییە بووە بۆ پیتەر ڤایس. ئەم نووسەرە لە ساڵی ١٩٥٦دا یەکەم شانۆنامەکانی خۆی بەناوی (دەمەوچاوێک لە سێبەردا) دەنووسێت و تا دوا ڕۆژەکانی ژیانی سیازدە شانۆنامەی تری نووسیون: هیچ شتێک ئاسایی نییە ١٩٥٧، بەپێی یاسا ١٩٥٧، ستۆدیۆی ١ – ٥ لە نێوان ساڵانی ١٩٥٢ – ١٩٥٥، گەلەری، ستۆدیۆی دکتۆر ڤاوست ١٩٥٦، سەراب ١٩٥٩، مارا – ساد ١٩٦٤، لێ پێچانەوە ١٩٦٥، بەڕێز مۆکینپۆت ١٩٦٨، گۆرانی بۆ دەمەوچاوە تۆقێنەرەکە ١٩٦٧، ترۆتسکی لە تاراوگە ١٩٧٠، هۆڵدەرلین ١٩٧٢، پرۆسێسێکی نوێ ١٩٨٢، بەڵام ئەوەی جێگای ئاماژە پێ کردنە ئەوەیە کە هیچ شانۆنامەیەکی پیتەر ڤایس لەوی تری ناچێ، هەموو شانۆنامەیەکیش لە شانۆنامەکانی ستایل و فۆرمی تایبەت لەخۆ دەگرێت. بۆ نموونە لە لێ پێچانەوەدا ١٩٦٥، کە لەسەر بەڵگەنامە و پرۆتۆکۆڵی دادگای ئاوشوێز ڕۆنراوە، وتووێژی شایەت و جەللادەکان، فۆرمێکی ڕیتم ئامێزی لیریکی دەخوڵقێنێت. لێ پێچانەوە باسی قەڵاچۆکردنی جوولەکەکان دەکات لە لایەن دامودەزگاکانی هیتلەرەوە لەکاتی جەنگی دووەمی جیهانیدا. لە شانۆنامەی گۆرانی بۆ

دەموچاوە تۆقێنەرەکە ١٩٦٧، گوزارشت لە دەسەڵاتی کۆڵۆنیالیزمی پورتوگال دەکات لە بەشێک لە وڵاتە ئەفەریقاییەکاندا. لەم شانۆنامەیەدا پیتەر ڤایس چەوسانەوە و سەرکوتکردنی ئەفەریقاییەکان لە لایەن دەسەڵاتێکی ڕۆژئاوایی و سپی پێستەوە دەکاتە بنەمایەکی گرنگی ناوەڕۆکە فیکری و لە هەمان کاتدا سیاسییەکەی. ئەم شانۆنامەیە سەرەتایەکە بۆ ڕابوون و ڕاپەڕینەکانی گەلانی ئەفەریقا بەڕووی دەسەڵات و هێزی کۆڵۆنیالیزمی وڵاتی پورتوگالدا. پیەسەکە بەشێوازێکی فێرگەیی، بەتایبەتی سەبارەت بەستروکتوری چەمکی ئیمپریالیزم نووسراوە. هەر لەبەرئەوەشە کە پیتەر ڤایس بەزمانێکی ساکار و ڕاستەوخۆ شانۆنامەکەی نووسیوە. بۆ نموونە نووسەر لەم شانۆنامەیەدا و وەک تەکنیکێکی جیاواز و گەڕانەوە بۆ شانۆی دێرینی گریکی، کۆرس بەکار دەهێنێ، گۆرانی و وتووێژی کۆرسەکەش ڕێگا بۆ کەسایەتی ئەفەریقاییەکان خۆش دەکات تا بدوێن و هەڵوێستە بەرامبەر و لەسەر ڕووداوەکان وەربگرن. پیتەر ڤایس لە ڕێگای بەکارهێنانێکی ورد و قووڵی کۆرس و گۆرانییەوە شانۆنامەکەی بەشێوەیەکی پتەو دەبەستێتەوە بەدابونەریتی گەلانی ئەفەریقاوە و جۆرە شانۆیەکی میللی/ترادیشونی/سیاسی، بەرجەستە دەکات.

مارا – سادیش کەرنەڤاڵێکی شێتانەی شانۆیەکی سەراپاگیرە، شانۆیەکە کە هەموو تەکنیک و ڕەنگە جیاوازەکان تێکەڵاوی یەکتری دەکات و ڕێگا بۆ شانۆ گەورە جیهانییەکەی دەکاتەوە.

پیتەر ڤایس شانۆنامەکانی لە جیهانێکدا نووسراون کە ڕۆژهەڵات دژی ڕۆژئاوایە، ڕۆژئاواش ڕووبەڕووی ڕۆژهەڵاتە و گوزارشت لە جیهانێکی دابەشکراو و لەت و پەت کراو دەکات.



## • پیتەر ڤایس و دابڕانی کولتووری

پیتەر ڤایس لە قۆناخی منداڵی، هەرزەکاری و گەورەییدا لە نێوان بەرلین، پراگ، لەندەن و سویسرادا، بەهەموو جیاوازییەکانی زمان، کولتوور و دابونەریتەکانیانەوە ژیاوە و بۆ دوا جاریش بەتەواوەتی لە وڵاتی سوێد و شاری ستۆکهۆڵم دەگیرسێتەوە. هەر لە ساڵی ١٩٣٤ەوە لەگەڵ ئەتمۆسفێر و زمانی نامۆ و جۆراوجۆردا ژیاوە، کە نازییەکانیش دەسەڵات دەگرنە دەست بەتەواوەتی زمانی دایکی دەشێوێنن، پیتەر ڤایس تووشی دابڕان، سەرلەنوێ دابڕان، نامۆبوون و سەرلێشێواوییەکی زمانەوانی و ژینگە دەبێت. ئەو ڕۆژگارە وای لێ دەکات کە هەمیشە نامۆ بێت بەو زمانە جیاوازانە، هەرچەندە توانایەکی گەورەی بۆ فێربوون و بەکارهێنانی ئەو زمانانەی هەبووە، بەڵام لەگەڵ زمانی دایکی تووشی تەڵزگە و دابڕانی جۆراوجۆر بووە. هەر لەم ڕووەوە پیتەر ڤایس لە زۆر لە بەرهەمە ئەدەبییەکانیدا باسی بێ دەنگی و کەسایەتی بێ دوو و لاڵ و مرۆڤی لاڵمان بۆ بکات.

پەناهەندەیی و ڕاکردن لە زێدی خۆ و هەمیشە ڕووبەڕووبوونەوەی زمانی نوێ، هێدی هێدی وا دەکات کە زمانی دایک لاواز بێت و دواتریش بمرێت، ئەو زمانە نوێیانەی کە لە وێستگە لە دوانەهاتووەکانی ژیانماندا فێری دەبین و لەسەر هەموو ئاستەکان بەکاری دەهێنین، هەرگیز ناگاتە ئەو ئاستەی کە وەک زمانی دایک دەمانەوێت گوزارشتی پێ بکەین، بەتایبەتی هەست و هۆشەکانمان. ئەمەش وا دەکات کە تۆ هەمیشە لە دەرەوەی کۆمەڵگا، زمان و کولتوورەکاندا خۆت ببینیتەوە.

ئەم حاڵەت و لە زمان دابڕانە وا لە پیتەر ڤایس دەکات کە لە

سـەرەتای ژیانی هونەریدا، لەبری نووسین ڕوو بکاتە هونەری وێنەکێشان. بەڵام لەم گێژاوەدا زمانی سوێدی دەدۆزێتەوە و دواتریش دەگەڕێتەوە سەر زمانی ئەڵمانی. پیتەر ڤایس دوای گەڕانەوەی بۆ سەر زمانی ئەڵمانی، سوێد بەجێ ناهێڵێ و تا مردن لە ستۆکهۆڵم دەژی: دوو زمانی جیاواز ژیان و کار و بەرهەمەکانی ئەم نووسەرە پێک دەهێنێ، زمانی ئەڵمانی بۆ نووسین، سوێدیش بۆ هەڵسوکەوت و مامەڵەی ژیانی ڕۆژانە. هەرچەندە پیتەر ڤایس زمانێکی باشی سوێدی دەزانی، بەڵام هەرگیز ئەو زمانە باڵادەستە نەیتوانیوە لە زمانی دایک، زمانی ئەڵمانی تێپەڕێنێ.

**• مارا - ساد**

"چەوسانەوە و کوشتنی (مارا) لە لایەن نەخۆشەکانی بیمارستانی (چارنتن) کە لە ژێر چاودێری (مارکیز دی ساد) نەمایش کراوە" درێژترین ناونیشانی پیەسێکی شانۆییە و دواتر بەمارا – ساد ناسراوە.

پیتەر ڤایس بۆ نووسینی ئەم شانۆگەرییە پشتی بەکۆمەڵێ ڕووداو و حەقیقەتی مێژوویی بەستووە. هەروەها ئاوڕی لە کۆمەڵێ بەڵگەنامە، ڕاپۆرت و کەرەستەی مێژوویی و باوەڕپێکراو داوەتەوە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا شانۆنامەکەی بەکارێکی مێژوویی، یاخود تۆماری لە قەڵەم نادرێ. شانۆی تۆماریش، وەک چەمکێکی گرنگ و تەوژمێکی شانۆی ڕامیاری، دوای ئەرڤین بسکاتۆر ١٨٩٣– ١٩٦٦ لەسەر دەستی پیتەر ڤایسدا کۆمەڵێ چەمک و سیمای تایبەت لەخۆ دەگرێت.

پیتەر ڤایس نەیویستووە تەنیا ڕووداو و بەسەرهاتە توندوتیژ و ڕاستەقینەکانی مێژوو تۆمار بکات و بەشێوازێکی دیکۆمینتاری



نەمایشیان بکات. بەڵکو لە ڕاستیدا ویستوویەتی جۆرێکی تایبەتمەند لە دراما بخوڵقێنێ کە لە دوای ئەو ڕاستییانەوە نەخشەیەک بۆ بیری مرۆڤایەتی بکێشێ، بەڵگەنامە و ڕووداوە ڕاستەقینەکان لە بۆتەی چەند کێشەیەکدا بخوڵقێنێ و دەستنیشانی چۆنیەتی کارکردنیشی بکات.

بەڵام مەسەلە توندوتیژەکان و بۆچوونە توندڕەوەکانی شۆڕشی میللەتان و گفتوگۆ ڕامیارییەکان نامۆ نەبووە بەبەرهەمە ئەدەبییەکانی لەوەوبەری پیتەر ڤایس. ئەم نووسەرە وەک لەمەوبەر ئاماژەمان بۆ کردووە، لە نێو ڕووداوە ڕامیاری و کێشە چینایەتییەکاندا گەورە بووە و هەمیشە لایەنگری چەوساوە و هەژاران بووە. مەسەلە توندوتیژەکانیش جێگای سەرنج و تێڕامانی بووە. ڕەخنەگری سوێدی سڤێن هیگۆ پارشۆن، لە کتێبەکەیدا (لە توندوتیژییەوە بۆ بەرهەڵستکارێکی ئێستاتیکی) سەبارەت بەم مەسەلەیە دەڵێت: "پیتەر ڤایس لە سەرەتای ژیانی نووسینیدا، زۆر جار چارەسەر و باسی ئەو مەسەلانەی کردووە کە لە دەوری تەوەرەکانی توندوتیژیدا سووڕاوەتەوە، ئەمەش خاڵێکی زۆر گرنگە کە هەر لە سەرەتاوە نووسەری بەستووەتەوە بە مارا – سادەوە، لەوێدا مەسەلەکانی توندڕەویی مانایەکی دیاریان هەیە و ڕاستەوخۆ بەستراونەتەوە بە گفتوگۆ و بۆچوونەکانی مارا و سادەوە سەبارەت بەسروشت و مەرجەکانی مرۆڤ و مەسەلە ڕامیارییەکانەوە. "ئەم مەسەلانەش، توندوتیژی، کێ ڕاستە و کێ هەڵەیە، چارەسەرکردنی مێژوو و شانۆی تۆماری بەشێکن لە پرۆگرام و ڕیشاڵە گرنگەکانی تۆڕی شانۆنامەی مارا – ساد و بۆچوون و چارەسەرە ڕامیاری و هونەرییەکانی پیتەر

ڤایس. پیتەر بروک سەبارەت بەشانۆنامەی مارا – ساد لە کتێبی خاڵی گۆڕانکارییەکاندا دەڵێت: "پیتەر ڤایس تەنیا شانۆی سەراپاگیری بەکار ناهێنێ، بەڵکو ئەو بیرۆکەیەش بەکار دەهێنێ کە هەموو توخمەکانی تەختە و ئەندازەی شانۆ لە خزمەتی شانۆییەکەدا بێت. هێزی شانۆنامەکەش تەنیا ناگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانی شێوازێکی جۆراوجۆر، بەڵکو زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ دروستبوونی ئەو قەیرانەی لە بەرەنجامی پێکداچوونی ئەو شێوازە دژانەدا ڕوودەدات. هەموو شتێک بەهۆی دژەکەیەوە لە جێگای خۆیدا دانراوە: جیددی لە ڕێگای کۆمیدییەوە، پایەبەرزەکان لە ڕێگای (میللیی)یەوە، ئەدەبی لە ڕێگای بازاڕییەوە، ڕۆشنبیری لە ڕێگای جەستەوە. ئەمانەش بەهۆی وێنەکانی تەختەی شانۆوە ژیانیان دەکرێت بەبەردا."

## • ئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی

### – شۆڕشی فەڕەنسی

شانۆنامەی مارا – ساد لە شۆڕشی فەڕەنسی دەدوێت و بۆ ئەم مەبەستەش ڕووداوەکانی لە مێژووی فەڕەنسییەوە وەرگرتووە. پیتەر ڤایس، مارکیز دی ساد و ژان پۆل مارا ڕووبەڕووی یەکتری دەکاتەوە. ساد، وەک نووسەرێک و مرۆڤێکی نەخۆش بەسێکسە ناسازی (الشذوذ الجنسي)، خاوەن بیروڕا و فەلسەفەیەکی خودی دیاریکراو و بانگەشەی فراوانبوونی دەسەڵاتی تاکە کەس دەکات، بەنیازی بەدیهێنانی سەرفرازی بۆ مرۆڤایەتی. ماراش ڕابەری شۆڕشی فەڕەنسی، بڕوای بە زەبروزەنگ و توندوتیژییە، چونکە هەر ئەو توندوتیژییە دەبێتە هۆی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و بەدەستهێنانی سەرفرازی.





ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیەش لە لای پیتەر ڤایس لە ترۆپکی ڕووداوە ڕاستەقینەکانی شۆڕشی فەڕەنسیدا بەرجەستە دەبێت. بەتایبەتی لە ساڵی ١٧٩٣دا، بەماوەیەکی بەر لە کوشتنی مارا بەدەستی (کۆردی). کۆردی لە یەکێک لە گوندە دوورە دەستەکانەوە هاتووە و خەون بەجیهانێکی درەوشاوەی ئاینییەوە دەبینێ و بڕواشی وەهایە کە بەکوشتنی مارا گەلی فەڕەنسا ڕزگار دەکات. بەڵام لە ڕاستیدا مارا و ساد هەرگیز لە ژیاندا ڕووبەڕووی یەکتری نەبوونەتەوە و یەکتریان نەبینیوە. بەڵکو پیتەر ڤایس جەمسەرە واقیعییەکانی ژیانی ئەو دوو کارەکتەرە مێژووییەی لە پرۆسە و هاوکێشەیەکی هونەری بەرزدا بەیەک گەیاندووە و ڕووداوەکانیشی لە ناو نەخۆشخانەی (چارنتن)دا ڕوو دەدات.

## • کەسایەتی مارا و ساد کێ بوون؟

بۆ زیاتر تێگەیشتن لە بیرۆکە و هێڵە چڕ و دژوارەکانی ئەم شانۆنامەیە، زۆر بەکورتی تیشکی سەرنج دەخەینە سەر ڕەوتی ژیانی مارا و ساد و لە هەمان کاتدا کەسایەتی ڕاستەقینەی (کۆردی) یش ڕوون دەکەینەوە.

## • مارا و شۆڕشی فەڕەنسی

ژان پۆڵ مارا شۆڕشگێڕێکی فەڕەنسایی بووە و لە ساڵی ١٧٤٣دا لە سویسرا لە دایک بووە. پزیشک و زانا بووە و زۆر بەکاری زانیاری و لێکۆڵینەوەی زانستە جۆراوجۆرەکانەوە خەریک بووە. پاشان ڕوو دەکاتە بواری ڕامیاری و بۆ ئەو مەبەستە لە ساڵی ١٧٨٩دا ڕۆژنامەی (هاوڕێی گەل)ی دامەزراندووە و دژی ڕژێمی ئەو کاتەی فەڕەنسا وەستاوە. پاش ماوەیەکی کورت ڕۆژنامەکەی دادەخەن و ئەویش لەبری

ئەوە بەنهێنی ڕۆژنامەکەی بڵاو دەکاتەوە. وتارەکانی ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕن لە هەڵایسانی شۆڕشی چواردەی تەمموزی ساڵی ١٧٨٩دا. دواتر لە ئەنجومەنی نیشتیمانی (پارلەمان)دا بەئەندام هەڵبژێردراوە و سەرکردایەتی پارتی (کوردلییە)ی کردووە. پاش ئەوە مارا تووشی نەخۆشی پێست بووە و پاشماوەی ژیانی لە ناو حەوزی گەرماوێکدا بردووەتە سەر. دواتر هەر لەو حەوزەشدا و لە ساڵی ١٧٩٣دا، شارلوت کۆردی بەخەنجەر کوشتوویەتی.

### • ساد و سادیزم

کۆنت دۆنتیان ئۆلفۆس فرانسوا دی ساد لە ساڵی ١٧٤٠دا لە دایک بووە و لە ساڵی ١٨١٤دا کۆچی کردووە، سەربازێکی فەڕەنسایی و نووسەرێکی دیار بووە. زۆربەی ژیانی بەداوێن پیسیی بردووەتە سەر و ئەمەش لە ئەدەبەکەیدا ڕەنگی داوەتەوە. نووسینەکانی بەناوی (مارکیز دی ساد)ەوە بڵاو کردووەتەوە. بەهۆی ئەو ڕەوشتە نابەجێ و چیرۆکە ئیرۆتیکی و ژیانە نائاساییەی خۆیەوە، بەتایبەتی لە ڕووی ژیانی سێکسییەوە، وەک مرۆڤێکی سێکسەناساز، زۆربەی ژیانی لە گرتووخانەی باستیل و نەخۆشخانە دەروونییەکاندا بەسەر بردووە. زاراوەی سادیزم Sadismeیش هەر دەگەڕێتەوە بۆ مارکیز دی ساد و نەخۆشییە دەروونی و سێکسییەکانی: ساد خۆشنوود بووە بەئازاردانی خەڵکی، بەتایبەتی لە کاتی جووتبوون و پرۆسەی سێکسدا. هەروەها سادیزم لە فەرهەنگی زانستی دەروونی و پزیشکیدا وەک نەخۆشییەک و لادانێک لە ڕەوشتی مرۆڤ پێناسە دەکرێت.

مارکیز دی ساد لە چیرۆکەکانی (کوێرەوەری داوێن پاکی) و (گوڵی



داوێن پیسیی)دا، کارەکتەرەکانی زۆر بەجەربەزەییەوە خستوونەتە ڕوو، بەتایبەتی بۆ دامرکاندنەوەی ئارەزووەکانیان لە ڕێگای ئازاردانی خەڵکییەوە. ئەم ڕەوشتە ناتەبایەش لە ڕووی لێکدانەوەی دەروونییەوە بە(پاڵپێوەنەرێکی ڕووخێنەر) ناسراوە. هەر لێرەوە (ساد) بووە بەهێمایەک بۆ هەموو لادانێکی ڕەوشتی و سێکسەناسازی، لە زانستی دەروونناسیشدا بەناوی ڕاستەقینەی سادەوە ناسرا بە(سادی – سادیزم).

### • شارلۆت کۆردی

شارلۆت کۆردی لە ساڵی ١٧٦٨دا لە دایک بووە، یەکێک بووە لە لایەنگرانی "گیرۆندییەکان"، ئەمانەش گرووپێک بوون لە کۆمارییەکانی فەڕەنسا. ناوەکەشیان دەگەڕێتەوە بۆ هەرێمی گیرۆند کە لە ساڵی ١٧٩١دا دروست بووە. مارا لە ئەنجومەنی نیشتیمانیدا دەریان دەکات و سەرکردەکەشیان لە سێدارە دەدات. ئەم گیرۆندییانە هانی کۆردی دەدەن بۆ کوشتنی مارا، دوای ئەوەی مارا دەکوژێت، خۆیشی لە سێدارە دەدرێت.

### • پیتەر ڤایس و مارا - ساد

پیتەر ڤایس ئەم سێ کەسایەتییەی لە مێژووەوە وەرگرتوون و لە شانۆنامەکەیدا بەشێوەیەکی زیندوو، ڕووبەڕووی یەکتری کردوونەتەوە. وەک فۆرم و شێوازی نووسینیش بۆ بەرجەستە و وەدەرخستنی ڕووداوەکان تەکنیکی (شانۆی ناو شانۆ) بەکار دەهێنێ. ئەم شێوازەش چیرۆکنووسی جیهانی (بیراندیللۆ) بۆ یەکەم جار، بەشێوەیەکی فراوان لە شانۆنامە بەناوبانگەکەیدا (شەش ئەکتەر بەدوای نووسەرێکدا دەگەڕێن) وەک تەکنیکێکی نوێ بەکاری هێناوە.

پیتەر ڤایس لە چاوپێکەوتنێکدا لە ساڵی ١٩٧٩دا بەم شێوەیە چیرۆکی نووسین و داهێنانی شانۆنامەی مارا – ساد دەگێڕێتەوە: "پاییزی ساڵی ١٩٦٢، من و کوڕە دوانزە ساڵییەکەم میکایل، فیلمێکی فەڕەنسیمان بینی بەناوی Madame Sans Gene. ئەم فیلمە هانی داین مێژووی ئەو سەردەمە بخوێنمەوە کە باسی ڕووداوەکانی فیلمەکەی دەکرد. لە کتێبێکی زۆر کۆندا بەناوی (شۆڕشی فەڕەنسی) چاپی ستۆکهۆڵم ١٨٩٩، وێنەیەکی مارامان لە حەوزێکی خۆشتندا بەرچاو کەوت. بەر لەم قۆناغە، لە سەردەمی خوێندنمدا مارا جێگای سەرنج و سەرسوڕمانم بوو، هەروەها هەر لەو قۆناغەشدا، ڕادیۆیەکی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات، داوای لێ کردبووم کە زنجیرە وتارێک سەبارەت بەشۆڕشی فەڕەنسی بنووسم، لەم ڕووەوە بیرم لەوە کردەوە کە گەمەیەکی شانۆیی ئێزگەیی سەبارەت بە مارا و کۆردی بنووسم. بەڵام تەنیا ئەو کوشتنە مێژووییە ئامانجەکەی منیان نەدەپێکا. ئەوەی جێگای باسە لە پەنجاکاندا من بەرهەمەکانی سادم خوێندبووەوە. جیاوازییەکانی ژیانی ئەم دوو کەسایەتییەش جێگای سەرنج بوو، بابەتەکە ئامادە بوو، بەڵام هێشتا بیرم لەو لایەنە لۆژیکییەی کە ئەم دوو کارەکتەرە کۆ بکاتەوە، نەکردبووەوە. ئەم مەسەلەیەش درێژەی کێشا تا زستانی ساڵی ١٩٦٢/١٩٦٣، دوای گەڕان و پشکنینێکی قووڵ، لە کاتی گفتوگۆیەکدا لەگەڵ نووسەر و سادناس (ئەلیکساندەر کۆڤاڵ) لە بەرلین، ئەو بیرە دراماتیکییەم بۆ هات. دەگونجا گفتوگۆی مارا و ساد لە بیمارستانی (چارنتن)دا کۆ بکەمەوە، ئەمەش لە پیەسێکی ناو پیەسدا، کە بەبڕیارێکی بەڕێوەبەری بیمارستانەکە لە لایەن مارکیز دی سادێکی بەتەمەنەوە پێشکەش بکرێت. بەم شێوەیە دەکرێت دراماکە بنووسم."



مارکیز دی ساد نەخۆشێکی بەندکراوی بیمارستانی (چارنتن)ە و هەستاوە بەنووسین و کاری ڕیژی و ڕاهێنانی ئەکتەرەکانی ئەو شانۆنامەیە. هەر لەم ڕووەوە شێتە بەندکراوەکانی چارنتن دەبنە ئەکتەر و بینەری ئەو گەمەیە. مارکیز دی ساد لە ڕاستیدا بۆ نەخۆشەکانی ئەو بیمارستانە زۆر شانۆنامەی نووسیون و هەر لە ڕێگای ئەوانیشەوە نمایشی کردوون. مارکیز دی ساد وەک مرۆڤێکی زرنگ و هۆشیار، بەشێتیی خۆی جیهانێکی تایبەتی بۆ هاوڕێ شێتەکانی خوڵقاندووە. بەمەش هەر یەکێک لەو کەسایەتییە شێتانە، بەهەستی شێتیی خۆیان، خۆیان لە ناوەوەی خۆیاندا بەدی هێناوە.

### • بنەمای سێینەیەکی مێژوویی

پیتەر ڤایس لە دیدی پێوەندییەکی سێکوچکەییەوە بنەماکانی شانۆنامەی مارا – ساد پێک دەهێنێ. لەم پێوەندییە سێکوچکەییەدا چەندین هێڵ و دارشتەی جیاوازی مێژوویی و خەیاڵ و فەنتازی تێکەڵاو دەکات، بەم تێکەڵاوبوونە، وەک پرۆسەیەکی فیکری و هونەری زنجیرەیەکی ئاڵۆزی دژ بەیەک و لە هەمان کاتدا پێکەوە لکاوی خوڵقاندووە.

لۆژیکی مارا دژ و جیاوازە لە سیستم و لۆژیکی ساد. مارا لە ڕوانگەی چرکەزەمەنێکی هەڵچووی ناو شۆڕشێکی دژوارەوە دێت کە پابەندە بەئایدۆلۆژیا و سیستەمێکی توندوتیژەوە. ئەو سیستەمە خوێناویی و توندوتیژە ئەلتەرناتیڤی ئەو جیهانبینییەیە کە مارا گەرەکیەتی. کەواتە گۆڕانکاری شتەکان لە ڕوانگەی بۆچوونێکی توندوتیژی شۆڕشگێڕانەوە نەبێت ناگاتە هیچ بەرەنجامێک و دوا جاریش هەموو تەقەلاکان لە سنوورێکی پەراوێزکراودا دەمێنێتەوە.

بەڵام ئەم لۆژیکە لە لای ساد لۆژیکێکی نائاڕاستەیە و لە هیچ چرکەزەمەنێکدا نابێتە ئەڵتەرناتیڤێکی گونجاو. بەڵکو بەپێچەوانەوە، خودی تاکە کەس لە لای ساد بونیاد و بنەما سەرەکییەکانە و لە دیدێکی فەلسەفییانەی تاکڕەوییەوە جیهانبینی شتەکان دەکات.

هاوکێشەیەکی لاسەنگە و کێشەیەکی دژوارە. لە لایەکی دیکەشەوە کۆردی لە دیدێکی ترەوە دەیەوێت لە پێناوی ڕزگارکردنی مرۆڤایەتیدا، کودەتایەکی ڕاستەوخۆ بەرپا کات. ئەو کودەتایەش بەکوشتنی مارا نەبێت ناگاتە هیچ بەرئەنجامێک.

پیتەر ڤایس ئەم سێ کارەکتەرە ڕاستەقینە مێژووییە دەکاتە بنەما و هەڵوێستەیەکی گرنگی هاوچەرخ و بەرجەستەی دیدێکی نوێ و هونەرییان دەکات. بەمەش مێژوو، واقیع و شانۆ دەکاتە بنەمایەکی گرنگ و ئێستاتیکایەکی جیاوازی جیهانی شانۆ.



# مارا - ساد

## سەبارەت بە نووسەر

پیتەر ڤایس-ی نووسەر و هونەرمەندی شێوەکار و دەرهێنەری سینەما لە "نۆ واویس" و نزیک بەشاری بەرلین لە دایک بووە و دوا جاریش لە "ستۆکهۆڵم" گیرسایەوە. لە ساڵی (١٩٦٣)دا پاداشتی "چارلز ڤیلن"ی پێ بەخشرا. گەلێ شانۆگەری نووسیوە.. جگە لە وەرگێڕان. لەگەڵ دەرچوونی هەر شاکارێکیش خوێندەوارانی سەرسام دەکرد بەوەی کە هەر جارەی جۆرە شێوازێکی تازەی دەهێنایە کایەوە. ئەم شانۆگەرییەی مارا - سادیش یەکێکە لەو شاکارانەی کە بووەتە مایەی سەرسامی هەموو لایەک. گەرچی پشت ئەستوورە بەحەقیقەتێکی مێژوویی و کەڵکی لە کۆمەڵێ بەڵگەنامە و کەرەستەی باوەڕپێکراو وەرگرتووە.. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەوە دوورە بەشانۆگەرییەکی "تۆماری مێژوو" لە قەڵەم بدرێ. ژیان و مەرگی "ژان پۆل مارا"ش بەشێوەی "شانۆ لە نێو شانۆ"دا یان "نمایش لە نێو نمایش"دا خراوەتە ڕوو، دوای سیی ساڵ لە مەرگی "مارا" و لە لایەن "مارکیز دی ساد" و لە بیمارستانی "چارنتن" پێشکەش کرا. ئەم شانۆگەرییە بۆ یەکەم جار لەسەر شانۆی "شیلەر" و لە بەرلین و لە (٢٩)ی نەورۆزی (١٩٦٤)دا نمایش کرا.. جگە لە دەرهێنانێکی دیکەی "پیتەر برووک" لە (٢٠)ی خەرمانانی هەمان ساڵدا.

## پاشخانێکی مێژوویی

بەر لەوەی "دی ساد" لە گرتووخانەکەی "ڤینیس" و زیندانی "پاستیل" لە پاریسدا بگیرێ.. ئەو کاتەی کە هێشتا لە "لاکوست" بوو، نیشتەجێی هەمیشەیی خۆی، چەندان شانۆگەری ئامادە کرد و دەری هێنان. لە ماوەی ئەو سیازدە ساڵەی بەندییەتی، واتا لە تەمەنی (٣٣) تا (٤٦) حەڤدە شانۆگەری و دەیەها شاکاری دیکەی نووسی. دوای چەند ساڵێکی دیکە چەندان تراژیدیا و کۆمیدیا و ئۆپێرا و پانتۆمایم و شانۆگەری/یەک پەردەیی/خستە بەردەستی خەڵکی. لەو هەمووانە تەنیا شانۆگەرییەکی "مەینەتی بەربەڕەڵایی" ناو بوو خرایە سەر شانۆ.. لەو کاتەی کە لە دەرەوە ئازاد بوو.. واتا لە میانەی (١٧٩٠) تا (١٨٠١).. وەلێ ئەم شانۆگەرییەش بەگۆبەند کۆتایی هات و ڕاگیرا.

لە ساڵی (١٨٠١)ەوە تا (١٨١٤) ئەو ساڵەی کە تیایدا مرد "ئاغای دی ساد" لە نەخۆشخانەی "چارنتن" مایەوە.. ئەو بیمارستانەی کە جێی کەسانی شێت و ناتەواو و کەم عەقڵان بوو.. بۆ ماوەی چەند ساڵێک و هەر لەوێدا هەلی بۆ ڕەخسا کە لەگەڵ ئەو نەخۆشانەدا چەندان شانۆگەری بسازێنێ و زۆر جاریش هەر خۆی دەبوو بەئەکتەر.

بەپێی بۆچوونی (جەی. ئێل. کاسپەر) لە کتێبەکەیدا "دیاردەکانی نوژداریی فەڕەنسی" کە لە ساڵی (١٨٢٢)دا و لە "لایبزگ" دەرچووبوو بەم جۆرە دەڕوانێتە "چارنتن" کە گوایە چارنتن مەڵبەندێک بووە بۆ کەسانێک کە لە ڕێ لادەر و بەدڕەفتار و ناتەبا بوون لەگەڵ دابونەریتی کۆمەڵ.. هەتا گەر شێتیش نەبووبن. کەسانێکی وای تیا بووە کە گوناهەکانیان هی ئەوە نەبووە بخرێنە بەردەمی دادگا و سزا بدرێن،



هەندێکیان لەسەر مەسەلەی ڕامیاری قورس گیرابوون.. هەندێکی دیکەشیان وا درابوونە قەڵەم کە ئەندامی نەگریس و چەپەڵن لە کۆمەڵ.

ئەو شانۆگەرییانەی کە "ساد" پێشکەشی دەکرد مایەی خۆشی و بەزمی خەڵکانی پاریس بوو چونکە تیایدا چی دیمەن و حاڵەتی سەیر و سەمەرەی داڕووخانی ئەخلاقی کۆمەڵگای ئەو سەردەمە هەبوون پیشانی دەدا.

زۆربەی کارەکانیشی لە شێوەی خوتبەیەکی ئاسایی، بەڵام توندوتیژ دەهاتنە بەرچاو.. وەلێ لە هەموو حاڵەتێکدا چاونەترسی و بوێری "دی ساد"ی دەردەخست. ڕوانینیشی بۆ دراما لەو دوو نووسینەیدا دەردەکەوێ کە لە ژێر سەردێڕی "گفتوگۆیەک لە نێوان قەشە و مرۆڤێک لە سەرەمەرگدا" و لەگەڵ نووسینێکی دیکەی بەناوی "فەلسەفەی پێخەف" ئەم چەمکەش لە شێوەی دیالۆگێکی پڕ لە فەلسەفە و شیکردنەوەدا بەرجەستە دەبێ هاوتا لەگەڵ هەندێ لە نمایشتی قورسی وا کە تا ئەوپەڕی کەڵک لە جەستەی بنیادەم ببینێ. ئەم گرنگیدانە بەوێنە و دیمەن لە ڕۆمانەکانیشی بەدی دەکرێ بەتایبەتی کاتێ ڕووداوەکان دەخاتە بەرچاو.. بەشێوەیەکی زۆر ڕووت و نائاسایی.

بەڵام پێوەندی نێوان "دی ساد" و "مارا" کە لەم شانۆگەرییەدا بەدی دەکرێ پێوەندییەکی دەستکرد و خەیاڵییە و لە واقیعدا ڕووی نەداوە.. تەنیا ئەوە نەبێ کە لە پرسەی "مارا"دا "دی ساد" وتەیەکی خوێندووەتەوە. وەلێ سەبارەت بەپێوەندی نێوان "مارا" و "ساد" ئەم پێوەندییە جێی گومانە.. سەبارەت بەو وتەیەش کە لە پرسەکەدا خوێندوویەتییەوە خۆی لە خۆیدا بۆ ئەوە بووە ملی خۆی لە پەتی

قەنارە ڕزگار بکا. چونکە "دی ساد"یش ناوی لە لیستەی لە سێدارە دراوەکان نووسراوە.

بەڵام ئەوەی لای من گرنگە و سەرنجم ڕادەکێشێ جیاوازی لە بۆچوونی ئەم دوو زاتەیە "مارا و ساد"، بۆیە من حەزم کرد لەم شانۆگەرییەدا بەیەکیان بگەیەنم.. چونکە ململانێ و ناکۆکییەکی گەورە لە نێوان (مارا و ساد)دا بەدی دەکەم.. "دی ساد" تا ئەوپەڕی باوەڕی بە زات و تاکڕەوی "فەردیەت" هەیە و "مارا"ش بانگەوازی گۆڕانی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی دەکا.

خۆ "دی ساد"یش باوەڕی بەشۆڕش هەبوو.. بگرە زۆربەی کارەکانی بۆ ڕیسواکردنی چینی گەنیوی دەستەڵاتداران بوو.. گەرچی لە زەبر و زەنگی ئەو چینەش تۆقی بوو. دەتوانین بڵێین "دی ساد" هەڵوێستی ناوەڕاستی گرتبوو.. واتا نە باری یەکەم و نە دووەم.. بەڵکو باری سێیەم، وەک نموونەیەکی سەردەم، هەرچەندە دوای بەرەڵاکردنی لە بەندیخانە و لە ساڵی (١٧٩٠)دا بۆ ماوەیەک لە "ئەنجومەنی نیشتمانی" کاری کرد و بوو بەسکرتێری ناوچەی "پیک" و پاشانیش بوو بەسەرپەرشتیاری نەخۆشخانە و دواییش دادوەر.. وەلێ هەر تەنیا و دوورەپەرێز مایەوە و نەیدەتوانی لەگەڵ خەڵکی ڕێک بکەوێ.. چونکە بەڕاستی ساڵانی بەندێتی بەتەواوی شەکەت و ماندووی کردبوو.

کاتێ هاواری دەکرد ڕژێمی کۆن غەدری لێ کردووە و تێکی شکاندووە.. ئەم هاوارەی بۆ ئەوە نەبوو گوایە پاڵەوانە و شانازی بەخۆیەوە دەکا.. چونکە ئەو لەسەر مەسەلەیەکی ڕامیاری نەگیرابوو، بەڵکو بەوە گوناهبار بوو کە لە ڕێ لادەر و بەدڕەوشت و لە ڕووی سێکسیشەوە ناسازە.. جا بۆیە نووسینەکانیشی لەم بوارانەدا وای



کرد کە فەرمانڕەوا تازەکانیش هەر بەهەمان شێوە تاوانباری بکەن.

گەر "دی ساد" خۆی بەشۆڕشگێڕ زانیبێ، ئەوە لە ڕوانگەیەکی جیاوازەوە بووە.. وەک لەو نامەیەدا دەردەکەوێ کە لە ساڵی (١٧٨٣)دا لە بەندیخانەوە بۆ ژنەکەی ناردوویەتی و تیایدا دەڵێ:

"تۆ دەڵێی جۆری بیرکردنەوەی من ئەوەندە سەیرە کە کەس پێی ڕازی نابێ و بەکەسیش قووت نادرێ. وایان وتووە.. بەڵام ئەوەیان چ نرخێکی هەیە؟ ئەو کەسە شێتە گەر بیەوێ بیر و بۆچوونی خۆی بۆ خەڵکی تر ڕوون بکاتەوە.. جۆری بیر و بۆچوونی من دەرئەنجامی لێکدانەوە و ڕامان و بیرکردنەوەیەکی بەردەوامە، ئەمەش تەنیا پێوەندی بەخۆمەوە هەیە.. پێوەندیی بە ژیان و داهێنانمەوە هەیە، قەتیش ناتوانم بیگۆڕم. هەتا گەر بشتوانم نایکەم. ئەو ڕێڕەوەی من کە ئەوانی پێ سەغڵەتن تاکە تەسەللا و سێبووری منە لە ژیان.. هەر ئەوەش بوو ئازار و خەمی ساڵانی بەندێتی لە لا سووک کردم. هەر تەنیا ئەوەش مایەی خۆشنوودی و ئاسوودەگیم بوو. ئەوەیانم لە ژیانی خۆم پێ بەبایەخترە، مەینەتی من لە چۆنیەتی بیرکردنەوەی خۆمدا نییە.. بەڵکو لە چۆنیەتی بیرکردنەوەی خەڵکانی ترە."

کەواتە کارێکی گرانە داوا لە "دی ساد" بکرێ بۆ بەرژەوەندی کەسانی دیکە خۆی بە کوشتن بدا، هەر ئەوەش بوو وای لێ کرد لە دوو حاڵەتی دژواردا بژی: لە لایەکەوە هەڵوێستی ڕادیکاڵیانەی "مارا"ی پێ پەسەند بوو.. واتا مەسەلەی "گۆڕانی بنبڕ"، کەچی لە لایەکی دیکەوە لە "تۆتالیتاریانیزم" دەترسا.. واتا لەوە دەترسا تاک بکەوێتە ژێر باری سیستەمێکی دەستەڵاتدار.. سەبارەت بەدابەشکردنی سامانیش تا ڕادەیەک ڕاڕا و دوودڵ بوو.. تا ئەو

ڕادەیەی کە سوور بێ لەسەر ئەوەی کۆشک و موڵک و ماڵەکەی لێ نەسەندرێتەوە، زۆریش بەوە سەغڵەت بوو کاتێ کۆشکی "لاکۆست"ی لە دەست چوو، دوای ئەوەی کە تێک دراش. شانۆگەرییەکانیشی دوا هەوڵیەتی تا لە ڕەفتار و خودی مرۆڤ بگا، وەلێ لە کۆتایی ژیانیدا بەتەواوی تەنیا و دوورەپەرێز وەستا. یەکێک لە نوژدارانی بیمارستانی "چارنتن" بەم شێوەیە وەسفی دەکا "زۆر جار تووشی دەبووم، هەمیشە تەنیا هەنگاوی گرانی دەنا و جلەکانی بەریشی زۆر پەڕپووت بوون، بەڕاڕاوەکاندا پیاسەی دەکرد. قەت نەمدەدی قسە لەگەڵ کەس بکا. کاتێ دەگەیشتمە لای و سڵاوێکم لێ دەکرد زۆر بەساردی وەڵامی سڵاوەکەی دەدایەوە.. ئەوەندە سارد کە دەرفەتی نەدەدام لەگەڵیا بکەومە گفتوگۆ."

کەواتە بەیەک گەیاندنی "مارا و ساد" لەم شانۆگەرییەدا دەستکردە و من مەبەستم بووە.. بەتایبەتی لە دوا ساتەکانی ژیانی مارادا. بەڵام هەڵوێست و بۆچوونی مارای نێو شانۆگەرییەکە کتومت هەمان هەڵوێستی واقیع و ژیانی خۆیەتی. هەروەک لە شانۆگەرییەکەدا دیارە "مارا" بۆ چەندان سەعات لە نێو بانیۆیەکی پڕ لە ئاودا ڕادەکشا تا ئازاری ئەو گەڕی و گولییەی کەم بێتەوە.. ئەم نەخۆشی پێستەش کە تووشی ببوو حاڵەتێکی سایکۆسۆماتی" بوو.. لە ژووری تاریک و نوتەکدا خۆی دەشاردەوە.. تا ڕۆژی شەممە لە بەرواری (١٣)ی پووشپەڕدا و لە ساڵی (١٧٩٣)دا ئەو ڕۆژەی کە "شارلۆت کۆردی" سێ جار سەری لێ دا و پاشان دایە بەر خەنجەر.

وتەکانی نێو شانۆگەرییەکەش هەمان ئە وتانەن کە "مارا" لە دوای خۆی بۆی بەجێ هێشتووین، ئەوەی وتوومانە سەبارەت بەبوون و ژیانی لە درۆ بەدوورە.



بۆ نموونە: ئەم لە تەمەنی شانزە ساڵیدا سەر هەڵدەگرێ و ماڵی خۆیان بەجێ دێڵێ، دەبێ بەقوتابی نوژداری و چەندان ساڵیش لە ئینگلتەرە دەمێنێتەوە، بوو بە پزیشکێکی بەناوبانگیش، خەڵکی دانی بەوەدا نا کە زانایە و هەموو کۆمەڵیش ڕێزی ئەم زانست و توانستەی گرت، دوای ماوەیەکی زۆر چووە پاڵ شۆڕش و چی توانای هەبوو لە خزمەتی ئەو شۆڕشە تەرخانی کرد تا وای لێ هات بکەوێتە سەرزەنشت و ڕەخنەگرتن لە کۆمەڵ. وەلێ لە زۆر حاڵەتدا دەبووە قۆچی قوربانی چونکە تا بڵێی توندوتیژ بوو.. لە هەڵچوون و داچوون نەدەکەوت.

هەر لە سەرەتای ئەم سەدەیەوە زۆر لە نووسەرانی وەک "ڕۆسبرۆی" و "باکس" و "گۆتسچۆک" هەوڵیان دا سەرلەنوێ چاوێک بەهەڵوێستی مارادا بخشێننەوە و دانیشیان بەوەدا نا کە زیرەکە و لە ڕووی ڕامیاری و زانیاریشەوە هەر زیرەک و وردبین بووە. بەڵام مێژوونووسانی بۆرژوای سەدەی نۆزدەم توانییان بەشێوەیەک "مارا" بخەنە بەرچاو کە گوایە یەکێک بووە لە خوێنمژانی شۆڕشی فەڕەنسی، ئەمەشیان سەیر نییە گەرچی ئەم مەیلی چەپڕەوی هەبووە.. بەڵام تا ڕادەیەک خۆی لە قەرەی دیکتاتۆرییەت داوە.. گەرچی ئەم هاواری دەکرد و ناڕەزایی دەردەبڕی و دەیوت "دیکتاتۆر.. دەبێ ئەم وشەیە نەمێنێ و بنبڕ بێ، من ڕقم لە هەموو شتێک دەبێتەوە کە پێوەندی نێوان ئاغا و خزمەتکار، چەوسێنەر و چەوساوەم بیر بێنێتەوە." بەڵام گەر ئەمڕۆ ئاوڕ لە هەڵوێستی مارا بدەینەوە دەبێ بەیەکێ بەمریدانی بیری سۆشیالیست حسێبی بۆ بکەین.. گەرچی ڕوانین و تیۆرە کۆمەڵایەتییەکانی سەبارەت بەگۆڕان پڕ بوو لە خڵتە. تا ڕادەیەک کە وای لێ کرد لە ئامانجە ڕامیارەکەی دوور بکەوێتەوە. لەم شانۆگەرییەشدا خستوومانەتە پاڵ "جاک ڕۆ"ی کۆنە قەشە کە لە

نارِەزایی و پێ داکوتان مەیلی زۆری بۆ ئاسایش لە "مارا"شی تێپەڕ کردووە. گوێمان بەوە نەدا، کە مارا لە ساڵانی دوایی و بەر لە مەرگی لە "جاک رۆ" دوور کەوتەوە، بەڵکو مەسەلەکە هی ئەوە بوو کە ئەم سەرزەنشتی "رۆ"ی دەکرد لەبەرئەوەی لە زەبر و زەنگی بەردەوام هەڵدەهات و خۆی دەشاردەوە. کەواتە "رۆ" شۆڕشگێڕێکی توندوتیژ بووە و هەمیشە هانی هەموو هەڵوێستێکی توندی داوە تا چڵەپۆپە.. بۆ ماراش بووەتە نموونەی منی باڵا" کە هەموو تیۆر و ڕوانینەکانی لەسەر ئەو پێوەرە بنیات ناوە.

هەروەها "دۆبرێ"ش کە جێگری کۆمارییەکان بووە بەشێوەیەکی زۆر سەربەستانە خراوەتە ڕوو، لەم شانۆگەرییەدا وەک هەزارەها هاوەڵی تر نیشتمانپەروەرێکی "موحافیز"ە دەبوو عاشقی "کۆردی"یش بێ دوای ئەوەی "تۆرنێ"مان لادا کە عاشقێکی ڕاستەقینەی "کۆردی" بوو لەگەڵ پیاوانی پادشا لە "کێن"ەوە ڕووەو "کۆبلنز" بارگە و بنەی تێک نا و ڕەوی کرد. ئەم لابردنەی "تۆرنێ"ش هەر لەسەر ئەو ئاستە بوو کە تا ئەو کاتە شۆڕشەکە جێی گومان بوو کەچی "دۆبرێ" ئامادە بوو لە پێناو "کۆردی" سەری خۆی دانێ.

بەڵام سەبارەت بە"کۆردی" هیچ کەسی بەلاوە مەبەست نەبوو، بەڵکو سەرشێتی بەئەنجام گەیاندنی پیلانەکەی خۆی بوو، ئەم لەسەر ژیانی تەنیایی و ڕەبەنی و دوورەپەرێزی "ڕۆحیانەی" خۆی ڕاهاتبوو.. عومرێکی لە "دێرەکان" بەسەر بردبوو، کە لە خەڵوەتەش هاتە دەرێ خەونی بەوەوە دەدی ببی بە"ژان دار" یا "جودیس" بەو نیازەی ئەویش ببێ بەیەکێ لە ئافرەتە پاکیزەکان.

"پیتەر ڤایس"



چەوساندنەوە و لەناوبردنی – مار – کە وەک لەلایەن
نەخۆشەکانی بیمارستانی – چارنتن – و لە ژێر
چاودێری – مارکیز دی ساد – پێشکەش کرا"

## درامایەکی دوو پەردەییە

**کارەکتەرەکان:**

١- **مارکیز دی ساد**: تەمەنی شەست و هەشت ساڵە، زۆر قەڵەوە، قژێکی ماش و برنجی و دەموچاوێکی بێ چرچ و لۆچ. لەشیشی قورسە و گران دەجوڵێ. تاو نا تاوێ هەناسەی سوار دەبێ،.. وەک کەسێک تەنگەنەفەسی لەگەڵدا بێ. جلەکانی بەری بە بەهان.. بەڵام کۆن و پەڕپووتن. پانتۆڵێکی کورت و سپی لەبەردایە و ڕاست و چەپ بە قایش بەستوویەتی. کراسێکی سپی و قۆڵ فشی لەبەردایە و پێشەکەشی بەنەخش چندراوە. هەردوو قۆڵی کراسەکەشی بەقەیتان شەتەک دراون. جووتێک پێڵاوی سپی بەئاوزەنگی لە پێدایە.

٢- **جان پۆل مارا**: تەمەنی لە دەوروبەری پەنجایە و بەدەست نەخۆشی پێستەوە دەتلێتەوە.. واتا گەڕ و گولە. خۆی لە پارچە خامێکی سپی لوول داوە و نێوچەوانیشی بەپارچە پەڕۆیەکی سپی بەستووە.

٣- **سیمۆن ئیڤرا**: دۆستی مارایە.. زۆر دیار نییە تەمەنی چەندە. ئەمیش وەک ئەکتەرێ بەرۆڵی خۆی هەڵدەستێ و جلی خەستەخانەی لەبەردایە، جگە لە بەرکۆش و ڕەفتەیەک.. کە دەوەستێ کووڕ دیارە. شێواوانە دێت و دەچێ.. دیارە کە گیر و ئاڵۆزە. ئەگەر هیچ ئیشێک شک نەبا هەمیشە پەڕۆکێک لە نێو



دەستیدا هەڵدەگلۆفێ. ئەگەر کەم دەرفەتێکیشی بۆ ڕێک بکەوێ پەڕۆی سەر نێوچەوانی مارا دەگۆڕێ.

٤- **شارلۆت کۆردی**: تەمەنی بیست و چوار ساڵە، جلەکانی بەریشی لە بلووزێکی تەنکی سپی شاهانە بابەت، یەکێ لەو بلووزانەی سینە و مەمکی ئافرەت ناشارێتەوە.. بەڵام شاڵێکی زۆر تەنکی بەسەر داداوە، قژە درێژ و خورماییەکەی بەسەر لاملی ڕاستیدا بەرداوەتەوە. چەکمەیەکی قایشی پاژنە بەرزی مەیلەو ئاڵی لە پێدایە. کە دێتە سەر شانۆ شەفقەیەکی بە شریت پەیوەستی پێدا شۆڕبووەتەوە. هەمیشە دوو سستەری بەدواوەیە کە چاوەدێری دەکەن و دەست دەدەنە ژێر باڵی، قژی دادەهێنن و جلەکانی بەری ڕێک دەخەن، وا دەڕوا بەڕێوە وەک کەسێک بەدەم خەوەوە بڕوا بەڕێوە.

٥- **دوپیرێ**: جگە لە جلی خەستەخانە هێلەکێکی کورت و پانتۆڵێکی خواری کورتی تا سەر ئەژنۆی لەبەردایە. جلەکانی ئەمیش سپییە و هەندێک ڕازاوەتەوە. دوپیرێ هەموو فرسەتێک دەقۆزێتەوە تا وەک عاشقی کۆردی خۆی پیشان بدات.

٦- **جاک ڕۆ**: کۆنە قەشە بووە.. ڕادیکاڵییەکی سەر بەڕوانینێکی سۆشیالیزمانە. کراسێکی سپی، تایبەت بەخەستەخانەی، لەبەردایە.. لەگەڵ بەدلەیەک کە هەر دەڵێی بەرگی قەشەیە لەبەریدا. هەردوو سەردەستی کراسەکەشی بەقەیتانێک شەتەک دراون.. ئەم جلوبەرگە ناچار و ناڕەحەتی دەکا و ناهێڵێ بەکەیفی خۆی بجووڵێتەوە.

٧- **چوار گۆرانیبێژ**: کۆکۆل.. باص (دەنگ) پۆلپۆخ...... باریتۆن

(دەنگ) کوکوروکو......... تێنەر (دەنگ) ڕۆسینۆل........... سۆپرانۆ (دەنگ).

ئەوانە هەندێ جار ڕۆڵی کۆمیدییانە و گاڵتەجاڕ دەبینن و هەندێ جاریش ڕۆڵی کەسانی ڕەمەکی و میللی. ئەوانیش جلی خەستەخانەیان لەبەردایە، بەڵام بەسەر ئەو جلانەدا گەلێ پارچەی سەیر و عەنتیکەیان لەبەر کردووە کە مایەی پێکەنینە.. جگە لەو شەفقە تایبەتییەی لە سەردەمی شۆڕشدا لەسەریان دەنا. ڕۆسینۆل قایشێکی سێ ڕەنگی لە پشت ئاڵاندووە و شمشێرێکی پێدا شۆڕ کردووەتەوە.. بەم شێوەیە دەوری "ماریانا" دەبینێ. ئەم کۆمەڵە هەندێ جار گۆرانی دەڵێن و دەنگیان خۆشە و هەندێ جاریش بەپانتۆمایم دەکەونە سەر بەزمی نواندن. ئیقاعی دەنگەکان بەم جۆرەیە:

**کۆکۆل**: باص (Bass): دەنگێک گڕ و بەهێز.. قووڵ و نزم لەسەر نەزمی قەرار.

**پۆلپۆخ**: باریتۆون (Baritone): دەنگێک پیاوانە و لە "باص" بەرزتر و لە "تێنەر" نزمتر.

**کوکوروکو**: تێنەر (tenor): سەدایەکی بەرز.. بەرزترین سەدای دەنگی پیاوانەیە.

**ڕۆسینۆل**: سۆپرانۆ (Soprano): بەرزترین ئاستی دەنگی ژنانەیە.

**نەخۆشەکان:**

گەلێ ڕۆڵی جیاواز دەبینن: کەسانی لاوەکی، کۆمەڵێ دەنگی جیا، ئەکتەرانی پانتۆمایم.. کۆرس. بەپێی پێویست خۆ دەگۆڕن: هەندێ جار جلی خەستەخانەیان لەبەردایە و هەندێ جاریش جلی زۆر سەرەتایی و ڕەنگاوڕەنگ.. بەڵام ڕەنگەکان تۆخ و دژ بەیەکن، ئەوەش



کە دەوری بۆ نەمێنێتەوە بەهەندێ ڕاهێنان و جموجووڵ هەڵدەستێ. بەم چەشنە بوونیان لە دواوەی شانۆکە دەبێ بەتەواوکەری کەشوهەوای نمایشتەکە. هەندێ جار بەشێوەیەکی ئاسایی دەجووڵێنەوە.. هەندێ جاریش لە شێوەیەکی بازنەییدا دەخولێنەوە و دەکەونە بازبازێن، لەبەر خۆیانەوە بەمنگە منگێکەوە دەدوێن.. یا دەگرین و دەلاوێننەوە... یا دەزریکێنن.. هتد.

**جاڕچی**: بەسەر جلی خەستەخانەدا کراسێکی درێژی لەبەر کردووە. کە پتر گاڵتەجاڕێک "لیبوک" لەبەری دەکا. زەنگوڵەیەکی بەشەفقە دوولاییەکەدا شۆڕ کردووەتەوە لەگەڵ چەندان شتی بە باقوبریق کە هەر لە پوولەکە دەچێ، چەندان شتی سەیر و سەمەرەی بەخۆیەوە کردووە کە هەر کاتێ بیەوێ دەیکا بەتەقە تەق و هەرایەک نەبێتەوە.. گۆچانێکی ڕازاوەشی گرتووە بەدەستەوە.

**پێنج مۆسیقاژەن:**

نیشتەجێی هەمیشەیی ئەو بیمارستانەن. سپی پۆشن. هارمۆنیۆم و فلووت و عود و بووق و تەپڵ ژەنن.

**برینپێچەکان:**

جلەکانی بەریان لەیەک دەچێ و ڕەنگێکی خۆڵەمێشی کراوەن.. هەریەکە و بەرکۆشێکی بەسەردا لەبەر کردووە کە پتر وایان لێ دەکا لە قەساب بچن.. هەریەکە و دارێک یان قیرپاچێکی لەبەر باخەڵی بەرکۆشەکەی ناوە.

**پەرەستارەکان:** جلەکانی ئەوانیش خۆڵەمێشییەکی ڕەنگ کراوەن و بەرکۆشی درێژیان بەسەردا لەبەر کردووە.. یاخەی کراسەکانیشیان ڕێک بۆ سەرەوە وەستاوە.. شەفقەی سپییان لەسەرناوە. هەریەکە و چەپکێ گوڵی بەدەستەوەیە. ڕۆڵی ئەمانیش لە لایەن کۆمەڵێ پیاوی وەرزشەوان ئەنجام دەدرێ.

**کۆلێ:** بەڕێوەبەری بیمارستانە، جلەکانی بەریشی زۆر ڕێکە.. ڕەنگێکی خۆڵەمێشی کراوەن. پاڵتۆیەکی لەبەر کردووە و شەفقەیەکی قووچیشی لەسەر ناوە.. چاویلکەیەک لەسەر لووتی گیرساوەتەوە و گۆچانێکی بەدەستەوەیە کە یارمەتی ڕۆینی دەدا .. هەمیشە حەز دەکا لاسایی هەڵسوکەوت و ڕۆینی ناپلیۆن بکاتەوە.

**ژن و کچی کۆلێ:** بەیەکەوە شێوەیەک یان تابلۆیەکی ڕەنگاوڕەنگ وەردەگرن.. لە وەنەوشەییەکی کاڵەوە بەرەو خۆڵەمێشییەکی بەبریقە.. هەردووکیان خۆیان لە خشڵ و زێڕ و زیو داوە.



## پەردەی یەکەم

زایەڵەی زەنگی کڵێسای بیمارستانەکە (شێتخانەکە) لە پشت شانۆوە دێتە بەرگوێ. پەردە دەکرێتەوە.

١

کۆمەڵە بوون

لەسەر تەختەی شانۆکە کە "بیمارستانە" شوێنێکی تایبەت بەخۆشۆرین دیارە. لە ڕاست و چەپیشەوە "بانیۆ" و "دووش" دەبینین. بنەبانی شانۆکەش پیپلیکەئاسایە و چەندان تەختە و مێزیش بۆ مەبەستی لەش شێلان "مەساج" دانراون. لە ناوەڕاستی شانۆکەشدا چەندان تەختەی تر بۆ ئەکتەر و سستەر و برینپێچەکان ڕیز کراون. تا بەرزایی دە پێ دیوارەکان بە کاشی سپی داپۆشراون. لەسەری سەرەوە چەندان پەنجەرە و کلاوڕۆژنە بەدیوارەکانەوە دیارن. لە بەردەم پلیکانەکان و بەچوار دەوری بانیۆکان هەیکەلێکی ئاسنین قوت بووەتەوە.. هەیکەلە ئاسنینەکان بوونەتە چەپەر و دیوار. هەر چەپەرێکی بەردەم پێپلیکانەکان پەردەی پێوەیە و لە کاتی شاردنەوەی نەخۆشەکان و نەبینینیان دەتوانرێ دابدرێتەوە. لە پێشەوە و لە ناوەڕاستی تەختەی شانۆکە شوێنێکی بازنەیی بۆ نواندن خۆش کراوە. بەدەستە ڕاست و بەسەر سەکۆیەکەوە بانیۆکەی "مارا"یە، بەدەستە چەپیشەوە کورسییەکەی "ساد"مان لێوە دیارە. لە پێشەوە و بەدەستە چەپدا سەکۆیەکی تۆزێ بڵند بۆ "کۆلیە" و خێزانەکەی دانراوە. لەوبەر و بەدەستە ڕاستدا و لەسەر سەکۆیەکی دیکە

مۆسیقاژەنەکان وەستاون.. تەیار و ئامادە. "ساد" سەرقاڵە و لە دوا ساتی خۆ ئامادەکردندایە بۆ هاتنە ژوورەوەی ئەکتەرەکان. برینپێچ و چاودێرانی نەخۆشخانەکانیش خەریکی کاری ڕۆژانەی خۆیانن.. هەر لە شۆرین تا شێلان. لە دواوەش.. نەخۆشەکان لەسەر پێپلیکەکان دانیشتوون.. هەندێکیشیان پاڵکەوتوون. " ساد" ئیشارەتێک دەدا . لە دواوە و بەدەستە ڕاستدا و لە دەروازەیەکی لاتەنیشتەوە ئەکتەرەکان دێنە ژوورێ، " کۆلیە " و خێزانەکەی بەپێشیان کەوتوون و جگە لە کۆمەڵێ سستەر و چاودێرانی نەخۆشەکان، هەموو نەخۆشەکان هەستانەوە سەر پێ. قەرەباڵغییەکەش دێتە پێشەوە. زەنگی بیمارستانەکەش هەر زرنگەی دێ.

"مارا" خۆی لە خامێکی سپی لوول داوە و "سیمۆن" دەستی گرتووە و بەرەو لای بانیۆکە دەبیا . "کوردی"یش، هیلاک و ماندوو، دوو سستەری لاوەیە و یارمەتی دەدەن لەسەر تەختە درێژەکە دابنیشێ.

کە "کۆلیە" دەگاتە شوێنی نواندنەکە "دۆبێریە" "رۆو" و هەر چوار گۆرانیبێژەکە.. هەریەکە و شوێنی خۆی دەگرێ. جاڕچی لە ناوەڕاستی شانۆکە دەوەستێ. "ساد" لە تەنیشت کورسییەکەی خۆیەوە دەوەستێ. زرنگەی زەنگ کپ دەبێ.

"کۆلیە" و ئەو خەڵکەی بەدوایەوە بوون لە شوێنی نواندنەکە نزیک دەبنەوە."کۆلیە" دەچێتە نێو بازنەکە. نەخۆشەکانی دواوەش زۆر بە دوودڵییەوە وەستاون. یەکێکیان لە نەخۆشەکان دوور دەکەوێتەوە و شوێنێکی لاتەریک دەگرێ، یەکێکی دیکە هەردوو باڵی کردووەتەوە و لەسەرخۆ دێتە پێشەوە و هەنگاو دەنێ.

دەنگی شەیپوورێک "بووق"ێک دێتە بەرگوێ.



## ٢

## سەرەتا و دەستپێکردن

**کۆلیە:**

من وەک بەڕێوەبەرێکی ئەم بیمارستانی "چارنتۆن"ە
بەخێرهاتنێکی گەرمتان دەکەم.. ئا لەم سالۆنە
زۆر سوپاسیش بۆ ئاغای "دی ساد"
کە ئەم شانۆیەی نووسی پێشکەشتانی دەکات
بەهیواین.. بۆ ئێوە خۆشی و تەسەللا بێ
بۆ نەخۆشەکانیش عەقڵ و شیفا بێ
ئەوانە بەر لەوەی بێنە ئێرە
هیچ کامیان سەر تەختەی شانۆی نەدیوە
ورد ورد.. بەمیهرەوە گوێمان لێ بگرن
هەر کەموکوڕییەک هەبوو.. ببوورن
وەلێ دڵنیاتان دەکەم کە هەریەکێکیان
ئەوپەڕی توانای دەخاتە بەرچاوتان
ئێمەش کە ڕۆشنبیر و نەوەی ئەم سەردەمەین
حەز ناکەین..
دەرگا و پەنجەرە لەسەر هیچ نەخۆشێک داخەین
باوەڕیشمان وەهایە..
لە ڕێگەی زانست و هونەر و ئەدەبەوە
نەخۆشەکانمان چاک کەینەوە
جا بۆ ئەوەی...

بیمارستانەکە بەکاری خۆی هەڵبستێ
بەهەق پەیڕەوی بەندەکانی مافی ئینسان بکا و..
خۆی پێوە هەڵبەستێ
من یەک رام لەگەڵ ئاغا "دی ساد"
بۆ ئەم شانۆیەی لەم حەمامە تازەیە..
پێشکەشتانی دەکات
یەک رام کە ئەم هەموو کەلوپەل و ئامێرە
هەر هەموویان بۆ ساغی جەستە و بیرە
کە من ئێستا دەیانبینم.. ئا ئەلێرە
ناتوانن ئەم شانۆیە تێک دەن بەڵکو بەپێچەوانەوە..
بۆ ئەم کارە دەبن بە دیکۆر.. بە دیمەن
لەم شانۆیەی ئاغای دی ساد
دەیەوێ پیشانمان دا..
"جان پۆل مارا" چۆن دەمرێ
چۆن لە نێو بانیۆکەیدا چاوەڕێ دەکا
بەر لەوەی "شارلۆت کۆردێ"
لە دەرگا بدا و بێتە ژوورێ..



## ٣

## خۆ ڕێکخستن

(کابرایەکی جارچی سێ جار گۆچانەکەی لە زەوی دەدا و ئاماژەیەک بۆ "ئۆرکێستراکە تیپی مۆیسقاکە" دەکا.)
بەم بۆنە تایبەتییەوە سەدای مۆسیقاکە بەرز دەبێتەوە.
"کۆلیە" لە ژن و منداڵەکانی نزیک دەبێتەوە.
"دی ساد"یش دەچێتە سەر سەکۆکەی خۆی.
"مارا"ش دەخرێتە نێو بانیۆکەی
"سیمۆن"یش بەپارچە پەڕۆکێک سەری مارای توند بەستووە.
سستەرەکانیش دەکەونە ڕێکخستنی جلەکانی "کۆردی"
هەر هەموو خەڵکەکەش وا دەوەستن کە بەیەکەوە
تابلۆیەکی پاڵەوانانە دەسازێنن.)

*(سەدای مۆسیقاکە نامێنێ)*

٤

## پێشکەش کردن

(کابرای جارچی سێ جاری تر بەگۆچانەکەی دەستی لە زەوییەکە دەدا)

**جارچی**: ئەو زەلامەی هەر ئێستا چووە نێو بانیۆکە..
"مارایە"
سەیری کەن .. سەیری ئەو سەر و سیمایە
(*بەگۆچانەکەی ئاماژەیەک بۆ مارا دەکا*)
لە پەنجا تێ پەڕیوە و.. ماوە
بەپەڕۆکێک سەری خۆیشی پێچاوە
(*ئاماژەیەکی سەربەستەکە دەکا*)
لەشی دەڵێی ئاگرە.. وەک پەنیریش زەرد بووە
(*ئاماژەیەک بۆ ملی*)
دەموچاوی.. لەش و لاری..
بەم نەخۆشییە تێک چووە
مەگەر تەنیا بەم ئاوە.. گڕی لەشی دامرکێتەوە
(*ئاماژەیەک بۆ بانیۆکە*)
نەشهێڵێ "تا"کەی بەرز بێتەوە
(*مارا قەڵەمەکەی دەردێنێ و دەست دەکا بە نووسین.*)
بۆ ئەم دەورە زۆر گرنگەش زەلامێکمان هەڵبژاردووە
زەلامێکی زۆر نەخۆش..
وا هەست دەکا هەموو خەڵکی زوڵمیان لێ کردووە



زانستییانە و .. هەر بەئاو.. چارەیەکمان بۆ داناوە
وەلێ ئێستا فەرقێکی زۆری کردووە..
لەگەڵ هیچ نەخۆشێک هەنگاوی وا پوختمان نەناوە
ئەو ئافرەتەش کە خزمەتی دەکا و.. بەدەوریا دێت و دەچێ
(*ئیشارەتێک بۆ "سیمۆن" دەکا کە لەو ساتەدا*
*دەمارگیرانە و نابەڵەدانە بەسەر "مارا"دا*
*نووشتاوەتەوە و سەربەستەکەی شل دەکاتەوە و پەڕۆکێکی*
*تر دەخاتە سەر نێوچەوانی.*)
هەڵبەت زەرەری پێ ناگا و.. ئەم سۆز و میهرەی پێ دەکەوێ
ئا ئەم ئافرەتە "سیمۆن ئێڤرار"ە و نەک "شارلۆت کۆردی"
"ماراو ئیڤرار" بوونەتە هاوسەری یەکدی
ئەم جووتە هەمان خەونیان دەدی
خەون بەدادپەروەری و.. ڕاستی
سەرەڕای ئەوەش.. هەردوو بەپارەی ژنە دەژیان
ئا ئەوەتاش شارلۆت کۆردی
چاوەڕێین بێـنە ژوورێ
(*ئاماژەیەک بۆ "کۆردی" دەکا کە لەو ساتەدا دەست*
*بەجلەکانی دادێنێ تا ڕێکی خاتەوە.. پاشان ڕەفتەکەی*
*توند دەکردەوە.*)
ئا ئەم خانمە خەڵکی "کین"ە
لە بنەماڵەیەکی گەورە و خاوەن زەوی و..
گوندنشینە

جلەکانی بەری چ جوان و پاکن
پێڵاوەکانیشی چ تازە و چاکن
دەتوانیت سەیری بکەی..
چۆن ڕەفتەکە لە گەردنی دەئاڵێنێ
(*ئاماژە بۆ ڕەفتەکە دەکا و لەم کاتەشدا "کۆردی"*
*ڕەفتەکە لە گەردنی دەئاڵێنێ.*)
بێ ئەدەبی نییە گەر وتمان
خۆ مێژوونووسانیش لەسەر ئەوە یەک ڕان
لە دونیادا کە من شۆخی وا ناسک و جوان
(*جێی خۆی خۆش دەکا و تۆزێ خۆی قیت دەکاتەوە.*)
بۆ بەدبەختی..
ئەو کچە ڕۆڵی ئەم دەبینێ
نەخۆشە.. نەخۆشی خەو و.. ماتەمینی
هەموو هیوایێکیشمان "ئەو"ە
ئەوێکی ڕۆح پڕ لە دەرد و مەینەتی
(*چاوەکانی دەنووقێنێ.. سەری بەپشتدا وەردەگێڕێ*)
بەهیوای ئەوەی بەقەد دەورەکەی گەورە بێ و
ئەو وێنەیە نەشێوێنێ
(*ڕوو دەکاتەوە "کۆردی" و بەپێ داگرتنێکەوە*)
ئا ئەوەتا .. ئاغای "دووپێریە" واهات.. ئەوەتا
(*ئاماژەی بۆ دەکا*)
بەخۆ و بەبارۆکەی تازە و..



پانتۆڵێکی کورت و ئاوریشمین لەبەردا
لەنێو هەرای پڕ لە فەلاکەت و شێتایەتی ئەو شۆڕشە
ئەم دەنگێکی مرۆڤانە و .. پڕ هۆش و گۆشە
هەرچەندە یەکێکە لە "کۆماری"یە ناودارەکان
وەلێ مریدی "مارا"یە و .. ناویشی لە لیستەی ڕەشە
تا بڵێی قۆز و سیحرباز و مەشرەف خۆشە
جیا لە هەموویان..
گەلێ ئەستەمە ئەم فەرامۆش بکرێ
(*"دووپێریە" لە "کۆردی" نزیک دەبێتەوە، بەدزییەوە*
*دەستی بۆ دەباو لەو کاتەدا جارچی بەگۆچانەکەی لە*
*دەستی دەدا. سستەرێک "دووپێریە" ڕادەکێشێتە دواوە.*)
"دووپێریە"ی ڕادیکالی..
کە سیاسەتبازێکی سەرگەرم و هەڵەشە بووە
هەر بۆیەش بەندیخانە بەشی بووە
ئەو قەشەیەش، کە هۆ لەوێ، وەستاوە
دەوری "جاک رۆ"ی پێ دراوە
(*ئاماژەیەک بۆ "رۆ" دەکا.. ئەمیش هەردوو ئانیشکی*
*دەباتە دواوە و سەری بەرز دەکاتەوە.*)
ئا ئەم کابرایە..
مرید و لایەنگیری شۆڕشەکەی "مارا"یە
وەلێ گەلێ بەداخەوە..
لەم شانۆیە – ڕەقیب – هەموو قسەکانی ئەمی قرتاند

ئەو قسانەی تێکڕای خەڵکانی دەهەژاند
چونکە بەڕای پیاوانی ڕەوشت بەرزی ئەم سەردەمە
ئەم قسانە جێی مەترسین.. وتنیان گەلێ ئەستەمە
**رۆ**: سەربەستی.. ئازادی.. سەرفرازی
(*بەهاوارێک دەم دەکاتەوە و زۆر بە توندی و تەکانێکەوە*
*هەردوو ئانیشکی بۆ دواوە فڕێ دەدا .*
*"کۆلیمە"ش پەنجەی شایەتمانەکەی لێ بەرز دەکاتەوە بەو*
*نیازەی  کە هەڕەشەی لێ بکا* ).
**جاڕچی**: خوشکان.. برایان.. ئا ئەم ئەکتەرانەی دەیانبینن
سەر بەهەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵن
(*بەگۆچانەکەی ئیشارەت بۆ نێو دانیشتوان دەکا و پاشان*
*بۆ ئەو کۆمەڵە ئەکتەرەی کە لەسەر تەختەی شانۆکە وەستاون.*)
بۆ نموونە ئەو چوار گۆرانیبێژەی وا لێرەن
هەر چواریان سەر بەچینی ژێرەوەن
وەلێ لەمەودوا ئەو دونیایە جێ دێڵن:
گەڕەکە هەرە پیس و پۆخڵەکان
کولانە و ژێرزەمینە بۆن گرتووەکان
بۆنی جن و ئارەقی هەرزان
(*ئاماژەیەک بۆ هەر چوار گۆرانیبێژەکە دەکا* )
کوکوروکو، پۆلپۆش، کۆکۆل ناوێ
"رۆسینۆل"یش چی تر لەسەر شۆستەکان ناکەوێ
(*هەریەکێکیان کە ناوی دێ شێوەی وەستانەکەی دەگۆڕێ و*



*بەوپەڕی ڕێزەوە دەنوشتێتەوە.. رۆسینۆل  بەڕێزێکی ژنانەوە*
*سەری نەوی دەکا و دەچەمێتەوە.*)
ئێستاش سەیرێکی ئەم کابرایە
خانەدانە و.. وەلێ ئەستێرەی بەختی هەڵنایە
وێڕای ئەوەی کە ناویشی زڕایە
پێنج ساڵ دەبێ، لێرە، لەگەڵ ئێمەدایە
ناویشی "دیساد"ە و کۆنە ئاغایە
ئەم شانۆیەشمان نەدەدی..
نەمان دەدی گەر ئەو بلیمەتە نەبووایە
گەلێ کتێبیشی قەدەغە کراون..
چەندان چۆلەکەی نووسینی سەربڕاون
نەک هەر ئەوەندە و بەس.
گەلێ جار جنێوی پێ دراوە.. نەفرەتی لێ کراوە..
چەوساوەتەوە
لە بەندیخانە توند کراوە و.. بۆ چەندان ساڵیش دوورخراوەتەوە
تا ئێرە و با ئەم پێشەکییە بەس بێ
با شانۆکەی "پۆل مارا" پێشکەش بکرێ
با بەرواری ئەمشەویشمان..
سیانزەی مانگی پووشپەڕی
ساڵی هەزار و هەشت سەد و هەشت بێ
لەم شەودا ..
دەگەڕێینەوە بۆ پانزە ساڵ بەر لە ئێستا

شەوێک بوو.. شەوێکی ئەبەدی و ڕووڕەش

کە ئەم کابرا نەخۆشەی گرتە باوەش

*(ئاماژەیەک بۆ "مارا" دەکا)*

ئەمشەو دەیبینن کە بریندار دەبێ و

چۆن خوێنی لێ دەچۆڕێتەوە

*(ئاماژەی سەر سینەی دەکا)*

ئەم ئافرەتەش دەبینن

*(ئاماژەیەک بۆ "کۆردی")*

چۆن خەنجەر دەگرێ بەدەستەوە..

عومری جوانی مارا لە کورتی دەبڕێتەوە

*(دەنگدانێک بۆ مارا)*

*(سەدای مۆسیقا دێتە بەرگوێ، سیستەرەکانیش دەستی "کۆردی" دەگرن و لە ناوەڕاستی شانۆکەوە ڕووەو تەختەکەی دواوە دەیبەن. "سیمۆن"یش لەسەر ڕۆخی کورسییەکە و لە پشت بانیۆکەی "مارا"وە دادەنیشێ. "ساد"یش ڕووەو لای کورسییەکەی خۆی دەڕوا و لەسەری دادەنیشێ. "ڕۆ" و دووپێریە" ڕووەو لای تەختەکە دەخزن.)*

*(هەر چوار گۆانییێژەکەش لە شوێنی خۆیان دەوەستن و بەو نیازەن کە دەنگ بۆ "مارا" بدەن.)*



## ٥

## ستایشکردنی مارا

***کۆکۆل و پۆلپۆش:***

*(هەردوو بەجووتە دەنگ هەڵدەبڕن و وەک بڵێی شیعر بخوێننەوە)*

چوار ساڵ بەسەر شۆڕشدا تێ پەڕی

کۆنە پاشا لە سێدارە درا

بیری لێ بکەرەوە.. دوای چوار ساڵ هەموو دەستوپێوەندەکەشی

یەکە یەکە پەتی قەنارەیان لە مل نرا

بۆ دوا جار چاویان لێک نا

***کۆرس:*** *(لە دواوە بەدەم گۆرانی وتنەوە دەنگ هەڵدەبڕن.)*

با هەموو ئۆرستۆقراتییەکان هەڵواسرێن

دەبا قەشەکانیش ترۆ بکرێن

با لەسەر گەزوبەزی ورگی خۆیان بلەوەڕێن

***کوکورکو و ڕۆسینۆل:*** (بەدەم وتنەوە)

دوای چوار ساڵیش کە بەدڵ دەجەنگاین

مارا وازی لە نووسین هەر نەهێنا

دوای چوار ساڵیش کە "پاستیل" هەرەسی هێنا

گڕی شۆڕش لە دڵی نەدەکوژایەوە و

.. هەر دەسووتا

***کۆرس:*** *(لە دواوە و بەدەم گۆرانی وتنەوە)*

بڕووخێ چینە زەبر بەدەستەکان

بۆ دەرەوە هەموو ژەنەراڵەکان

**رۆ:** بژی شۆڕشی چەوساوەکان

*(هەر چوار گۆرانیبێژەکە و نەخۆشەکان وەک بڵێی لە پەرستگا وەستابن بەچوار دەوری بانیۆکەی ماراوە وەستاون و تاجێک لە گەڵایان، بەرز، بەدەستەوە گرتووە.)*

نەخۆشێک *(لە دواوە)*

مارا نامانەوێ خۆمان گۆڕی تاریکی خۆمان هەڵکەنین

**نەخۆشێکی تر:** *(لە دواوە)*

مارا دەمانەوێ پۆشتە و پەرداخ بین

تێر نان و خۆراک بین

**نەخۆشێکی تر**: *(لە دواوە)*

مارا هەموو پەکمان کەوت ... نەخۆش کەوتین

ئەوەندەی وەک کۆیلە کار بکەین

**نەخۆشێکی تر**: *(لە دواوە)*

مارا دەمانەوێ، نانمان، هەرزان، دەست کەوێ

**کۆکۆڵ**: *(ئاماژەیەک بۆ تاجی گەڵێکە دەکا)*

مارا، لەم گەڵایانە تاجمان بۆ کردی

چونکە تەواو .... لە هیچ شوێنێک گوڵ نەماوە

هەمووی بۆ ژەنەراڵ و ئەکادیمی و

کاربەدەستەکان براوە

بەو نیازەی تاجە گوڵینەکان کەللەی زلیان بڕازێنێتەوە



*(تاجەکە لە سەری (مارا) دەنێن.. لە نێو بانیۆکە دەری دێنن و دوو نەخۆش دێنە بن باڵی.)*

**کۆرس:** ئەی مارای پیر و پاک

لە تەکتا وەستاوین و جێت ناهێڵین

گەر وا نەبێ با بکەوین

تۆ تەنیا کەسێکی کە بڕوات پێ بێنین

*(مارا بەسەر شانۆدا دەگێڕن. سیمۆن شان بەشان لەگەڵیا دەڕوا و بەدوو چاوی پڕ لە ڕاڕایی و دوودڵییەوە سەیری دەکا. هەر چوار گۆرانیبێژەکە و نەخۆشەکان بەجۆرێک دەجووڵێن وەک بڵێی بیانەوێ دەنگی بۆ بدەن)*

**رۆسینۆڵ:** *(ساکارانە.. بەڵام لە دڵەوە دەورەکە دەنوێنێ)*

مارا بەس خۆت بخورێنە

بەس قەتماغە هەڵکەنە و..

واز لەو برینانە بێنە

***هەر چوار گۆرانیبێژەکە بەیەکەوە:***

چوار ساڵی ڕەبەق جەنگا.. جەنگا و

جەنگا و هیچ نەترسا

ڕاوی خائینەکانی دەنا و.. ئەوانیش ڕاویان دەنا

ئەم ئەوانی ڕیسوا دەکرد و.. ئەوانیش تەڵەیان..

بۆ دادەنا

ڕۆژێ لە ژێرزەمین و.. ڕۆژێ بەردەمی دادگا

ئەوە بوو حاڵی بێ حاڵی مارا

ڕۆژێ خۆی ڕاوچی و ڕۆژێ ڕاو دەکرا
چی خانەدان و قەشە هەن.. بە ڕوویان وەستا
چینی بۆرژوا و. دڕندەکانی سوپا
هەمیشە ئامادە بووە
فرۆفێڵ و پیلانی کاسەلێسان تەفروتوونا کا
ڕژێمی مردووی گەندەڵەکان سەرەوژێر کا
گەلێ ژەنەراڵ و پێشەوای تازە هاتن
دەکەوتنە دەمەدەم و ڕووبەڕووی یەک دادەنیشتن
ملیان لەبەر ملی یەکدی دەنا و نەدەسرەوتن
نەک هەر ئەوەندە.
بەڵکو هەرزان یەکدییان دەفرۆشت و..
پێیان لە پشتی یەکدی دەنا
ملی یەکتریان دەکرد بەژێر تەورەوە و..
ئەم ئەوی تری بەگرتن دەدا
بەزمانێک هاواریان دەکرد کە کەس تێ نەگا
هاوار بۆ ئەو هەقانەی..
کە بەدەستی خوێناوی خۆمان وەدەستمان هێنا
چی سەردار و سەروەر هەبوون.. گەسکمان دا
چی قەڵای زۆرداری و بەندیخانە بوون.. تێکمان دا
گوایە دەیانوت:
دیوارەکان لە بازووتان بەهێزترن
قەت نارمێن.. قەت ناڕووخێن
ڕووخان. ڕووخان



***کۆرس و هەر چوار گۆرانیبێژەکان:***

مارا .. ئێمە هەژارین و هەرواش دەمێنینەوە و،
هەرواش دەژین.
مارا بەسە.. با لەوە پتر چاوەڕێ نەبین
هەر ئێستاکێ .. هەر ئێستاکێ
هەق و هۆقی خۆمان دەوێ
هەقمان نییە چۆن..
وەلێ با گڕی ئەم شۆڕشە هەر داگیرسێ..!

*(مارا ئاهەنگ ئامێزانە خرایەوە نێو بانیۆکەی. تاجی گەلاکەیان لەسەر سەری لابرد. سیمۆنیش سەربەست و پارچە پەڕۆکەکانی سەر نێوچەوان و دەموچاوی بۆ دەگۆڕێ. پارچە قوماشەکەی سەر شانیشی ڕێک دەخاتەوە، سەدای مۆسیقا نامێنێ، ساد بێ جووڵە دادەنیشێ و بەسیمایەکی پڕ لە گاڵتەوە سەرنجی سەر شانۆکە دەدا.)*

***جارچی:*** شۆڕش هەڵگیرسا و ڕابرد
فەوزا و دوودڵی.. جێیان بۆ ناڕەزایی خۆش کرد

## ٦

## هەرا و ئاماژەیەکی کپ کراو

**نەخۆشێک:** ئێمە هەقی خۆمان وەدەست هێنا..
هەقی ئەوەی لە برسا بمرین
**نەخۆشێکی تر**: بێ کار و پیشەش نین..
ئەوەتا دەست بەتاڵ چاوەڕێی کارێکین
**نەخۆشێکی تر**: هەمووش براین.. پیس و چەپەڵ و نەگریسین
**نەخۆشێکی تر**: هەموو سەربەست.. وەکو یەکین..
وەک یەک لەوەی وەک سەگ بمرین
**ڕۆسینۆل:** ئێستاش کە کۆمەڵێ سەرداری نوێ هاتوون
پارەمان بۆ هەڵدەدەن دەڵێن.
هانێ پارە بەبەهای ئاڵتوون
وەلێ ئەو پەڕە کاغەزەی..
بەناوی پارەوە دەماندەنێ
مەگەر تەنیا بەکەڵکی پاشەڵ سڕین بێ
*(کۆلیە لەسەر کورسییەکەی خۆی ڕاستەپێ بەرز دەبێتەوە.)*
**ڕۆ:** (لە ناوەڕاستی شانۆکە دەوەستێ)
ئاخۆ کێن ئەوانەی دەستیان بەسەر بازاڕدا گرتووە؟
کێن ئەوانەی عەمباری گەنمیان داخستووە؟
کێ بوون ئەوانەی کۆشکەکانیان تالآن کرد؟
کێن ئەوانەی بوون بە مێمڵ و دەستیان بەسەر زەویوزاردا..
گرت..؟



ئەو زەویوزار و سامانەی کە دەبووایە
بەسەر هەژارەکاندا دابەش بکرایە..؟
*(کۆلیە سەیرێکی دەوروبەری خۆی دەکا. سستەرێک "ڕۆ" ڕادەکێشێتە دواوە.)*
**نەخۆشەکان:** (لە دواوە بەیەکەوە و زۆر بەجوانی ئیقاعەکە دەپارێزن.)
کێ ئێمەی لێرە بەند کردووە...؟
بەچ هەقێک دەرگای لەسەرمان داخستووە؟
هەموو تەواو بێ غەوش و قسورین
سەربەستی خۆمان گەرەکە و لەسەری سوورین
**کۆرس:** سەربەستی.. سەربەستی.. سەربەستی
*(ئاژاوە و هەرایەک بەرپا دەبێ.)*
**کۆلیە:** (*بەگۆچانەکەی دەستی تەختەی شانۆکە دەکوتێ.*)
ئاغای دی ساد
*(دی ساد هیچ گوێی پێ نادات)*
وا تێ بگەم دەبێ بەزمانی عەقڵ بدوێم
گەر وا بڕوا چی دەقەومێ
هێشتا لە سەرەتای شانۆگەرییەکەین و
کەچی نەخۆشەکان تێکچڕژاون و دەبینم سەریان لێ دەشێوێ
تکایە هێمن بن و با چیرۆکەکەتان ئاڵۆز نەبێ
ئێستا سەردەمی جاران نییە و..
زەمان گۆڕاوە و دەگۆڕێ
دەبێ ئیمڕۆ بەچاوێکی ترەوە سەیری دونیا بکرێ

لە ڕوانگەیەکی تازە و مەوزوعیشەوە..

ستەم و بێ دادی و کارەساتە بەسەرچووەکان..

تەتەڵە بکرێ.

*(برینپێچەکان نەخۆشەکان ڕادەکێشنە دواوە. هەندێ لە سستەرەکانیش دەکەونە پێش نەخۆشەکان و بۆ هێمنکردنەوە دەست دەکەن بەوتنی ستایش و باڵۆرەی ئاینی.)*



## ٧

## کۆردی دێتە پێشەوە

(لە ناوەڕاستی شانۆکەدا "کۆردی" دەبینین، لەسەر تەختەیەکی درێژەوکانی و وەک کەسێ هیلاک بێ دانیشتووە.. سستەرەکان دەورەیان داوە و دەیانەوێ بیهێننە پێشەوە و پێشکەشی خەڵکی بکەن.)

***جارچی:*** ئەوەتا مارا.. هەڵبژاردەی گەلە و بیبینن دانیشتووە

خەون دەبینێ و.. ئێوەش گوێتان بۆ دەنگی گڕاوی..

ئەم شل کردووە

دەبینن چۆن قەڵەمەکەی لە نێو پەنجەکانیان گرتووە

دەنگ و هەرای سەر شەقامەکانیش تەواو کپ بووە

*(ئاماژە بۆ ئەو نەخشەیە دەکا کە "مارا" لە بەردەمی خۆی بڵاوی کردووەتەوە.)*

سەیری چ بەدیقەت لە نەخشەی فەڕەنسا ورد دەبێتەوە

لەو کاتەی ئێوە چاوەڕێن..

ئەم لەم شار بۆ ئەو شار.. چاوان دەگوێزێتەوە.

(سەیری دەوروبەری خۆی دەکا. لە دواوە چرپە

چرپێک دێتە بەرگوێ... تا دێ بەرزتر دەبێتەوە.)

***کۆرس:*** (بەچرپەوە)

کۆردی، کۆردی

**جارچی:** لەو کاتەی ئێوە چاوەڕێی ئەم ژنە دەکەن

مارا قیرەبڕ دەکا

*(بەگۆچانەکەی ئاماژەیەک بۆ کوردی دەکا . سەدای ئۆکێستراکەش بەرز دەبێتەوە و ئاوازێکی زۆر تایبەت بە"کۆردی" دەژەنێ کە دەتوانین ناوی بنێین مۆسیقا کۆردی)*

***جارچی:*** (چاوەڕێی سستەرەکانە تا لە خۆ ئامادەکردن و
خۆ ڕێکخستن ببنەوە.)
هیچ یەکێک لە ئێمە
هیچ کەسێک لە ئێمە
(سستەرەکان "کۆردی" ڕووەو پێشەوەی شانۆکە دەبەن)
تازە هیچ یەکێک لە ئێمە ناتوانێ ئەو چارەنووسەی بگۆڕێ
ناتوانێ ڕاز و ئارەزووی دڵ بەجێ بێنێ
تازە ئەم لە دەرەوە و لەبەر دەرگاکە وەستاوە
تەیارە و ئامادە بۆ کوشتنی ئەم پیاوە

*(بەگۆچانەکەی سێ جار زەوییەکە دەکوتێ. سستەرەکانیش کۆردی دەهێنن و لە پێشەوە و ناوەڕاستی شانۆکە ڕایدەگرن. ئەم حاڵەتە کتومت لە کەش و بۆنەیەکی ئاینی یان دابونەریتێک دەچێ. مۆسیقاکە کۆتایی دێ. سستەرەکانیش دەگەڕێنەوە دواوە.)*

***کۆردی:*** *(خەواڵووانە و بەچەشنە دوودڵییەکەوە)*
هێ مارای بەستەزمان. لە نێو بانیۆکەتدا ڕاکشاویت
لەسەر تا پاوەش نقومی ژەهراویت
*(وەئاگا دێتەوە)*
هەر لەو شوێنەی کە حەشارگەتە
ژەهر بەهەموولایەکدا پەرت دەکەی



بەخووەتەوە.. هەزارەهاش پیس و ژەهراوی دەکەی
نەک هەر ئەوەندە..
تۆ بۆ تاڵانی و کوشتن و بڕین هانیان دەدەی
مارا..
ئەوە من هاتم
من..
شارلۆت کۆردی..
لە گوندی کەینەوە
لەو شوێنەی سوپایەکی گەورەی ڕزگاری وا بەڕێوە
مارا.. من یەکەم کەسی ئەو کاروانەم..
کە هاتووم لەوێوە
*(بێ دەنگییەک.. پاشان ئاوازی مۆسیقایەک دێتە بەرگوێ.)*
جارێ لە جاران..
من و تۆ خەونمان بەوەوە دەدی
ئەم دونیایە بگۆڕی بەدونیایەکی دی
وەک خەونی ئەو گۆڕانە پیرۆزەی..
"رۆسۆ"ی مەزن حەزی دەکرد بێتە دی
بەڵام ئەفسوس..
ئەو دوو گۆڕانەی من و تۆ..
گەلێ جیاواز بوون لە یەکدی
تۆ شتێکت دەدی و من شتێکی دی
گەرچی بەهەمان وشە زارمان لێک دەکردەوە

تا ئامانج بیروڕامان، لێرە و لەوێ،
بڵاو ببنەوە
وەلێ ڕێچکەی من خواروخێچ نەبوو
کەچی هی تۆ. .
بەسەر چیایەک لە لاشەی مرۆڤدا هەڵدەچوو
ڕۆژێک لە ڕۆژان من و تۆ..
بەیەک زبان قسەمان دەکرد و..
هەست و نەستی خۆمان دەردەبڕی
بەیەکەوە و شادانە..
سترانی برایەتی و موحیببەتمان دەچڕی
وەلێ ئەو خۆشویستییەی مەبەستی من بوو
بەموو لە هی تۆ نەدەچوو
وەلێ ئێستا لەوە دڵنیام
کە جاران نەمدەزانی کوێر و نابینام
ئێستا دەتوانم تا سەر ئێسقان بتخوێنمەوە و..
چاک تێت بگەم
تا ئێرە و پێت دەڵێم نا.. دەرگا لە ڕووتا دادەخەم
مارا من هاتووم تۆ بکوژم و
تا هەموو خەڵکی ئازاد کەم..!

*(مۆسیقا کۆتایی دێ. کوردی وەستاوە و سەری شۆڕ کردووەتەوە. سستەرەکان دێن و دەیبەنە دواوە.)*



## ٨

## من شۆڕشم

**مارا:** (*بەدەنگێکی ستەمکارانەوە*)

سیمۆن .. سیمۆن ئا ڕاکە
پتر ئاوی ساردم بەسەر داکە
وەرە و زوو ئەم پەڕۆیە بگۆڕە
پەڕۆی سەر نێوچەوانی سووتاوم
ئاخ لەم لەشخۆرانە..
ئای کە بەدەستییەوە داماوم

*(سیمۆن ئامادە و تەیار لە پشت سەرییەوە وەستاوە و وەک کەسێک ڕاهاتبێ بەو کارەی خۆی هەڵدەستێ و بەجۆرە هەڵچوونێکەوە دەست دەجووڵێنێ. سیمۆنیش پەڕۆکەکانی سەر تەوێڵی بۆ دەگۆڕێ.. پارچە خامەکەش دەخاتەوە سەرشانی و پاشان بەمەسینەیەک ئاو دەکاتە ناو بانیۆکەی مارا)*

**سیمۆن:** جان پۆل مارا . دە بەسە و خۆت مەخورێنە
پێستەی خۆت داماڵی.. دەواز بێنە
نووسین بەسە و دەستی لێ هەڵگرە
شتێکی بێ خێرە و هیچ نەگرە

**مارا:** بانگەواز.. بانگەوازی من.. بانگەوازی مارایە
بانگەوازی چواردەی گەلاوێژ
بۆ گشت گەلی فەرەنسایە

**سیمۆن:** جان پۆل پتر ئاگات لە خۆت بێ.. تکایە

سەیری ئاوی نێو حەوزەکە.. خوێن ئاسایە
**مارا:** ئەوە تۆ دەڵێی چی..
حەوزێکی پڕ لە خوێن دەبێ چی بێ
لە چاو ئەو لافاوی خوێنەی کە هەڵدەستێ
ڕۆژێ بوو وامان دەزانی..
ژمارەی قوربانییەکان..
گەر لە چەند سەدێک تێ پەڕێ ئەستەمە
پاشان بوون بە هەزارەها و..
کەچی دیمان هێشتا کەمە
لە هەموو شوێنێ، لێرە و لەوێ
هەر لاشەی مرۆڤە کەوتووە
خۆ لە ژماردن نایە. ئای کە زۆر بووە
*(مارا لە نێو بانیۆکەی هەڵدەستێتەوە.* هەر چوار *گۆرانیبێژەکەش لەسەر* زەوییەکە *ڕاکشاون و خەریکی یاری کاغەزن.. بێ ئەوەی گوێ بەمارا بدەن..)*
ئەوەتان هەموو لەوێن..
لە پشت دیوارەکانەوە
لەسەر هەموو بانەکانەوە
لە ژێر کولانە تاریکەکانەوە
پیاوانی درۆزن و ڕیاکار و دووڕوو و دووزبان
کە کڵاوی شەرەفی میللەتیان دەکردە سەریان
کەچی بۆ هەوا و فیز و جوانی..



نیشانی شاهانەیان دەخستە سەر کراسەکانیان
خۆ گەر دوکانێکیش تالان بکرایە.. هاواریان دەکرد:
هەرچی و پەرچی.. سواڵکەرینە.. هۆ حەرامزادەکان
سیمۆن سیمۆن.. ئەرێ زوو بە.. فریام کەوە
خەریکە سەرم گڕی تێ بەربێ
نەفەسم تەنگ، هەناسەشم بۆ نادرێ
هاوارێکی شێتانە لە قوڕگمایە و.. نایەتە دەرێ
سیمۆن.. هاوارە و دەڵێ.. من شۆڕشم.. ئا بەڵێ..!
*(ستەرەکان دەستی کۆردی دەگرن و دەیهێننە پێشەوە.)*

## ٩

## یەکەم سەردانی کۆردی

*(جارچی سێ جار بەگۆچانەکەی زەوییەکە دەکوتێ و ئاماژەیەک بۆ "کۆردی" دەکا... سستەرەکانیش کۆردی ڕادەکێشنە پێشەوەی شانۆکە) (دووپێریەش دوای کۆردی کەوتووە و پاشان دەنووشتێتەوە و لە بەردەم کۆردیدا چۆک دادەداتەوە. سیمۆنیش لە نێوان کۆردی و بانیۆکەدا وەستاوە.)*

**جارچی:** ئەمەیان یەکەمین هاتنی کۆردییە

*(سەدا و ئاوازی ئۆرکێستراکە بەرز دەبێتەوە و.. مۆسیقای تایبەت بە"کۆردی")*

**کۆردی:** من هاتووم "مارا"ی هاووڵاتی بدوێنم
پەیامێکی پیرۆزم لایە و.. پێی ڕادەگەیەنم
هاتووم پێی بڵێم لە "کەین".. لە مەڵبەندەکەی من
سەدەها پیلانگێڕ و ناحەز و دوژمن
کۆ بوونەتەوە و بەنیازی شتێکن..

**سیمۆن:** تکایە وازبێنن و میوانمان ناوێ
لێی گەڕێن با تۆزێ بسرەوێ
گەر بەنیازیت ڕازێک بدرکێنیت
دەکرێ بەنامەیەک بینێریت

**کۆردی:** ئەوەی گەرەکمە پێی بەڵام.. بەنووسین نایەتە بەرهەم
بچمە بەردەمی و سەیری ناوچاوانی کەم
(بەسۆزێکەوە)




دەمەوێ بیبینم.. ئەو کاتەی هەموو ئازای جەستەی دەلەرزێ
یا کە تنۆکی ئارەق بەسەر تەوێڵییەوە دەوەستێ
دەمەوێ ئەم خەنجەرە لە نێو پەراسووەکانی ڕاکەم
ئەو خەنجەرەی شاردوومەتەوە لەسەر سینەم
(بەجۆرە *پێداگرتن و سووربوونێکەوە دەدوێ*)
بەهەردوو دەست ئەم خەنجەرە دەگرم
پاشان دەیچەقێنمە گۆشتی لەشی و.. توند دای دەگرم
*(لە مارا نزیک دەبێتەوە)*
ئەوسا بزانم وەڵامی چییە.. چاک گوێی لێ دەگرم

*(کۆردی دەچێتە بەرامبەر بانیۆکەی مارا و دەوەستێ. هەردوو دەستی بەرز دەکاتەوە و دەیەوێ بەخەنجەرەکە دایگرێتەوە. سیمۆنیش لە شوێنی خۆی وەستاوە و هەر دەڵێی ئیفلیج بووە. "ساد"یش لە ترس و تاوی کارەساتەکە ڕاستەپێ لەسەر کورسییەکە بەرز دەبێتەوە.)*

**ساد:** نەکەی کۆردی.. هێشتا ماویەتی
تۆ دەبێ سێ جار لەبەر دەرگاکە بوەستی

*(کۆردی واز دێنێ و خەنجەرەکە دەشارێتەوە.. پاشان ڕووەو کورسییەکەی خۆی دەگەڕێتەوە. کە ئەم دەڕوا دووپێریە و سستەرەکانیش بەدوای دەکەون.)*

## ١٠

## گۆرانی پانتۆمایمێک سەبارەت بەهاتنی کۆردی بۆ پاریس

*(بۆ بەشداریکردن لەگەڵ گۆرانی وتنەکەدا کۆمەڵێ نەخۆش دێنە پێشەوە و بەشێوەیەکی پانتۆمایم یەکە یەکە و بەتەنیا بەچوار دەوری شانۆکەدا دێن و دەچن. جلی سادەی کەسانی ڕەمەکییان لەبەر کردووە.. بۆ نموونە: هەڵگری ئالێ، دێوەرە، چەقۆفرۆش، پاڵەوانی ئەکرۆباتیک، گوڵفرۆش.. لەگەڵ هەندێ ئافرەتی سۆزانی."کۆردی"یش بەپێچەوانەی ڕۆینی ئەوانەوە بەچوار دەوری "بازنەی نواندنەکەدا" دەسووڕێتەوە دەوری کچە لادێیەک دەبینێ کە یەکەم جاری بێ هاتبێتە شار.)*

**چوار گۆرانیبێژەکە**: (لەتەک بازنەی نواندنەکە سەدای گۆرانی و مۆسیقا بەیەکەوە بەرز دەبێتەوە.)

ئەوە شارلۆت کۆردی و.. بۆ بینینی ئەم شارە هاتووە
خەڵکی دەدوێن و ئەمیش وا ورد گوێی گرتووە
چاوانیشی بەئالا شەکاوەکان ڕوون بووەتەوە
ماندوویێتی.. هیلاکی ڕێ تەواو شەکەتی کردووە
شەکەت بوونیش وا لە پەلوپۆی خستووە
ئەوە کۆردییە و دەبێ بوێر و ئازا بێ
ناکرێ لە ئوتێلە خۆشەکاندا پشوو بدات و بسرەوێ
وا چاکترە بەدوای چەقۆفرۆشێکدا بگەڕێ
تا نەیدۆزێتەوە.. نەسرەوێ
دەبێ بگەڕێ.. بگەڕێ. بگەڕێ



کۆردی هات و بەنێو بازاڕدا تێ پەڕی
کۆگای گەلێ نایابی دی
کە پڕ بوو لە بۆن و پۆدرە و سووراو و سپیاو..
بارۆکە و دەیان شتی دی
ئەوانە هەمووی لەتەک
مەرهەمی سارێژکەری تیراوەی سووسەنەک
خەنجەرێکی دەسک سپی.. سەرنجی کۆردی ڕاکێشا
ڕێک لە بەردەم خەنجەرفرۆشەکە وەستا
خەنجەر چ خەنجەر.. ترووسکەی دەدا
شارلۆت بینی کە تیشکی دەدا
کە کابرا پرسی ئاخۆ دەبێ
ئەم خەنجەرەی بە چ نیاز و بۆ کێ کڕیبێ
هەڵبەتە لای ئێوە ڕوونە.. دەبێ بۆچی بێ
کەچی لەبری وەڵام زەردە گرتی
پاشان.. پارەکەی خستە دەستی

*(هەر بەپانیۆمایم کڕینی خەنجەرەکە پیشان دەدرێ. کۆردی خەنجەرەکە هەڵدەبژێرێ و پارەکەی دەداتێ. خەنجەرەکە لە بن باخەڵی دەشارێتەوە. کابرای فرۆشیار بەسەرسامییەوە سەیری سینە و مەمکی دەکا.)*

شارلۆت هەر بەتەنیا پیاسەی دەکرد
مەلەکانی نێو پاریس چ شیرین دەیانچریکاند
ئەم گوێی شل دەکرد

بەنێو، کۆڵانە بەردینەکاندا و

لە نێو تەمومژ و بەبەردەمی بۆنفرۆشەکاندا

شل شل ڕادەبورد

جگە لەو بۆنە خۆشانە..

بۆنی لاشەی مردووانیش کۆردی کاس دەکرد

جگە لە چریکەی مەلان

گوێی لە علە علەی قەنارەش دەگرت

*(تا دەهات پانتۆمایمەکە گەرمتر دەبوو تا وای لێ هاتبوو بەسەمای مەرگێک. مۆسیقاش لەسەر هەمان ئیقاع و نەوا دەڕوا . دوو نەخۆشیش خۆیان بەپارچە قوماشێک دادەپۆشن و شێوەی ئەسپێک وەردەگرن. بەجووتە عەرەبانەیەک ڕادەکێشن کە کۆمەڵێ کەسی تیایە و فەرمانی لە سێدارەدانیان بەسەردا دراوە و قەشەیەکیش خەریکە و دەیەوێ دوا فەرمانی ئاینی خۆی لەگەڵیاندا جێبەجێ بکا . ئەو نەخۆشانەی کە بەدوای عەرەبانەکەوە بوون بەجۆرە هەڵچوونێکەوە بەچەند جووڵانەوەیەکی شێتانە و شێواوانە هەڵدەستن. هەندێکیان هەموو گیانی گرژ دەبێ و وەک ئەو کەسەی فێ بیگرێ و بکەوێتە سەر زەوی. گوێمان لە قریوە و ناڵە و ئاخ ئۆفێکی کپ و خنکاو دەبێ.. پێ لە زەوی کوتان و مۆسیقاکەش هاوساز و هاوتان.)*

کابرای عەرەبانچی ڕووی تێ کرد و وتی:

نەکەی پێڵاوی جوانت پیس بکەی.. کۆردی

ئەم گوزەرە قوڕ و لیتەیە.. ڕێ دەرنابەی



وەرە تەک مامی خۆت سوار بە.. زوو بە دەی

وەلێ ئەم نە قسەی کرد

نە ڕووی تێ کرد

دەبا پانتۆڵە جوانەکەی تۆ پیس نەبێ

عەرەبانەکەم هەر بەو ڕێیەدا تێ دەپەڕێ

دە وەرە و هەر بەو ڕێیەدا تێ دەپەڕێ

دە وەرە و لە تەکما سوار بە.. جوانێ

ئیمڕۆ هیچ گالیسکەیەکی ئاڵتوونی دەست ناکەوێ

وەلێ ئەم نە ڕووی بۆ وەرگێڕا و

نە قسەیەکی لە دەم هاتە دەرێ

**کۆردی:** (لە بەردەم بازنەی نواندنەکە دەوەستێ و ڕوو دەکاتە خەڵکەکە. لە دواوە پێ لە زەوی کوتان بەردەوامە.)

دەبێ ئەوە چ شارێک بێ

کە بەم شێوەیە نقومی تەمومژ بێ

خۆر نەتوانێ تیا دەربکەوێ

نەک تەنکە تەمێکی بارانیش

بەڵکو دووکەڵێکی خەست و گەرم بێ

وەک ئەو دووکەڵە..

لە قەسابخانەکانەوە دێتە دەرێ

بۆ هاوار دەکەن.. دەقریشکێن

ئەی ئەوە چییە بەدوای خۆیانەوە، بەشەقامەکاندا،

ڕایدەکێشن

ئەوەتان.. هەریەکە و ڕمێکی بەدەستەوەیە
بەڵام ئەوە چییە کە بەنووکی ڕمەکەوەیە
ئەم سەمایە لە پای چی.. بۆ هەڵدەپەڕن
ئەم تریقە و پێکەنینە بۆ.. خۆ وەختە شەق بەرن
ئەی مناڵان بۆ ناڵێی کە دەزریکێنن
ئەی دەبێ ئەو شتانە چی بن
کە خەریکە یەکدی بۆ بکوژن
ئەو شتانەی بەدەم و پل و چلڕو چاون
ئا ئەوە چۆن شارێکە
کە خەڵکی بەپاشەڵی ڕووت و هەلا هەلاوە
لەسەر جادەکان ڕاکشاوە
ئەی ئەوە چییە.. ئەم هەموو دەموچاوە

*(لە دواوەش سەمای مەرگ بەردەوامە. هەر چوار گۆرانیبێژەکەش دەکەونە سەما. عەرەبانەکەش دەبێ بەگۆڕەپانی لە سێدارەدان. دوو نەخۆش بەیەکەوە دەوەستن و شێوەی قەنارە وەردەگرن. دیمەنی لە قەنارەدانەکە بەشێوەیەکی ورد و ترسناک دەخرێتە بەرچاوان. کۆردییش شەکەت دیارە و لەسەر ڕۆخی ئەو سەکۆیە دانیشتووە کە نواندنەکەی لەسەر پێشکەش دەکرێ.)*

هەر زوو بەزوو ئەم ڕووانە
دەورم دەدەن و لێم نزیک دەبنەوە
ئەو دەموچاوانە بانگم دەکەن
لەگەڵیان تێکەڵ ببمەوە



*(هەر بەپانتۆمایم دەبینین ورگی زلی قەشە هەڵدەدڕن. یەکێک لەوانەی فەرمانی لە سێدارەدانی دەرچووە لەسەر پارچە تەختەی قەنارەکە ڕادەکشێ. هەردوو دەستیشی لێ بڵاو دەکاتەوە.)*

## ١١

## سەرکەوتنی مەرگ

**مارا**: (*ڕوو لە خەڵکەکە دەکا*)
تەواو ئیتر قەوما و کەس بۆی ناکرێ.. ئەم کارەساتە ڕابگرێ
کەس نەما ئازار و مەینەتی نەبینێ
ئێستاش هەر کەسە دەیەوێ تۆڵەی خۆی.. بستێنێ
وەلێ کەستان بیری بۆ ئەوە نەچوو
کە ئەم ئاژاوەیە دەستی خۆتانی تیا بوو
کەچی ئێستا دەنگ هەڵدەبڕن و ناڕازین
نەخێر تازە کار لە کار ترازاوە و
چی تر بۆ خوێنی ڕژاو مەگرین
دەبێ خوێنی بەگلەر و ئاغاکان چی بێ
لە چاو ئەو خوێنەی میللەت بۆ ئێوە ڕشتی
زۆربەشیان هەر بەدەستی چەتەکانی خۆتان ملیان پەڕی
هەر لە کارگەکانی ئێوەش گیانیان سپارد..
هێدی هێدی
*(هەردوو دەستی کابرای نێچیر دەکەونە ئەملا و ئەولای. زریکە و ناڵە و هاوارێک دێتە بەرگوێ، جەللادەکان جێی سەری خۆش دەکەن تا بۆ مل قرتاندن ئامادە بێ.)*
جا دەبێ ئەم قوربانییە چی بێ
لە چاو ئەو قوربانییەی میللەت بەئێوەی بەخشی
بەخشی تا تێروتەسەل بن و.. بژین بەخێر و خۆشی



دەبێ نرخی چی بێ چەند ماڵێکی تالانکراو
لە چاو نەمانی خۆیان و عومری بەهەدەر سووتاو
گوێ بەوەش نادەن..
گەر سوپای دوژمن بێ و ئەو خەڵکە لەناو بەرێ
ئەو دوژمنەی ئێوە دەستتان لەگەڵیا تێکەڵ کرد
بێ ئەوەی کەس پێ بزانێ
ئێوە حەز دەکەن کەس نەمێنێ
تا خێر و خۆشی دونیا هەر بۆ خۆتان بێ
گەر هەمووشتان لە نێو بچن
دەمارێک لە ڕووی ئاوساوتان نە هەڵداوێ..
نە گرژ دەبێ
ئەم دەموچاوانەی ئێوە
ئەوەندە تووڕە و بێزەوەر و ناشیرینن
هەریەکێکتان دەڵێی خێوە
*(کۆلیە هەڵدەستێتەوە، تەوری قەنارە سەری کابرا لە لاشەی جوێ دەکاتەوە. کۆمەڵێ دەنگ و هاواری سەرکەوتن. نەخۆشەکانیش تۆپ تۆپێن بە کەللە سەرەکە دەکەن.)*
**کۆلێ**: ئاغای دی ساد بوەستە کار وا ناڕوات
ڕاستی.. ئەوە پێی ناوترێ ڕۆشنبیری و خەڵک فێرکردن
ئا بەم شێوەیە.. نەخۆشەکانم قەت باشتر نابن
هەموویان هەڵچووینە و خەریکە پتر شێت دەبن
پاشان کە ئەم جەماوەرەش لێرە ئامادە بوون

ئێمە بۆ ئەوە بانگمان کردوون
تا پێیان بڵێین:
هەر هەموو نەخۆشەکانمان..
لە نێو خڵتە و پەراگەندەکانی کۆمەڵەوە نەهاتوون
*(ساد گوێی پێ نادا. زەردەیەکی گاڵتەجارانە دەنیشێتە سەر لێوانی و بەسەر پانتایی شانۆکەدا دەڕوانێ و ئاماژەیەک بۆ جارچی دەکا بەوەی کە دەوری ئەم هاتووە بدوێ.)*
**جارچی:** *(بەر لەوەی کۆلێ لە قسەکانی بێتەوە ئەم چەند جارێک بەگۆچانەکە زەوییەکە دەکوتێ.)*
ئێمە تەنیا ئەوەتان پیشان دەدەین
کە چۆن میللەت قەلاچۆ کراوە
چونکە ئەوەیان شتێکە بێ شک ڕووی داوە
تکایە با بەهێمنی دانیشین
لە دڕندەیی و چەپەڵی مرۆڤ بڕوانین
ئەوەی کە جارانیش ڕووی داوە..
ئیمرۆ ئاسەواریشی نەماوە
بگرە ئەو پیاوانەش کە داردەستی ئەو کارەساتە بوون
تاک و تەرا نەبێ.. زۆربەیان مردوون
ئەوەندی ئێمە زیرەک و شارستانی بووین
ئەوان کێوی و کاڵفام و نەزان بوون
*(جارچی بەگۆچانەکەی دەستی ئاماژەیەک بۆ دیمەنێکی تری لە قەنارەدان دەکا. بەپەلە کۆمەڵێ خانەدان بەدوای یەکەوە دەڕۆن. پاشان بۆ لە قەنارەدان ڕیز دەبەستن.)*



**کۆردی:** *(هەڵدەستێتەوە)*
هۆ لەوێ.. لە ژێر ئەو قەنارەیە
لەو شوێنەی کە بێ جووڵە لێی وەستاون
بەهەردوو چاو دوور دەڕوانن
دورتر لەوەی جەللادەکان بتوانن
ڕۆژێک دێت لەو شوێنەی ئێوە بوەستم
ڕۆژێک دێ
ئەو ڕۆژەی کە هەموو شتێکیش تەواو دەبێ
*(چاوەکانی دەنووقێنێ هەروەک بڵێی خەوی لێ کەوتبێ.)*
ساد: مارا.. ئا سەیرێکی ئەوانە بکە.. سەیری
ئەو پیاوانەی بوون بەخاوەنی دونیا و
هەموو شتێکیان کڕی
سەیری چۆن کالآی بەزینی خۆیان
بەبالآی سەرکەوتن بڕی
ئێستاش کە هیچ خۆشییەکیان نەما
تەنیا قەنارە لەم وەڕسییە ئەبەدییە..
ڕزگاریان دەکا
شادانە دەنوشتێنەوە و کڕنوش دەبەن
سەری خۆیان بەخت دەکەن
هەروەک بڵێی سەر بۆ تاجێک نەوی بکەن
ئەی باشە ئەمەیان:
دەبێ چی بێ جگە لە بێعاری و سەرلێشێوان

دەبێ چی بێ ...؟

*(هەموو نەخۆش و دیل و بەندکراوەکان لە بەردەم "سەکۆی مل پەڕاندن" دەکەونە سەر چۆک. ساد ئاماژەیەکیان بۆ دەکا بەو نیازە کە عەرەبانەکە بکێشنە دواوە. هەموو نەخۆشەکان دەگەڕێنەوە شوێنی خۆیان. عەرەبانەکە دوور دەخرێتەوە. کۆردییش دەبەنەوە سەر تەختەکەی خۆی. پەردەکە دادەدرێتەوە تا نەخۆشەکان بشارێتەوە.)*



## ١٢

## دەمەتەقێ سەبارەت بەمەرگ و ژیان

*(دواوەی شانۆ هێمن دەبێتەوە و سستەرەکانیش بە درووذێکی ئاینی لێو دەجووڵێنن)*

**مارا:** *(قسە بۆ "ساد" دەکا.. مەودای نێوان هەردووکیان کە ناوەڕاستی شانۆکەیە چۆڵ و خاڵییە.)*

ئاغای دی ساد. من لە کتێبەکانتدا
لە یەکێ لە شاکارە نەمرەکانی تۆدا..
خوێندوومەتەوە
گوایە دەڵێی:
هێزی تا ئەبەد زیندووی سروشت: داڕووخانە
تەنیا پێوانەی دروستی ژیانیش مەرگ و نەمانە

**ساد:** تەواوە .. مارا.. تەواوە
وەلێ مرۆڤ بایەخێکی درۆزنانەی بەمەرگ داوە
چونکە مرۆڤ، ئاژەڵ، درەخت
هەر هەموویان کاتێ دەمرن
دەبن بەبەشێک لە سروشتی بێ سەروبن
هەر کامیان بێ لەسەر ڕووی زەمین
هێدی هێدی دەبن بە پەیین
گەر ئەوە نەبێ.. نە شتێک سەوز دەبێ و
نە دەخولقێ
دەبێ مەرگ چی بێ

جگە لە سوورِێک لە سوورِی بوون..
دەبێ چی بێ..؟
هەموو مەرگێک.. با پێسترین جۆریان بێ
سروشت تەواو لێی بێ باکە و..
فەرامۆش دەکرێ
هەتا گەر توخمی ئینسان بنبرِیش بێ
ئەوە سروشت زەق زەق سەیر دەکا و..
چاو ناتروکێنێ
(*هەڵدەستێتەوە سەرپێ*)
ئای کە رِقم لە سروشتە
سەیری هەموو شتێک دەکا و
وەلێ چەند بێ سۆز و هەستە
رِووی سەهۆل ئاسای.. قەت ناشێوێ
کەچی بەرگەی هەموو شتێ دەگرێ
هەر ئەوەشە کە نەقیزەمان تێوە دەژەنێ
رِووەو کاری مەزن و مەزنتر هەنگاو بنێین و
گوێی نەدەینێ
(*بەگرانی هەناسە دەدا* )
هەرچەندە من رِقم لەو خوداوەندە دەبێتەوە
بەڵام دەشزانم هەرچی کاری مەزنی مێژووە
رِێچکەی یاساکانی ئەمی گرتووە
سروشت بەمرۆڤ دەڵێ:



لە پێناو خۆشبەختی داکۆکی لە هەقی خۆت کە
هەتا دەگاتە کوشتن.. نە بترسە و نە سڵ کە
ئەی کەواتە بۆ کوشتن شتێکی ئاسایی نەبێ
نەک هەر زاووزێ و لە دایکبوون
بگرە دەبێ لەناوبردنیش ئاسایی بێ
تا هەردوو تای تەرازووەکە هاوکێش بێ
هەر ئێمە نین..
کە بۆ هەمیشە لە خۆمان لاوازتر دەبەزێنین
درِندانە و بەوپەرِی تاسەوە
قورِقورِاگەیان دەردێنین
ئەی هەر ئێمە نەبووین لە نێو تاقیگادا
پەنامان دەبردە بەر سەدەها تاقیکردنەوە
بەر لەوەی دوا چارەسەر بدۆزینەوە
مرۆڤ رِووخێنەرە.. زۆر شت تێک دەشکێنێ
وەلێ دەبێ بەئامێرێکی رِووت
گەر هەر بکوژێ و هیچ چێژێکی لێ نەبینێ
دەبێ وەک هەر مرۆیەک
بەخۆشی و لەزەتێکەوە برِووخێنێ. برِمێنێ
دەبا من کوشتنی "دمیان"تان بیر بخەمەوە
دوای ئەوەی کە پیلانەکەی پووچەڵ بووەوە
پیلانی کوشتنی "لویس"ی پانزەم
«کە *ئێستا* مردووە»

دەبا بیرتان بێتەوە "دمیان" چۆن مرد و
چۆن گیانی سپارد
ئای کە قەنارە ناسکتر بوو
بەبەراورد لەگەڵ ئەو ئاوازەی کە چوار سەعاتی خایاند
ئەم ئازادی دەچەشت و..
حەشاماتیش چاو مۆلەق سەیریان دەکرد
هەر لەم ساتەدا "کازانۆفا" لە پشت یەکێ..
بەپەنجەرەکانی نهۆمی سەرەوە
هەستی دەکرد ژنان لە ژێر کراسەکانیانەوە
زەق زەق سەیری دەکەن و لێی ورد دەبنەوە
*(ڕوو دەکاتە ئەو شوێنەی کورسییەکی دادوەری لێیە و "کۆلمیە" لەسەری دانیشتووە.)*
"دمیان"یش هەموو لەشی ببووە تیراوە
سینەی.. هەردوو باسکی.. ڕانی: قەوارەی برینی..
دەم کراوە
هەر برینێک و بەسەریا دەتکا قوڕقوشمی تواوە
نەک هەر ئەوەندە و بەس
رۆنی سووتاو.. قیری گەرم.. مۆم..
کبریتیان بەسەردا ڕژاند
کافرانە هەردوو دەستیشیان سووتاند
چوارلایی هەردوو دەست و قاچیان..
بەگوریس بەستەوە



هەر سەرە گوریسێکیش وەئەسپێکەوە
چا لە هەموو لایەکەوە ئەسپیان دەنگ دا
تا هەریەکە و بۆی بکرێ تاو دا
سەعاتێکی ڕەبەق لەسەر سک و پشت ڕایان کێشا
بەجۆرێک کە لەمەوبەر قەت نەکرابێ
سەعاتێک ئاوا بێ ئەوەی پارچە پارچە بێ
تا هەردوو لنگ و باسکیان پێ بڵاو کردەوە
ئە ئاوا..
تا قۆڵێکی لە بن و بۆتکەوە دەرهات و..
لێ بووەوە
بەدوایدا قۆڵەکەی تریشی قرتاو
پاشان سەیرێکی خۆی کرد و..
ئاورێکی لە ئێمە دایەوە
پڕ بەدەمیش زریکاندی و هاواری لێ بەرز بووەوە
هاوارێک کە هەریەکەمان لێی تێ بگا و
ورد بێتەوە
هەتا ئەو کاتەش کە قاچی یەکەمی قرتاو
پاشان دووەم
هێشتا نەمردوو دەنگی دەهات
بەڵام زۆر کز.. هەر بەئاستەم
لە کۆتایی.. ئە ئاوا.. لەشێکی چوار پەل قرتاو
بەسەرێک لارەوە.. هەڵواسرا

نرکە نرک.. دەیناڵاند
چاوی بڕیبووە خاچەکەی عیسا
کە بەدەست قەشەیەکەوە بوو.. باوکی هەمووان
بۆ ئەوەش هاتبووە لای "دمیان"
تا لە گوناه پاکی کاتەوە و..
گوێ شل کا بۆ دان پیانان
*(لە دواوەش بەئاستەم ورتە ورتێک دێتە بەرگوێ کە لە هی دروود و نوێژ دەچێ.)*
ئەوسا ئەوەیان فیستیڤاڵێک بوو بۆ خۆی
کە هیچ فیستیڤاڵێکی ئیمڕۆ ناگا پێی
بگرە هیچ دادگایەکی تەفتیشی ئەم سەردەمە
مانای نەماوە و بووەتە گەمە
گەرچی هێشتا لە سەرەتا داین و.. تازە دەستمان پێ کردووە
کەچی کوشتن و بڕینی دوای شۆڕش
نە سۆز.. نە بەزەیی تێدا نەبووە
بۆ هەموو جۆرە کوشتنێک..
وەک ئەوە وایە فەرمانێکی ڕەسمی دەرکەین
بێ هەست و سۆز...
هەر حوکمی مەرگە و بەسەر خەڵک دادەین
نەما ئەو ڕۆژەی..
هەرکەسە و تەنیا.. بەکەیف و هەوای خۆی بمرێ
تەنیا مەرگێک نەبێ.. هەرزان بێ ناو..



کە دەبێ هەڵی بژێرێ
ئەو مەرگەی کە دەکرێ بەخێری خۆمان
لەسەر ئەساسێکی ماتماتیکی
بەسەر هەموو دونیادا بیبەخشینەوە
تا ئەو ڕۆژەی کە دێ
چرای ژیان بەتەنیا فوویەک بکوژێتەوە
**مارا:** ئاغا دی ساد.. ئەی هاووڵاتیم
دەشێ لە ئەیلوولی بەسەرچوودا
لەو کاتەی ئێمە لە بەندیخانەکاندا..
خانەدانەکانمان لەسەر سک ڕادەکێشا
ئەوانەی دژی ئێمە پیلانیان دەگێڕا
دەشێ تۆ ئەو کاتە لە پێناو ئێمە جەنگابیت..
بەبێ پەروا
بەڵام تۆ وەک سەردارێکی بەشان و شکۆ دەدوێی
تاکو ئێستا
ئەوەی تۆش ناوت ناوە "بێ باکی ئەم سروشت"ە
کەم سۆزی و.. بێ بەزەیی و.. نەبوونی میهری خووەتە.
**ساد:** نەبوونی میهری خۆم.. بوەستە مارا
تۆ وەک خانەدانێک دەدوێی.. دەتبینم ئێستا
میهر و سۆز و چەکی دەستی خانەدان و دەوڵەمەندەکانە
ئەو کاتەی خێرخوایەک سۆز دەیگرێ و دەچەمێتەوە
تاکو شتێک بخاتە نێو لەپی سواڵکەرێک.. یا گەدا

ئەوە بزانە بەقێز و بێزەوە دڵی لێ دەدا
تاکو بتوانێ سامانەکەی بپارێزێ.. پتر و پتر کۆی کاتەوە
دەبێ وای بنوێنێ کە ئەم دیمەنە کاریگەرە و..
لە دڵی داوە
ئەو بەخششەی کە دەیدا بەو سواڵکەرە
لە جووتەیەک.. نە کەمترە و نە پترە
(*سەدای عودێک*)
نا نەخێر.. مارا سۆزی ئاست نزم نا. تکایە
هەست و نەستی تۆ ئەوەندە کەم نییە..
وات ناو نەنایە
چونکە سەبارەت بەمن.. یان بەتۆ بێ
تەنیا کاری زۆر مەزن سەرنجمان ڕادەکێشێ
**مارا:** لەوانەیە وابێ
گەر لە هەموو کارێکدا زێدەڕۆیی خەمم بێ
ئەوە بزانە کە لە زێدەڕۆیی جەنابت ناچێ
بەرامبەر بێ دەنگی سروشت من لاڵ نیم
بەکارێک وەڵامی دەدەمەوە
لەنێو ئەوپەڕی بێباکی ئەو سروشتە
من مانایەک دەدۆزمەوە
سست و بێدەنگ و.. سڕ و مردوو سەیر ناکەم
تێکەڵ بەهەموو شتەکان دەبمەوە
لێرە و لەوێ.. هەموو هەڵەکان دەستنیشان دەکەم



هەوڵ دەدەم بیانگۆڕم.. دونیا چاکتر کەم
گرنگیش ئەوەیە..
هەرچی کاژ و دەمامک هەیە فڕێی دەی
تا نێو ناخیش خۆ والا کەی
بەچاوێکی ترەوە.. چاوێکی بێ گەرد..
سەیری دونیا کەی

## ١٣

### دروودی مارا

*(پەردە دەکرێتەوە. نەخۆشەکان دێنە پێشەوە و لە شێوەی هەڵقەیەکی داخراو ڕادەوەستن.)*

**جارچی:** دروودی مارا

**مارا:** بیرت نەچێ کە چەندین ساڵە ڕاهاتووین
لەسەر هەمان ئەو قسەیەی کە دەیبستین
گوایە پاشاکان باوک و سەروەری ئێمەن
لە ژێر سایەی ئەواندا بەئاشتی دەژین
شاعیرە کڕاوەکانیش..
کردە و کاری پاشاکانیان دەڕازاندەوە
کاسبکارە نەفامەکانیش
وەک وانەیەکی ئاینی
ئەم دەرسەیان بەمناڵەکانیان دەوتەوە

**کۆرس:** (*لە دواوە و بەورتە ورتێکەوە بێ ئەوەی "مارا" لەسەر قسەکانی خۆی بوەستێ.*)
پاشاکان باوک و سەروەری ئازیزن
لە ژێر سایەی ئەواندا نقومی ئاشتین
پاشاکان باوک و سەروەری ئازیزن
لە ژێر سایەی ئەواندا نقومی ئاشتین

**مارا:** مناڵانیش.. ئەم وانەیە دەکەن بەبڕوا و..
هەمیشە دووبارەی دەکەنەوە



هەموو کەسێکیش بڕوا بەو شتە دێنێ
کە جار لە دوای جار لەگەڵ خۆیدا دەیڵێتەوە
(*کۆرس دووبارەی دەکاتەوە*)
قەشەکانیش هەمان قەوانیان لێ دەدایەوە
(*کۆرسی نەخۆشەکانیش بەشدار دەبن*)
خۆشەویستیمان باوەش بۆ هەمووو مرۆڤێک دەکاتەوە
جا سەر بەهەر ڕەنگ و توخم و بڕوایەک بێ
موحیبەتێکە جیهانی
هەر هەمووشمان برای یەکدین
(*بەتەنیا دەدوێ*)
هەر ئەو قەشانە دەیانڕوانییە نێو دۆزەخی ستەم و بێ دادی
کەچی ڕووی خۆیان وەردەگێڕا .. بەبێ مروەتی
دەیانوت:
(*نەخۆشەکانیش بەشدار دەبن*)
مەملەکەتی ئێمە مەملەکەتی ئەم دونیایە نییە
ژیانیشمان لەسەر زەوی بەتەنیا سەفەرێکە...
سەفەرێکە و بەس
دەبێ ئەم ڕۆحەش بێ فیز و هەوا بێ
دەبێ تا سەر بەرگە بگرێ
(*بەتەنیا دەدوێ*)
کەچی هەر ئەوان دوا فلسیان لە هەژاران دەستاند
دەیان دۆشین

هەر خۆشیان لە نێو پارە و ئاڵتووندا دەگەوزین

لەگەڵ پاشا و بەگزادەکان دەیانخواردەوە

دەیانخواردەوە و هەمان قەوانیشیان بۆ لە برسامردووەکان لێ دەدایەوە

*(دیسانەوە نەخۆشەکان دەبنەوە بەکۆرس)*

بچێژە ئازار.. بتلێیتەوە

هەروەک "مەسیح" بەسەر خاچەوە

چونکە ئەمەیان ویستێکە لە خواوە

*(پانتۆمایم.*

*نەخۆشەکان و هەر چوار گۆرانیبێژەکە دێنە پێشەوە پیاوە ئاینییەکانی کڵێسایش هەر هەموو ئامادەن.*

*"کوکوروکو" خاچێکی هەڵگرتووە کە لە دەسکی گەسک دروست کراوە و لە هەمان کاتدا "پۆلپۆخ" بەدوای خۆیەوە ڕادەکێشێ بەپەتێک کە لە ملی ئاڵاوە.*

*"کۆکۆڵ"یش شتێکی دەولک ئاسای پێیە و وەک بخوردانێک بای دەدا و دەیخولێنێتەوە.*

*"ڕۆسینۆل"یش لە ژێر لێوەوە نوێژ و دروودی خۆی دەخوێنێ.)*

*(هەر بەتەنیا دەدوێ)*

هەر شتێکیش کە جار لە دوای جار بیبیستێتەوە

دەبێ بەدەرس و لە گوێتدا دەزرنگێتەوە

جا بەم پێیە هەژاران لەبری نان و ئاو

بەوە ڕازی بوون

چاو ببڕنە عیسای بریندار و لە خاچدراو



کڕنووشیان بۆ برد

ئەم بوو بەپەیکەری بێ دەستەڵاتی و..

ملکەچی هەمووان

هەر هەموو قەشەکانیش بەیەکەوە وتیان:

*(نەخۆشەکانیش دەبنە کۆرس. لە دواوەش بەئاستەم دروودی سستەرەکان دێتە بەرگوێ.)*

بکەونە سەر ئەژنۆ.. دەست بۆ ئاسمان هەڵبڕن

بێ سکاڵا.. ئەم ئازارە بچێژن

بۆ ئە کەسانەی ئازارتان دەدەن

دروود بەڕۆحیان.. ئێوە نوێژیان بۆ بکەن

چونکە تەنیا دروود و ویرد و نوێژە

ڕووەو بەهەشتی ئاسمان..

دەبێ بەپەیژە

*(بەتەنیا دەدوێ)*

جا بەم پێیە. بەم دەردی نەفامییە هەژارانیان دیل و ڕیسوا کرد

هەر لە درۆ و لە ژێر ناوی هەقی ڕەوای لە ئاسمانەوە دابەزی و

حوکمیان دەکرد تا

کەسێک نەبێ لەو خەوە ڕاست بێتەوە

بەڕووی ئاغا ستەمکارەکان بوەستێتەوە..

ئەگین

**کۆرس:** ئامین

**کۆلیە:** *(هەڵدەستێتەوە و ناهێڵێ کۆرس "ئامین"ەکە تەواو بکا.)*

ئاغای دی ساد
بوەستە.. دەبێ قسەکەت پێ ببڕم
ئێمە وامان بڕیار بوو کە ئەم قسانە نەکەی
بەهەرحاڵ.. ئیمڕۆ کەس گلەیی لە کڵێسا نییە و
تۆش دەبێ خۆتی لێ لادەی
بەتایبەت بۆ قەڵای مەملەکەت
کە مەزنە پیاوانی کڵێسا بوونەتە شوورەی
چونکە ئیمڕۆ... هەموو کەسێک گەیشتووەتە ئەو قەناعەتە
کە میهری قەشەکان
بۆ دڵنەوایی ڕۆح فەڕ و خێر و بەرەکەتە
هەمووی درۆیە.. کەس لێرە ئازاری نەچەشتووە
بەپێچەوانەوە.. هەرچی کراوە
بۆ نەمانی خەم و مەینەتی بووە
ئەوەتا داوودەرمان.. جلیان بۆ کۆ دەکەینەوە
لێرە و لەوێ.. شۆربایان بەسەردا دەبەخشینەوە
بۆ ئەم خێر و بێرەش
چاوەڕێی حکوومەتێکی ساتەوەختی دنیایی نین
بەڵکو بەبەرەکەت و نیازی پاکی کڵێساوە..
ماوین و دەژین

**جارچی:** (*گۆچانەکەی بەرز دەکاتەوە*)
گەر ئەم نواندنە تووڕەی کردن.. یان کڵاوی یەکێکتانی.. گرتەوە
هیوادارین گوێی نەداتێ و با ڕقەکەی بخواتەوە



تکاشی لێ دەکەین با ئەوەی بیری بێتەوە
کە ئێمە لە سەردەمێک دەدوێین..
تێپەڕ بووە و نایەتەوە
هەڵبەتە ئەوسا ئیمڕۆ نییە. دەبێ بیزانین
ئێستا ئێمە لە خوای خۆمان دەترسین
(*هەر بەدەست ڕەسمی خاچێک لەسەر سینەی دەکا.*)

## ١٤

## رێکەوتێکی شووم

*(نەخۆشێک یاخەکەی هەڵداوەتەوە و ملی پێ داپۆشیوە هەروەک یەخەی قەشە دەنوێنێ.. لە نەخۆشەکانی دیکە دادەبڕێ و لەسەر هەردوو ئەژنۆ بۆ پێشەوە تاو دەدا)*

**نەخۆش:** (*دەمی تەتەڵە دەکا*)

نوێژ کەن.. نوێژ کەن ... نوێژ کەن بۆ ئەو..
بۆ ئەو شەیتانەی وا لە نێو دۆزەخ
دەبا تۆ بێیت و حوکممان بکەی
دەبا هەموو شتێک بەویستی تۆ بێ
چۆن سەروەری دۆزەخیت.. دەبا هی سەر زەویش بیت
بمانبەخشە کە ئێمە پاک بووین
لە هەموو شتێکی پیرۆز ڕزگارمان کە
دەستمان بگرە..
دەستمان بگرە و فریومان دە
هەتا هەتایە
ئامین

*("کۆلێ" ڕاستەپێ بەرز دەبێتەوە. هەموو برینپێچەکانیش بەرەو لای نەخۆشەکە تاو دەدەن، بەرزەفتی دەکەن، دەیخەنە ژێر دووشەکە.. پاشان قۆڵبەستی دەکەن و دەیبەنە دواوە.)*

**جارچی:** (*یاری بە گۆچانەکەی دەکا*)

ئەم دیمەنە جەرگبڕەی کەوا بینیتان.. ئێستاکێ



دیمەنێکە پێشبینی کراوە و دەبووایە ببێ
شانۆنووسەکەشمان خۆی بۆ تەرخان کردبوو
گەر پێویست بەوە بکا چەند دێڕێکی دیکەی بۆ بنووسێ
تکایە لەم پیاوە تێ بگەن کە ڕۆژێ لە ڕۆژان
قەشەیەکی زۆر هۆشیار بووە و..
سەرۆکی دێری ڕەبەنان
دەبێ ئەوەشمان بیر نەچێ و.. وتوویانە
خواش وەک بنیادەم
ڕێی بەپێچ و لوولە و..
دونیایەکی پەنهانە

*(گۆچانەکەی بادەدا*
*کۆلێ دادەنیشێ.*
*نەخۆشەکانیش دەکشێنە دواوە و لەسەر تەختەکانیان ڕادەکشێن.. برینپێچ و سستەرەکانیش چاوەدێرییان دەکەن.)*

## ١٥

## تەواوکردنی دەمەتەقێی نێوان مارا و ساد

**ساد:** بەر لەوەی ڕاستی لە هەڵە جیا کەینەوە
وا چاکترە خۆمان بناسین
من..
خۆم ناناسم.. هێشتا خۆم نەدۆزیوەتەوە
هەرکە بەشتێک دەگەم و.. دەڵێم: ئەوەتا دۆزیمەوە
ئەوەندەی پێ ناچێ
گومانی لێ دەکەم و بەدوودڵی لێی ورد دەبمەوە
ئەوساش بەپێویستی دەزانم بیڕمێنم.. تێکی دەمەوە
هەرچییەکی کە دەیکەین سێبەری ئەو حەقیقەتەیە کە دەمانەوێ
تاکە ڕاستییەکیش کە پێی دەگەین
هەمیشە لە گۆڕاندایە و دەرئەنجامی ئەزموونی خۆمانە
من تێ ناگەم.. نازانم ئاخۆ نێچیرم یان ڕاوچی
تارمایی پیسترین ئازار بەخەیاڵمدا گوزەر دەکا
کاتێ وەسفیشیان دەکەم.. تەنیا خۆم پێی دەتلێمەوە
شتێک نییە پێی نەوێرم
وەلێ هەموو شتێک هەترەشی بردووم
دەشبینم کەسانی تر کتوپڕ..
لە خۆیان دەگۆڕێن و.. نامۆ بەخۆیان و خەڵکی
بەکاری وا هەڵدەستن کە بەبیری کەسدا نەهاتبێ
هەر ماوەیەک لەمەوبەر بەرگدرووەکەی خۆم بینی



جوان مێردێکی وتو وریا
کە هەمیشە حەزی دەکرد فەلسەفیانە بدوێ
بەم دوو چاوانە بینیم هەردوو لالێوی کەفیان دەکرد
قیرپاچ بەدەست.. شێتانە دەیزریکاند و
شالاوی بۆ سەر کابرایەکی سویسری دەبرد
کابرایەکی کەتە و چەکبار
بەتەواوی لەگەڵ زەوییەکە تەختی کرد
دوای قەیرێ بینیم دەفەی سینەی هەڵدڕی
گەرماوگەرم دڵی دەردێنێ
ئەو دڵەی هێشتا بەتاو لێی دەدا
بەم دوو چاوانە بینینم..
ئەو دڵە زیندووەی خستە دەمی و قووتی دا
*(نەخۆشێک بەسەر شانۆکەدا هەنگاو دەنێ و ڕووبەڕووی "کۆلێ" دەبێتەوە و لابەلایی قسەی بۆ دەکا.)*
**نەخۆش:** ئاژەڵێکی هارە
ئای کە مرۆڤ ئاژەڵێکی شێت و هارە
من هەزار ساڵ تەمەنمە.. بەدرێژایی ئەو عومرە
لە کوشتنی ملیۆنەها کەس دەستم هەبووە
بست نەماوە لەم زەوییە
ناو هەناوی دارڕژاوی مرۆڤێکی تیا نەبێ
ئێمەش.. کەم کەسانێک کە ماوین
کەم کەسانێک..

بەسەر زەلکاوی شل و پەیتی لاشەکاندا دێین و دەچین
هەمیشە لە ژێر پێیەکانمان..
لەگەڵ هەر هەنگاوێک کە دەینێین
ئێسقان پواوە و.. خۆڵەمێشی لاشە و.. قژی بەیەکەوە نووساوە
لە ژێر پێی هەریەکێکتان ددانی ورد و خاش..
کەللە سەری تەقیو و شکاوە
ئاژەڵێکی شێت و هار..
من ئاژەڵێکی شێت و هارم
*(ساد لێی نزیک دەبێتەوە و بەهێمنی و لەسەرخۆ دەیباتە دواوە.. کەچی ئەم هەر هاوار دەکا.)*
زیندانەکان داد نادەن.. کۆت و زنجیر داد نادا
من هەر دەرباز دەبم
هەموو دیوار و بەربەستەکان دەبڕم
بەنێو ئێسک و پرووسک.. چی پیسی دونیا هەیە
بیکەن بەشوورە و دیوار. من ئاودیو دەبم
ڕۆژێک بەچاوی خۆتان دەیبینن
هێشتا کاتی نەهاتووە.. ئەوە بزانە
ئای کە ئەم مێشکە پڕ لە پیلانە
**مارا:** (*چاوەڕێیە یەکێک دیالۆگەکەی خۆی بیر بخاتەوە*)
**جارچی:** (*پێی دەڵێتەوە*)
ئای لەم خورووە..
**مارا:** ئای لەم خورووە.. ئای لەم خورووە
(*بەجۆرە دوودڵی و ڕامانێکەوە*)




**جارچی:** (*پێی دەڵێتەوە*)
ئای لەم "تا"یە
**مارا:** ئەم "تا"یە
لە تاو ئەم "تا"یە دەڵێی مەنجەنیق لە نێو سەرمایە
هەر دەڵێی پێستەم گڕی تێ بەر بووە
سیمۆن.. سیمۆن پارچە پەڕۆکەکە بەخەل و ئاو تەڕکە
بیخەرە سەر نێو چەوانم.. با تۆزێ فێنک بێتەوە
*(سیمۆن بەپەلە بەدەنگییەوە دەچێ و چاپووکانە کارەکەی ئەنجام دەدا.)*
**ساد:** مارا.. من دەزانم
لەبری چەند ڕۆژێک لەش ساغی
هەموو پایە و پلەکان.. بگرە خۆشەویستی گەلیش..
دەفرۆشیت
لە نێو بانیۆکە ڕاکشاویت
هەروەک بلێی لە نێو، ئاوێکی سوورباوی منداڵدان بیت
ئەژنۆت ناوە بە سینەتەوە
وێک هاتوویتەوە و سەر ئاو کەوتوویت
تەنیا خۆت و بیرکردنەوە لە دونیا
ئەو بیروباوەڕەی لەگەڵ واقیع و جیهانی دەرەوە..
ناگونجێ ئێستا
جا بۆ خۆت بەدونیاوە سەغڵەت دەکەی
هەمووی لای من بەتاڵە

تاکە ڕاستییەک کە من بیزانم.. هەر خەیاڵە
ئەو دونیایەی وا لە نێو خودی خۆمدا
شۆڕش شتێکە..
ڕاگوزەرانە تێ دەپەڕم بەلایدا
**مارا:** وانییە دی ساد.. تۆ بەهەڵەدا چوویت
ئەو خەیاڵەی تۆ لێی دەدوێی
لای من بێ کەڵک و بەهایە
خەیاڵ بەتەنیا هیچی پێ ناکرێ
هیچ دیوار و شوورە و بەربەستێکی بۆ ناڕمێ
ڕاستە کە من دەنووسم
بەڵام بڕوا ناکەم قەڵەم بەتەنیا ستەمە گەندەڵەکان..
ڕامالێ
من دەزانم چ مەترسییەک لە ڕێگەمدایە
هەرچەندە بەدڵ بۆ لە دایکبوونی چاخێکی نوێ بجەنگم
تاکە وەختێ کە خەریکە ئاواتەکە بێتە نێو چنگم
تەنیا ئەو وەختەیە..
کە هەموو شتێ لە نێو شەڕ و هەرای شێتانەدا..
بزر بووە
هەزارەها بیروباوەڕی گەندەڵ و مردوو
نەوە بەدوای نەوە پەلوپۆی بەستوون
بگرە پیاوە هەرە چاکەکانیش..
بەو بیروباوەڕانە..



لە گۆڕەپانی ژیندا یەک تەختە کەوتوون
هیچ کامێکیان ناتوانێ گوزەرانی خۆیشی بەڕێوە بەرێ
ئێمە بووین کە شۆڕشمان هەڵگیرساند
بەڵام نەمانزانی چۆن وا بکەین کڵپەی تا ئەبەد نەکوژێتەوە
سەیر کە.. هەریەکە و دەیەوێ شتێک لەو ڕابردووە
بۆ حاڵی خۆی گل بداتەوە
وەک یادگاری ڕژێمێکی کۆن و بەسەرچوو
ئەم کابرایە: تابلۆیەک
ئەوەشیان: دۆستەکەی
ئەوەشیان: ئەسپەکەی
هۆ ئەویش (*ئاماژە بۆ یەکێک دەکا*) باخ و بێستانەکەی
ئەمەش (*ئاماژە*) ماڵ و موڵکەکەی
ئەوی تریان: خانووبەرەی نێو گوندەکەی
ئەوەشیان: کارگەکانی
ئەو زەلامەش: ناتوانێ لە حەوزی پاپۆڕەکانی خۆش بێ
یەکێ دەستبەرداری سوپاکەی نابێ
ئەوی تریان: پاشاکەی
ئێمە لێرە وەستاوین
لە هەق و مافەکانی مرۆڤ دەدوێین
مافی پیرۆزی موڵکدارێتیی
ئەوەتا ئێستاش دیارە ئەم مافە بەرەو کوێمان دەبا
دەڵێ: هەرکەسە و سەربەستە بۆ خۆی بجەنگێ

برایانە و هەموو وەک یەک
هەڵبەتە بەهەمان جۆری چەک
با هەرکەسە و گەورەی خۆی بێ
مرۆڤ دژی مرۆڤ و.. کۆمەڵ دژی کۆمەڵ بوەستێ
شاد و خۆشبەختانە
لە تالآنی هەموو هاوتا و.. لە دزییەتی وەک یەک

*(لەسەرخۆ نەخۆشەکان هەڵدەستنەوە سەر پێ، هەندێکیان بۆ پێشەوە هەنگاو دەنێن. گۆرانیبێژەکانیش هەریەکە و شوێنی خۆی دەگرێ.)*

ئەوەتا هەر مرۆڤە و دەژێیێتەوە
بازرگانی لە برەودایە.. پیشەسازیش دەبووژێتەوە
پارە و پول لە هەموو لایەکەوە دادەبارێ
وەلێ ئیمرۆ کە لێرە وەستاوین گەلێ چەوساوەترین
لەو ڕۆژەی کە بەشۆڕش هەستاوین
*(ئاماژەیەک بۆ ناو خەڵکەکە دەکا)*
کەچی ئەوانیش وا بیر دەکەنەوە
کە شۆڕش گرەوی خۆی بردووەتەوە



## ١٦

## کاردانەوەی گەل

**چوار گۆرانیبێژەکە**: (بەدەم *مۆسیقاوە*)

بۆ دەبێ ئەوان خاوەنی زێڕ و زیو بن
خاوەنی هەموو توانایەک بن
بۆ دەبێ لەگەڵ دونیا تەبا بن
خاوەنی گشت جۆرە کار و فەرمانێک
لەم ژینە هیچمان دەست نەکەوت
بۆ هەمیشە هیچیشمان نەبووە
جگە لە ملیۆنەها کون و کەلەبەر و تەقەڵ..
ملیۆنەها

**کۆکۆل:** هەر لە نێو، ئەو کونە مشکانەدا دەژین
**پۆلپۆخ:** هەر لە نێو، ئەو کەند و لەند و قۆرتانەدا دەمرین
**کوکوروکو:** نێو هەناویشمان کون کونە
**ڕۆسینۆل:** جلەکانیش هەر کون کون
**چوار گۆرانیبێژەکە و کۆرس:**

مارا.. ئێمە هەژارین و هەر بەهەژاریش..
ماوینەتەوە
مارا با چیتر چاوەڕێی نەکەین .. تەواو لێ بووینەتەوە
ئێمە هەقی خۆمان گەرەکە و گرنگیش نییە بەچ شێوەیەک بێ
شۆڕش شۆڕشی خۆمانە و هەر ئێستا دەمانەوێ.

**جاڕچی:** (*بەپەلە دێتە پێشێ، گۆچانەکەی ڕادەشەقێنێ. مۆسیقا*

*کۆتایی پێ دێ. هەر چوار گۆرانیبێژەکە و کۆرسەکە دەکشێنە دواوە.)*

سەیری کە چۆن ڕۆڵەکانی گەل

لە نەفامی خۆیان..

بەکردەی حوکمڕانە زۆڵەکان

چ بەئاسانی دەبن بەمێگەل

ئەوان کە نارازین..

لەبری ئەوەی کە لە دۆڵی دڕاو بدەن

وا چاکترە بێ دەنگ بن و قوڕوقەپی لێ بکەن

با ئیش بکەن.. کەم کەسانێکی بەهێز هەن

با بڕوایان پێ بکەن

هەرچییەکی بۆ ئەوان چاک بێ

بێ شک بەکەڵکی ئێوەش دێ

خوشکان.. برایان حەز دەکەین بەیەکەوە ئەوە ببینن

چۆن میللەت و میری یەکدی دەگرن

یەکدی گرتنێک کە دەتوانم بڵێم

ئەوەندی نەما بوو پێی بگەین

*("دوپێرێ" و سستەرەکان خۆیان بە کوردییەوە سەغڵەت کردووە کە لەو خەوە وەئاگا نایە. هەڵیدەستێننەوە سەر پێ و دەیانەوێ بجوولێ.)*



## ١٧

## یەکەم دەمەتەقێی نێوان کۆردی و دوپیرێ

*(دوو سستەر دەست دەدەنە ژێر باڵی کۆردی و ڕووەو پێشەوە و پێشەوەی شانۆکە دەیبەن. "دوپیرێ" لە دواوە دەڕوا و دەست بەپشتی کۆردییەوە دەگرێ.)*

**جارچی:** (*تاوێ فیقەنە لێ دەدا*)

ئێستاش دەبینن چۆن شکۆمەندی

لەولاشەوە جوانمەردی

ڕووبەڕوو.. دێنە بەرامبەری یەکدی

سەیری کە چۆن نووسەرەکەمان وا دەکا

شارلۆت کۆردی شۆخ و ئازا

*(چاو دەگێڕێ و پاشان بەدڵنیاییەوە سەر ڕادەوەشێنێ و بەگۆچانەکەی ئاماژە بۆ کۆردی دەکا.)*

بە "دوپیرێ" قۆز بگا

*(بەیارمەتی سستەرەکان کۆردی دێتە نێو "بازنەی نواندنەکە".*

*"دوپیرێ" لە تەکیا ڕێ دەکا*

*سستەرەکان دەکشێنەوە دواوە.*

*کۆردی و دووپیری زۆر بەگەرموگوڕی تەوقە لەگەڵ یەکدی دەکەن.)*

کۆردی لە "کێن"..

جوانترین ساڵانی جحێڵی بەسەر برد

لە دێرێکدا کە بەرۆح خۆی بۆ حەقیقەت تەرخان کرد
گوێی لێ بوو..
هەموو خەڵکی ستایشی دوپیرێ دەکەن
بەچاکترین فریادرەس و دڵسۆزی لە قەڵەم دەدەن
(دوپیرێ ئەم دیمەنە بەهەل دەزانێ بەرامبەر
کۆردی هەندێ هەڵسوکەوتی عاشقانە دەنوێنێ.
جارچی دوپیرێ دەدوێنێ.)
ئەو سۆزە گەرمەت بشارەوە.. واز بێنە ئیتر
حەزی تۆ ئەفلاتوونییە نەک جۆرەکەی تر
(بەگۆچانەکەی ئاماژەیەک بۆ ئۆرکێستراکە دەکا. کۆردی
وەستاوە و سەری بەپشتدا خستووە. ئۆرکستراکە "مۆسیقای
کۆردی" دەژەنێ. جارچی دەکشێتە دواوە. بۆ چەند ساتێکی
کەم چاوەڕێ دەکا و لە کۆردی ورد دەبێتەوە.)
**کۆردی:** (بەچاوی نووقاوەوە)
ئاهـ.. ئازیزەکەم دوپیرێ
(تۆزێ بەدوودڵییەوە ڕادەمێنێ و پاشان دێتە دەنگ وەک ئەوەی
گۆرانییەک لەسەر هەوای "ئاریان"(*) بڵێ)
ئاخ گیانەکەم دوپیرێ.. ئاخۆ دەتوانین چی بکەین
چۆن بەر لەم مەرگەساتە ترسناکە بگرین
لە شەقامەکاندا هەموو کەسێک هاوار دەکا:
مارا

---
(*) ئاریان: نەغمەیەکی تاکە کەسییە.



(تۆزێ ڕادەمێنێ و دوودڵە.
دووپیری بەشێنەیی دەست بەپشت و کەفەڵی کۆردیدا دەهێنێ.)
مارا بەو ناوەوە کە دەبێ بەدەمڕاستی گەل
دەبێ بەدکتاتۆر
کەچی تا ئێستا وای دەنوێنێ
کە کۆت زنجیر.. ستەم نامێنێ
بەمەرجێک ئەم بارە زۆر ناهەموارە..
نغرۆ بێ
وەلێ ئێمە چاک دەزانین کە مارا بەڕاستی
ئاژاوە و گێرەشێوێنی دەوێ
(کۆردی شەکەتە)
**دوپیرێ:** (کۆردی دەگرێتە باوەش، دیسانەوە
هەروەک بڵێی لەسەر نەزم و هەوای "ئاریان"
گۆرانی بڵێ.. بەڵام گەرموگوڕتر لە جاران.)
شارلۆت.. ئازیزەکەم.. تۆ دەبێ بگەڕێیتەوە
نێو هاوڕێکانت.. ڕاهیبە خواپەرستەکان
نێو، ڕامانی خواهانە و نوێژەکانی خۆت
تۆ ناتوانیت بەشەڕ بێیت
ناتوانیت لەگەڵ ئەو دوژمنە ڕەزا قورسانە..
بجەنگیت
کە لە هەموو لایەکەوە دەوریان داوین
(یەکێ لە سستەرەکان لە دوپیرێ نزیک دەبێتەوە و ئەو دەستەی

*لادەبا کە خستوویەتە سەر سینەی کۆردی. کۆردی، دیسانەوە، دیارە کە شەکەتە)*

تۆ باسی مارا دەکەی.. وەلێ ئەو مارایە..
دەبێ کێ بێ
جگە لە دێوەرەیێکی گاڵتەجاڕ و هەڵەوەڕ زیاتر
کابرایەکی بەرەڵڵای لە "کۆرسیکا"
ببوورە لە "ساردینیا" دەرکراو
مارا.. من وا هەست دەکەم
دەبێ ئەم ناوە ناوی جوولەکەیەک بێ
دەکرێ ناوێکی خوازراوی نێو ئینجیلیش بێ
لەسەر ناوی ڕووبارەکانی "مارا"
وەلێ کێ گوێ لەم کابرایە دەگرێ
جگە لە لۆتی سەر جادەکان نەبێ
دڵنیا بە لەوەی
کە ئەم مارا ناوە بۆ ئێمە نابێتە جێی مەترسی

*(دوپیرێ لە دواوە باوەش بەکۆردیدا دەکا. هەر چوار گۆرانیبێژەکەش بەهەندێ گەمە و گاڵتە هەڵدەستن، خەریکی تاوڵە و یاری کاغەزن.. یارییەکی پڕ لە کاری عەنتیکە و فێڵاوی.)*

**کۆردی:** *(کوتوپڕ وەئاگا دێتەوە و بەوپەڕی هێزەوە دەدوێ.)*

دوپیرێی ئازیز.. تۆ دەتەوێ تاقیم کەیتەوە
بەڵام من نەخۆشم دەزانم دەبێ چی بکەم



*(هەوڵ دەدا لە بازنەی هەردوو باسکی دوپیرێ ڕزگاری بێ. ئەو دوو سستەرەی لە دواوە و لە پشت سەکۆکەوە وەستاون دێنە ناوەوە و هەردوو دەستی دوپیرێ ڕادەکێشن.)*

دوپیرێ تۆ سەفەر کە و بڕۆ "کێن"
لەوێ باربارۆ و بۆزۆ چاوەڕێتن
هەر ئێستا بڕۆ و زوو سەفەر کە
تا ئێوارە چاوەڕێ مەکە
چونکە کە ئێوارە داهات
ئەوسا هەموو شتێک وەختی بەسەر دەچێ

**دوپیرێ:** *(بەسۆزێکەوە.. هەروەک پێشوو لەسەر هەوا و ئاوازی "ئاریا")*

شالۆت.. گیانەکەم.. شوێنی من ئێرەیە
(دەکەوێتە سەر ئەژنۆ و باوەش بەهەردوو قاچی کۆردیدا دەکا.)
چۆن ئەم شارە بەجێ بێڵم کە تۆی تێدایە
خۆشەویستم کۆردی.. مەنزڵی من وا لێرەدایە

*(خۆی لە یاد دەکا و شێتانەتر کۆردی لە باوەش دەگرێ. جارچی بەسەری گۆچانەکەی پاڵێکی پێوە دەنێ و پاشان هەر بەسەری گۆچانەکە لە زەوی دەدا)*

ئێستاش میهر و شکۆمەندی..
دەگەن بەیەکدی
دەرهێنەرەکەمان وا دەکا
کە کۆردی جوان و ئازا

**جارچی:** (*پێی دەڵێتەوە*) جا بۆ دەبێ ڕابکەم.؟

**دوپیرێ:** جا بۆ دەبێ ڕابکەم
کە ئێستا ئەوەندەی بەبەرەوە نەماوە
(*شێناتەتر دەست بۆ کۆردی دەبا*)
ئێستا ئینگلیزەکان گەیشتوونەتە (دونکێرک) و
"تۆلۆن"ی بروسییەکان
**جارچی:** (*بۆی ڕاست دەکاتەوە*)
"تۆلۆن"ی ئیسپانییەکان
**دوپیرێ:** ئیسپانییەکان "رۆسیلۆن" و "پاریس"یشیان گرت
**جارچی:** (*بۆی ڕاست دەکاتەوە*) ماینس
**دوپیرێ:** مانیس لە لایەن بروسییەکانەوە ئابلۆوقە دراوە
"کۆندێ" و "ڤالنسینس" کەوتنە ژێر دەستی..
ڕووسییەکان
**جارچی:** (*بۆی ڕاست دەکاتەوە*) نەمساوییەکان
**دوپیرێ:** نەمساوییەکان
هەر هەموو "ڤێندی"یەکانیش هەستاونەتەوە
(گەرموگوڕتر.. *شێتانەتر دەیگرێتە باوەش*)
ناتوانن تا سەر هەر ئاوا بەرگە بگرن
ئەم خۆهەڵکێش و کەللەڕەقانە
ئەوانە کە بێ بیروباوەڕ و.. خاوەنی هیچ کەلتوورێک نین
نا ناتوانن هەروا بەپێوە خۆ ڕاگرن
نا شارلۆت گیان.. من ئێرە جێ ناهێڵم
(*لێی نزیک دەبێتەوە و سەر دەخاتە سەر کۆشی*)



چاوەڕێی ئەو ڕۆژە دەکەم کە خەونی پێوە دەبینم
ئەو ڕۆژەی مێگەلەکەی مارا لە گۆڕ دەنرێ
بۆ جارێکی تر هەموو فەرەنسا
گوێ لە وشەی سەربەستی دەگرێ..
ئەو وشەیەی کە بڤەیە بوترێ
(*دوپیرێ ڕاست دەبێتەوە، هێشتا خۆی بەکۆردییەوە نووساندووە و هەوڵ دەدا ماچی بکا.*
*کۆردی خۆی دەرباز دەکا، دوو سستەر لێی دێنە پێشەوە و فریای دەکەون، پاڵێک بەدوپیرێیەوە دەنێن و کۆردی دەبەنە دواوە و دەیخەنەوە سەر تەختەکەی. مۆسیقاش کۆتایی پێ دێ.*)

## ١٨

### ساد مەزاق بەمیللەتانی دونیا دەکا

**ساد:** (*بەهاوارەوە.. ڕوو دەکاتە مارا*)
گوێت لێیە مارا..
سەربەستی
هەر هەموو خەڵکی، چی چاکە بۆ فەرەنسا، دەیخوازن
پاشانیش من لە تۆ نیشتمانپەروەرترم
هەر هەمووشیان ئامادەن لە پێناو شەڕەفی فەرەنسا بمرن
هەر هەموویان..
هەر لە ڕادیکاڵی تا دەگاتە بێ لایەنەکان
بێ باکن لەوەی بۆنی خوێن بکەن
(*هەڵدەستێتەوە*)
هەموو لیبراڵییە خوێن ساردەکان
ڕادیکاڵییە توورە و گڕگرتووەکان
هەر هەموویان
بڕوایان بە بەرزییەتی و شکۆمەندی فەرەنسایە
تا سەر ئێسقان
مارا..
تۆ هەست ناکەی ئەم نیشتمانپەروەرییە
ملهوڕی و شێتییە
من عومرێکە پاڵەوانبازییم بەلاوە خستووە
کاری من نییە..



بۆ قارەمانەکان بەجێم هێشتووە
من نەک خەمی ئەم وڵاتە..
خەمی وڵاتانی هەموو دونیام فەرامۆش کردووە
**کۆلیە:** (*دەنگ هەڵدەبڕێ و پەنجەشی بەحەواوەیە*)
ئاگاتان لە خۆتان بێ
**نەخۆشێک:** (لە دواوە) بژی ناپلیۆن و گەلەکەی
(*قریوەیەک لە دواوە*)
**کۆکۆل:** (*لە دواوە هاوار دەکا*)
بژی..
هەر هەموو ئیمپراتۆر و پاشا و قەشە و..
پاپاکان.. هەر بژین
(*لە دواوە ناڕەزایی و غەڵبە غەڵبێک دێتە بەرگوێ*)
**پۆلپۆخ:** دەبا هەر زۆرتر بێ شۆربای ڕوون و کراسی شێتەکان
**ڕۆسینۆل:** هەر بژی مارا
**ڕۆ:** هەر لە برەودا بێ شۆڕش
**ساد:** (*لە نێو ئەو هەرایە دەنگ هەڵدەبڕێ*)
ئاسانە.. دەتوانی وابکەی هەر دروشمە و زیندوو بێتەوە
جووڵەی جەماوەر هەر لە برەودا بێ
بەڵام جووڵەیەکی نێو بازنەیەکی بەتاڵ و داخراو
کە شەڕخوازانە بخولێتەوە
(*لە دواوە فیکە و هەرایە.*
*نەخۆشێک لەسەر شێوەی بازنەیەک خول دەخواتەوە،*

*یەکێکی تر بەدوایدا.. یەکێکی تر*

*هەندێک لە برینپێچەکان بەدوایانەوە ڕادەکەن و دەیانگرن.)*

**ساد:** من بڕوا بەئایدیالیستەکان ناهێنم

ئەوانە بەکوێرە ڕێدا دەڕۆن

من بڕوام بەهیچ قوربانییەک نییە

با بۆ مەسەلەیەکی پیرۆزیش بێ

من تەنیا بڕوام بەخۆمە.. خۆم و بەس

**مارا:** (*بەتوندوتیژی دەڕوانێتە ساد*)

بەڵام من وەک تۆ نیم.. گەلێ بڕوام بەشۆڕشە

ئێمە بووین تەخت و تاراجی حوکمڕانەکانمان..

تێکوپێک شکاند

ژمارەیەکی زۆریشیان ڕای کرد و قووچاندی

وەلێ ئێستا لەبری ئەوان

کۆمەڵێ کەسانی تر هاتوون

کە هەمیشە بۆ ئەوە ئامادە بوون

لەگەڵ ئێمە مەشخەڵ و ئاڵا هەڵبگرن

وەلێ ئەوانیش ئێستا

خەون بەو ڕۆژە خۆشانەوە دەبینن کە بەسەرچوون

ئەمێستا ئاشکرا و ڕوونە

کە شۆڕشیان کرد بەداردەستی بازرگان و خواپێداوەکان

هەموو بۆرژوا و سەرمایەدارەکان

کە چینێکی تازە و سەرکەوتوون



ئێمەش بووینەتە کەری ژێر بار و دەنقێنین

ئێمە..

ئێمەی هەمیشە مایە پووچ

لە مەیدانی هەموو گرەوێکدا دۆڕاو

**چوار گۆرانیبێژەکە**: کۆمەڵێ مەیموونی قەڵەو کە بەرگی بەریان

پارەی کاغەزە

لە حەوزی شامپانیا و براندی مەلە دەکەن

شەرابی هەمە تەرزە

ئەوان لە نێو پارە و دراودا

ئێمەش لە نێو قوڕ و لیتاودا.. دەگەوزین

کۆمەڵێ زەلامی تەڵەکەباز کە لە غۆڕێلا دەچن

ئاواتەخوازن تەفروتوونا بین. ئاواتەخوازن

دەشێ خواپێداوەکان چەند پارچە زەوییەکیان لە کیس بچێ

وەلێ ئێمەی دەست کورت هەر هەموو شتێ

ئەم شۆڕشە وێرانەیە

هەر دەڵێی خەراباتە

هەر یەکێ لەو ورگنانەش

بەدەست خواردنەوە لە فەلاکەتە

ئەوانە بیر لە هیچ شتێک ناکەنەوە

تەنیا لەوەی خەڵکی بگوشن و بیچەوسێننەوە

وەلێ تەنیا ئێمە دەدۆشن

جگە لە ئێمە کێ دەڕووتێتەوە..؟

## ١٩

## یەکەمین هاندانی جاک ڕۆ

**ڕۆ:** (*باز دەداتە سەر تەختەیەک و هاوار دەکا*)

دەست بەرە چەکەکەت
لە پێناو مافی خۆت بجەنگە
وەدەستی بێنە..هەرچیت گەرەکە
هەر ئێستا و دوای مەخە
ئەگینا دەبێ سەدەها ساڵ چاوەڕێ بیت
ئاگات لێ بێ و سەیر کە..
بزانە گەورەکان چ پیلانێکت بۆ دەگێڕن

(*نەخۆشەکان لە "ڕۆ" نزیک دەبنەوە.. لەو شوێنەی کە کورسی دادوەری تێدایە.*)

ئا لێرەش بێز لە ئێوە دەکەنەوە
چونکە قەت ئەو پارەیەتان شک نەدەبرد
لە خۆتانا خەرجی بکەن
تا فێر بن چۆن بخوێنن و بنووسن
هەر ئێوە تەنیا..
پیاوی ئازا و بەجەرگی کاری ناقۆڵای شۆڕش بوون
کەچی ئەوان کە ئێوەیان دەدی
هەر هەموو لووتی خۆیان دەگرت
گوایە بەبۆنی چڵک و ئارەقەتان..
وەڕس دەبن



دەبێ ئێوەش خۆتان لێیان بەدوور بگرن
تا بۆیان نەکرێ بتانبینن
هۆ لەوێدا
لە نێو نەفامی و بۆنی ناخۆشدا
دەتوانن، بۆ لە دایکبوونی سەردەمێکی تازەدا
تا دوا تنۆک بجەنگن
سەرلەنوێ..
بەهەمان کارە کۆن و قورسەکەی جاران هەڵبستن
لەوێش. لە بەرزایی.. لە نێو نواڵەی خۆردا
شاعیرەکان، بۆ تین و گڕی ژیان، گۆرانی دەچڕن
لە ژوورە زۆر ڕازاوەکان
لەو ژوورانەی پیلانی ڕەشیان تیا دەگێڕا
دەیەها تابلۆش بەدیوارەکانەوە هەڵواسرابوو
دەیەها تابلۆی جوان.. بەبەها
کەواتە هەستنەوە سەرپێ.. ڕاپەڕن
بەرگری لە خۆتان بکەن.. چیتر لە ژێر قامچییەکان ڕامەکشێن
هەستن و بەڕوویانا هەڵشاخێن
لێ گەڕێ با بتانبینن
کە ئێوە کەم نین و گەلێ زۆرن

(*هەر چوار گۆرانیبێژەکە لە نێو بازنەی نواندنەکەدا دەنیشن و بوتڵە شەرابێکیان پێیە و بۆ یەکدی ڕەتی دەکەن. لە دواوەش دوو سستەر توند "ڕۆ" دەگرن و لەسەر سەکۆکە دەیهێننە خوارێ.*)

**کۆلیە:** (*هەڵدەبەزێتەوە*)
باشە بۆ دەبێ گوێ لەم قسانە بگرین
ئێمە کە زادەی سەردەمێکی نوێ و پڕ ڕووناکین
ئیمڕۆ هەر هەموو جەربەزە و شۆڕشگێڕین
بەڵام ئەوەیان خیانەتێکی ڕووتە و..
ڕێی پێ نادەین
**جارچی:** (*فیکەیەکی لە بەرگوێ گران دەکێشێ*)
ئەو قەشەیەی کە ئێستا گوێتان لێ گرتبوو
قەشەیەکی بەناوبانگە.. گەر نایناسن
ئەوە "جاک رۆ"ی بوو
(*بەگۆچانەکەی ئاماژەیەک بۆ "رۆ"ی دەکا*)
ئەو زاتەیە کە دەیەوێ ئاینێکی تازە..
بێنێتە کایە
بەسۆزێکی ئادەمییانە
وازی لە مینبەری کڵێسا هێنا
بەزمانێکی زۆر تووڕە
لە جادە و کۆڵانەکان دەچووە سەر سنووقی سابوون
وەک قەشەیەکی کارامە و پڕ ئەزموون
ڕەوانبێژانە و بەقسەی جوان..
هەمو خەڵکی دەورووژاند
بۆ نموونە دەیوت:
گەر دەتەوێ بەهەشتێک بنیات بنێی



مەچۆرە ئاسمان
بەڵکو وەرە فەرەنسا.. دەبا لێرە دروست بێ.."
"رۆ" ئەو زاتەیە کە لە نێو لەپیا
خەڵکی نان دەخۆن.. تێکڕا
ئەم دەزانێ چی دەوێ
وەلێ نازانێ دەبێ چی بکا
قسە گەلێ سادە و ئاسانە
وەلێ کردەوە پێکردن گرانە
جا بۆیە "رۆ" دوا بڕیاری خۆی دا
کە ببێ بەپەیمان هەڵگری ژان پۆل مارا
مارا ی حەکیم و زۆر دانا
چونکە مارا ببووە وێنەی دووەمی عیسا
ئاشکراشە هەمو گاورێک بە چ سۆزێکەوە
سەیری ئازاری مەسیح دەکا
**رۆ:** (*خۆی دەرباز دەکا* و بۆ پێشەوە *بازێک دەدا*)
ئێمە داوا دەکەین..
هەموو دەرگای عەمبارەکانی گەنم بکرێتەوە
تا بتوانین هەژاران تێر کەین
ئێمە دەمانەوێ..
خۆمان خاوەنی کارگەکان بین
(*هەر چوار گۆرانیبێژەکە گوێ بۆ ئەو هەرایە شل دەکەن، بەڵام*
*هەر زوو بەزوو خۆیانی لێ گێل دەکەن. لەسەر دوا چۆڕی نێو*

*بوتڵەکە دەکەونە شەڕ)*

ئێمە دەمانەوێ..

هەموو کڵێساکان ببنە قوتابخانە

تا بۆ دوا جار بکرێ

شتێکی تیا فێر بن کە خێری تێدا بێ

*(کۆلێ دەستی خۆی دەگوشێ و وەک کەسێک کە نارەزایی خۆی پیشان بدا)*

ئێمە داوا دەکەین هەر کەسێک چی لە توانادا بێ

با پێی هەڵبستێ

بۆ ئەوەی ئەم جەنگە بۆ یەکجاری بوەستێ

جەنگێکی وا لەعنەتی

ئاشی ئەو جەنگەی..

لە بەرژەوەندی بازرگان و هەلپەرستەکاندا..

دەگەڕێ

هەر ئەو تەماعکارییە دەبێ بەمایەی چەندان شەڕی تر

*(کۆلێ ڕووەو "ساد" دەچێ و دەیدوێنێ، بەڵام "ساد" گوێی پێ نادات.)*

داوامان ئەوەیە..

ئەو کەسانەی ئاگری ئەم شەڕەیان هەڵگیرساند

خۆیان هەموو زەرەرەکەی بژمێرن

*(هەر چوار گۆرانیبێژەکە لەسەر کارە عەنتیکەکانیان بەردەوامن.)*



دەمانەوێ هەر ئێستا و تا ئەبەد

مەسەلەی سەرکەوتنی مەزن

لە لایەن سوپای دلێرەوە

نەمێنێ و.. هەتا هەتایە بسڕێتەوە

هیچ لایەک مەزن و گەورە نین

هەردوو لا کۆمەڵێ پیاوی تۆقیون

کە لە ترسانا دەرپێکانیان پیس دەکەن

هەر هەمووشیان هەمان شت دەخوازن

بێهوودە نەخرێنە ژێر گڵ و

چی تریش بەدارشەق ڕێ نەکەن

**کۆلیە:** *(بەسەریا دەنگ هەڵدەبڕێ)*

ئەمەیان ئەوپەڕی هەرەس و نووچدانە

چونکە هەر لەم ساتەدا

سەربازەکان لە پێناو سەربەستی خۆمان و هەموو دونیا

گیان لەسەر دەستان دەجەنگن

*(بەتوندی ڕوو دەکاتە ساد)*

ئەم دیمەنەیان لە شانۆگەرییەکەدا نەبوو

**ساد:** *(ئەویش دەدوێ.. بێ ئەوەی گوێ بەنارەزایی کۆلیە بدا)*

ئافەرین.. جاک رۆ.. براڤۆ

زۆرت لێ دێ.. دەوری قەشە و مالۆ

چاکترین شێواز ئەوەیە ئیمرۆ

لە ژێر عەبای قەشەکەیدا..

جارِ دەی بۆ شۆڕش.. جاک رۆ

*(دوو برینپێچ "رۆ" بەرزەفت دەکەن و دەیبەنە دواوە. دوپیرێ زۆر شێتانە خۆی لە کۆردی نزیک دەکاتەوە و دەستی بۆ دەبا.. بەڵام ئەم بێباکە و گوێی پێ نادا. نەخۆشەکانیش شێواوانە دێنە پێشەوە.)*

**رۆ:** *(لەو کاتەی کە بەکورسییەکە دەیبەستنەوە)*

مارا وەختی خۆتە و هەل مەبوێرە
هەر ئێستا وەرە دەرێ و
خۆت نیشانی خەڵکی بدە
وەرە دەرێ و سەرقافڵەچی خەڵکی بە
ئەوان هەر هەموو چاوەڕێن
هەر ئێستا
چونکە ئەم شۆڕشە
وەک بروسکێک تەمەن کورتە
بۆ ساتەوەختێ
لە نێو ڕۆشناییەکی کوێرکەردا
هەموو شتێ دەسووتێنێ..
دەئایسێنێ



## ٢٠.

## ئاغای دی ساد بەر جەڵدە دەکەوێ

*(رۆ ئامبازێکی بۆ دەکا، کورسییەکە هەر بەپشتییەوە بەندە، بەرزەفتی دەکەن. پاڵ بەنەخۆشەکانەوە دەنێن تا بچنە دواوە. ساد بەشێنەیی دێتە نێو بازنەی نواندنەکە و دەدوێ، بەڵام بێ ئەوەی گوێ بەهات و هاواری دەوروبەری بدا.)*

**ساد:** مارا..

ئیمرۆ ئەوان تۆیان گەرەکە
چونکە تۆ لە پێناو ئەواندا دەتلێیتەوە
ئەوان تۆیان گەرەکە
ئەو گۆزەیەش بەپیرۆز دەزانن کە خۆڵەمێشی تۆ دەگرێتە خۆی
بەڵام ڕۆژێک دێ بگەڕێنەوە و ئەو گۆزەش وردوخاش کەن
ئەوسا دەپرسن..
مارا.. ئەو مارایە کێیە
مارا.. هەر ئێستا پێت دەڵێم
من چۆن لەو شۆڕشە دەڕوانم
ئەو شۆڕشەی خۆم تیا بەشدار بووم
*(تا دێ دواوەی شانۆکە هێمنتر دەبێتەوە)*
ئەو کاتەی لە "باستیل" دەستبەسەر بووم
بووم بەخاوەنی بیروباوەڕی خۆم
هەر لەوێ پێگەیشتم و فێری گەلێ شت بووم
وەک بلێی ئارەقە دەرکەم
ئاوا بیروباوەڕ لە ناخمەوە

له ژێر زەبر و شریخەی قامچی خۆمدا
دەهاتە دەر.. هەڵدەقولا
نەک هەر ئەوەندە و بەس..
تا دەهات لەگەڵ خودی خۆمدا ڕق ئەستوورتر دەبووم
دەشمزانی ئەو کەم زانینەم بەلایە
بۆیە دەموت: دەبێ فێر بم
هەر لە نێو تاریکی ئەو زیندانە و لە خەیاڵی خۆمدا
دەیەها نوێنەری دڕندە ئاسام دەخولقاند
دەیەها نوێنەری ئەو چینەی دادەڕما و دەمرد
کە تەنیا لە نێو کەشوهەوایەکی شانۆ ئامێزانە
دەیانتوانی هێزی خۆیان بخەنە کار و
هێشتا بوێرن خۆیان تاقی کەنەوە
چی چەپەڵی لەم چینەدا هەیە
توانیم هەر هەمووی.. زۆر بەوردی
بخەمە سەر کاغەز و بینووسمەوە
چی شەڕ و وەحشییەت لە ناخمدایە
توانیم لە ڕەگەوە دەریانبێنم
لە کۆمەڵگایەکی پڕ لە تاوان
چی تاوان لە خۆمدا شک دەبەم
توانیم ڕیشەکێشی کەم
تەنیا بەم شێوەیە توانیم لە خۆم و
لەم سەردەمە تێ بگەم
چی تاوانی ناشیرین هەیە



کە پاڵەوانە خەیاڵییەکانی خۆم پێی هەڵدەستان
منیش پێی هەڵسام
چی ئازار و ئەشکەنجەیە کە ئەوان پێی تلانەوە
منیش پێی تلامەوە
وەک ئەوان دارکاری کرام.. بەسترامەوە.. چەوسامەوە
بگرە تا ئەم حەلەش..
پڕ بەدڵ حەز دەکەم ئەو شۆخە لە باوەش بکەم
*(ئاماژە بۆ "کۆردی" دەکا کە لەم ساتەدا دەیهێننە پێشەوە)*
کە لەوێ وەستاوە و بەپەرۆشەوە چاوەڕێیە
لەو کاتەی کە من سەبارەت بەشۆڕش دەدوێم
لەو دەگەڕێم بەکەیفی خۆی دارکاریم کا
بەقامچی دەستی هەموو گیانم هەلا هەلاکا.

*(سستەرەکان "کۆردی" دەبەنەوە نێو "بازنەی نواندنەکە". "ساد" قامچییەکی دەداتێ کە چوار پێنج سەری هەیە. ساد کراسەکەی بەری دادەدڕێ و پشتی ڕووتی دەکاتە کۆردی، وەستاوە و ڕووی لە جەماوەرە. کۆردییش لە پشتییەوە وەستاوە و نەخۆشەکانیش لە دواوەڕا هێدی هێدی بۆ پێشەوە هەنگاو دەنێن. خانمان لەسەر سەکۆکەکەی "کۆلیە" وەستاون و بەپەرۆشەوە چاوەڕێن.)*

سەرەتا شۆڕشم بەهەلێکی چاک زانی
بۆ تەقینەوەی تۆڵەی گەورە و ترسناک
یان بۆ فیستیڤاڵێکی بەدڕەوشتانە و بەرەڵڵا
بەر بەرەڵڵاتر لە دونیای نێو خەونەکانم

(کۆردی لەسەرخۆ قامچییەکە بەرز دەکاتەوە و ڕایدەوەشێنێ.
ساد خۆی کووڕ دەکاتەوە.)
وەلێ دوایی بینینم
کاتێ خۆم لە هۆڵی دادگا دانیشتم
(شریخەی قامچی. ساد هەناسەبڕکێیەتی)
نەک وەک جاران.. هەمیشە تاوانبار
بەڵکو وەک حوکم بەدەستێک
بینینم کە هەرگیز بەمن ناکرێ
زیندانییەکان بخەمە ژێر دەستی جەللادێک
(شریخەی قامچی)
چیم لە توانادا بوو کردم
دەرگای زیندانم بۆ خستنە سەر پشت
یارمەتیم دان تا سەرفراز و ئازاد بن
هەر ئەوسا زانیم کە من ناتوانم کەس بکوژم
(شریخەی قامچی. ساد وا گران هەناسە دەدا وەک کەسێک
نەخۆشی تەنگەنەفەسی لەگەڵدا بێ.)
گەرچی کوشتن..
تەنیا بەڵگەیەک بوو بۆ مانی من
کەچی ئێستا
(شریخەی قامچی. بەهەناسەیەکی سوارەوە دەناڵێنێ)
گەر بەس بیر لە کوشتن بکەمەوە
ئەوە زارەترەک دەبم
مانگی گەلاوێژ بوو کە بەم چاوانە دیم



لە دێری "کارمیل" چ بەزمێک دەگێڕن
چ تاڵانی و دزی و فڕکان فڕکانێک
کە وای لێ کردم لە خەفەتانا دوو قەد ببمەوە
هەر لە هۆڵی دادگاکە بڕشێمەوە
(کۆردی دەوەستێ.. زۆر گران هەناسە دەدا)
هەموو شتێکم دی
هەرچییەکی پێشبینیم کردبوو هاتە دی
(دەکەوێتە سەر ئەژنۆ. کۆردی لە بەردەمیا وەستاوە)
گەلێ ئافرەتم بینی بەدەم ڕاکردنەوە
دەست و پەنجە سوور.. بەخوێنەوە
گەڵ و گونی بڕاوی پیاوان بەدەستەوە
(کۆردی دیسانەوە بەقامچییەکە دایدەگرێتەوە. ساد دەناڵێنێ و
بەپێشەوەدا دەکەوێ.)
پاشان هەر دوای چەند مانگێکی کەم
(هەناسەسوارییەکە قسەی پێ دەبڕێ)
بۆ هەمیشە و بەردەوام
گالیسکەکان سیخناخ لە خەڵکی
ڕووەو قەنارەکان ڕادەبوردن
تەوری مل پەڕێنیش.. نە جارێک.. نە دوو.. نە هەزار جار
تاوێ بەرز دەبووەوە و تاوێ بەتاو دەهاتە خوار
(شریخەی قامچی)
گوایە ئەوەی دەکرێ تۆڵەیە.. بەڵام تۆڵە لە چی
ئای لە مەرگی وا بێ مانا

چەند بەمیکانیکی ئەنجام دەدرا
*(لێدانێکی تر. ئەم وێک دێتەوە. کۆردی وەک رم بەپێوە وەستاوە)*
ئای کە نامرۆڤانە و بێزارکەر بوو
قەت کەس بەقەد ئەوان لە کوشتن و بڕیندا
هونەرکار نەبوو
(*شریخەی قامچی*)
ئەمێستا مارا
(*شریخەی قامچی. ساد گران هەناسە دەدا*)
من چاک دەزانم مارا..
ئەم شۆڕشە بەرەو کوێ دەمانبا
(*کۆردی بەهەناسەسواری و قامچی بەدەستەوە.. لەسەر سەری "ساد" وەستاوە. دوو سستەر لێی دەچنە پێشێ و بۆ دواوە ڕایدەکێشن. کۆردی خۆی بۆ شل دەکا، دەڕوا و قامچییەکە بەدوای خۆیەوە ڕادەکێشێ. ساد کەوتووەتە سەر ئەژنۆ و هەر بەردەوامە.*)
بەرەو نەمانی مرۆڤ.. وەک زاتێکی تاک
تا هێدی هێدی دەتوێتەوە
دەخزێتە نێو ئەوانی تر.. یەک ڕەنگ و یەک شێوە
ئیتر کەس بۆی ناکرێ..
هیچ شتێک بەخودی خۆی هەڵبژێرێ
ئەوساش دەبێ نکوڵی لە هەموو شتێکی زاتی بکرێ
دەمانبا ڕووەو لاوازی و ئیفلیج بوونێکی کوشندە



لە مەملەکەتێک کە هیچ پێوەندی بەتاکەوە نامێنێ
ئەو مەملەکەتەی شوورەی پتەو دەبێ و
کەسێک ناتوانێ گەمارۆی دا و بیگرێ
بۆیە دەگەڕێمەوە ئەو شوێنەی لێوەی هاتووم
منیش یەکێکم لەوانەی..
کە دەبێ بەدەستی ئەوان ببەزێ
جا لە نێو کارەساتی ئەم بەزین و داڕووخانە
دەمەوێ هەر بەهێز و توانای خۆم
چیم دەستگیر دەبێ وەدەستی بێنم
لەو قاوغەی خۆم دێمە دەرێ
لە هەموو ئەو شتانە ڕادەمێنم کە دەقەومێ
بێ ئەوەی تیایدا بەشدار بم
سەیر دەکەم.. ورد دەبمەوە
تێبینی و سەرنجەکانیشم دەنووسمەوە
بەچوار دەوریشما، جگە لە کپی و خامۆشی، هیچی تر نابیستمەوە
بێ دەنگی.. ماتی
(*دەوەستێ و گران هەناسە دەدا*)
ئەو کاتەش کە نامێنم و فەنا دەبم
دەمەوێ هیچ شوێنەوارێک لە دوای خۆم جێ نەهێڵم
تا بۆم بکرێ ئەسەری بوونم بسڕمەوە
(*کراسەکەی هەڵدەگرێ دەچێتەوە سەر کورسییەکەی خۆی لەسەرخۆ کراسەکە لەبەر دەکا*)

## ٢١

## مارای پیر و بەستەزمان

**مارا**: (*کوورِ بووەتەوە و شەکەت دیارە*)

سیمۆن.. سیمۆن

(*وەک کوێرێک چاو لە مۆڵەق دەڕوانێ*)

ئەوە دونیا بۆ وا تاریکە

وەرە پێشەوە.. پارچە پەڕۆکێک تەڕ کە و بیخەرە سەر تەوێڵم

خاولییەکی تر بێنە و بیخەرە سەر هەردوو شانم

من تێ ناگەم..

ئاخۆ لە گەرمانا خەریکە هەڵپرووکێم

یان لە سەرمانا هەڵدەلەرزم

(*سیمۆن بەسەر سەرییەوە وەستاوە و ئامادەیە.. زۆر بەقورسی دەجوولێ، دەستێک دەخاتە سەر تەوێڵی مارا، پارچە پەڕۆکەکانی بۆ دەگۆڕێ، باوەشێنی لێ دەکا. نەخۆشەکان لە پشت "بازنەی نواندنەکەوە" دانیشتوون و ئەژنۆیان ناوەتە بەر سینەیان وێک هاتوونەتەوە.*)

سیمۆن..

ئادەی بانگی "باز" بکە و با بێ

دەمەوێ بانگەوازەکەی پێ بنووسمەوە

بانگەواز.. بۆ هەموو گەلی فەرەنسی

(*سیمۆن بەترسەوە سەر ڕادەوەشێنێ و دەست دەخاتە سەر دەمی.*)



سیمۆن

کوا کاغەز.. کوا دەفتەرەکانم

هەر ساتێ لەمەوبەر لێرە دیمن

ئەوە پێم ناڵێی دونیا بۆ وا تاریکە

**سیمۆن**: (*ئەو کاغەزانەی لێ نزیک دەخاتەوە کە لەسەر بۆردەکە بوون.*)

ئەوەتا لێرەن.. ئەوەتا

بۆ تۆ نایانبینی مارا

**مارا**: ئەی کوانێ مەرەکەب

کوا قەڵەمەکەم..؟

**سیمۆن**: (*ئاماژەی بۆ دەکا*)

ژان پۆل ئەوەتا قەڵەم لە بەردەستتە

ئەوەتا مەرەکەبەکەش. هەردووکیان.. ئەوەتا

لە شوێنی هەمیشەیی خۆیان

ئەو تاریکییەش هیچ

پەڵە هەورە و بەر خۆری گرتبوو

پا دەشێ چڕە دووکەڵ بووبێ

چونکە ئەوان ئێستا

چی لاشەی کوژراوەکان هەیە دەیسووتێنن

(*سەدای ئۆرکێستراکە بەرز دەبێتەوە. هەر چوار گۆرانیبێژەکەش دێنە پێشەوە.*)

**چوار گۆرانیبێژەکە**: (*لەگەڵ ئیقاعی مۆسیقاکە دەکەونە گۆرانی چڕین.*)

مارا ی پیر و بەستەزمان..
ئەوان دەیانەوێ ڕاوت بکەن.. بتهەنجنن
سەگە بەرەڵڵاکانیان تاو داوە و..
کون بەکونی شار دەپشکنن
هەر دوێنێ بوو توانییان نووسینەکانت بدڕن
ئێستاش لە ناوونیشانی ماڵەکەت دەپرسن
مارای پیر و کەنەفت ئێمە بروامان بە تۆ هێناوە
تۆیەک کە ناسرەویت.. بۆ ئێمە هەر دەنووسیت
ئەوەتا چاوانت دەڵێی گۆمی خوێناوە
وەلێ ئەو کاتەی تۆ هەر دەنووسیت..
ئەوان وەک سەگ هەر بە دواتەوەن
زرمەی پۆستاڵ لەسەر قاڵدرمەوە..
دەرگاکەت بەیەک دادەن
(*کۆرسیش بەشدار دەبێ*)
مارا ئێمە هەژارین و هەر بەهەژاریش دەژین
مارا بەسە.. چیتر وا مەکە چاوەڕێ بین
ئێمە مافی خۆمان دەوێ..
بێ دەربەست لەوەی چۆن دەبێ
ئێمە شۆڕشی خۆمان گەرەکە..
بێ دواخستن.. هەر ئێستاکێ
(*مۆسیقاکە کۆتایی دێ. گۆرانیبێژەکان دەگەڕێنەوە دواوە.*
*نەخۆشەکان پەردەی شانۆ دادەدەنەوە*)



## ٢٢

## دووەم دەمەتەقێی نێوان کۆردی و دوپیرێ

*(سستەرەکان و دوپیرێ خۆیان سەرقاڵ کردووە و خەریکی "کۆردی"ین.. بەیەکەوە بەرزی دەکەنەوە.. سستەرەکان جلوبەرگەکەی بۆ ڕێک دەخەن و شەفقەکەی دەنێنەوە سەری جاڕچی دێتە پێشەوە و سێ جار بەگۆچانەکەی لە زەوی دەدا.)*

**جاڕچی:** (*چەند جارێک فوو بەفیقەنەکەدا دەکا*)
ئێستاش دوای ئەوەی کە ئەم هەموو کارە جەرگبڕانەمان
خستە بەرچاوتان
با لایەک لە دیوەکەی تری ژیان بکەینەوە
دەبا تۆزێ سەیری دیوە ڕۆشنەکەی
ڕاستە ژیان ستەم و ناخۆشی و بەڵایە
مەینەتی و مەرگ و.. گرانەتایە
بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو مەرگەساتە
یاسایەکی گشتی هەیە و هەر لە برەودایە
ئەویش ئەوەیە تام و لەزەتی خۆشەویستی
هەم دەستوورە و هەم یاسایە
ژیانیش بەتەنیا ڕق و تووڕەیی و مەرگەسات نییە
بەڵکو ئەوینی ڕۆحپەروەرانەشی تیایە
هەر بۆ نموونە: سەیرێکی ئەم جووتە بکە
ئای لەو ئەوینە پاک و بێ لەکە
*(بەیارمەتی سستەرەکان کۆردی دەبەنە ناوەڕاستی شانۆکە.*

دوپیرێ باسکی تێوە دەئاڵێنێ.
جارِچی بەگۆچانەکەی ئاماژەیەکی بۆ دەکا )
ئەم بەقژ جوان و ڕێک تەسریحە کراو
(ئاماژە بۆ قژی دەکا )
ڕوویەکی پاک.. سەرنجڕاکێش.. مەیلەو زەردباو
(ئاماژە بۆ سیمای دەکا )
چاوانی پڕ بریقەی ئەسرین تیا قەتیس ماو
(ئاماژەی چاوانی دەکا )
لێوانی گەییو.. پڕ تەزووی شەکراو
کە بێ دەنگ دەگرین
بۆ فریادرەسێک بیانپارێزێ..
غیرەتی پیاو
(ئاماژە بۆ لێوانی دەکا )
ئەو هەموو ئامێزگرتنەش دەیسەلمێنێ
کە سۆزی ئەم بۆ کۆردی.. خەریکە بیسووتێنێ
(ئاماژە بۆ دوپیرێ دەکا . لەم کاتەدا پێیەکانی کۆردی بەرز دەکاتەوە و پێڵاوەکانی ماچ دەکا . پاشان بە بارانە ماچێک قاچی کۆردی دەشواتەوە. بەڵام پاڵێکی پێوە دەنێ.)
سەیری.. دوپیرێ
چەند بەجوانی.. چەند ئاسایی دێت و دەچێ
(دوپیرێ سەنگی خۆی ون دەکا و زۆر بەناشیرینی قووناوقوون دەکەوێ، بەڵام دەستبەجێ ڕاست دەبێتەوە و بەشێوەیەکی زۆر



گاڵتەجارانە لە بەردەم کۆردیدا هەندێ ڕەفتاری عاشقانە دەنوێنێ.. کەچی ئەم وەک ئەوەی بێزی لێ بکاتەوە ڕوو وەردەگێڕێ.)
سەیری کە چۆن لەسەر ئیقاعی سۆز و ئەوین
دڵی لێ دەدا .. وا بەتاو و تین
(ئاماژە بۆ سینەی دوپیرێ دەکا )
دەی با بەیەکەوە تێر بڕوانین
بڕوانینە توانەوەی خوێنی دوو دڵی پڕ ئەڤین
ئەڤینی ڕاست و پڕ لە تین
بەر لەوەی سەریان لە ملیان جیاکەنەوە
بکرێن بەخۆراکی مەرگی ناشیرین
(ئۆرکێستراکە مۆسیقای "کۆردی" دەژەنێ. دوودڵە و ڕادەمێنێ، بەدوای قسەکانی خۆیدا دەگەڕێ.)
(جارِچی قسەکانی بیر دەخاتەوە)
**جارِچی:** ڕۆژێ دێ ئەو خەونە بێتە دی
**کۆردی:** (لەسەر نەزم و هەوای "ئاریا" )
ڕۆژێ دێ ئەو خەونە بێتە دی
وای لێ دێ مرۆڤ لەگەڵ خۆی و خەڵکی دی
ئاشت و ئاشنا بێتەوە
لەوپەڕی ڕێکی و تەبایی بژی
**دوپیرێ:** (دەست و باسکی کۆردێ بە ماچ دادەگرێتەوە)
ئەو ڕۆژە دێ دەبێ بێ

*(دەست بەقــژی دادەهێنـێ.. لەســەر هـەوای "ئاریا" گــۆرانـی دەچڕێ.)*

کە کۆمەڵگا هەموو هێزی بۆ ئەوە تەرخان دەکا
تا مرۆڤ بپارێزێ و بەرگری لێ بکا
تا هەر کەسە و سەربەستی خۆی وەدەست بێنێ
ببێتەوە خاوەن خودی خۆی
ئەو مرۆڤەی کە هەرچەندە تێکەڵ بەوانی تر دەبێ

*(دەستێک بۆ ژێر کراسەکەی کۆردی درێژ دەکا. کۆردی ناهێڵێ و لێی دوور دەکەوێتەوە.)*

بەڵام بەتەنیا گوێ لە دەنگی نێو زاتی خۆی دەگرێ
جا هەر بەم پێیە سەربەست دەبێ

*(دوپیرێ دەیەوێ نێو دەمی کۆردی ماچ بکا. کەچی ئەم لێی دوور دەکەوێتەوە.)*

**کۆردی:** کۆمەڵگایەک دروست دەبێ
کە تیایدا هەموو مرۆیەک بڕوای ئەوەی پێ دەکرێ
خۆی حوکمی خۆی بکا و.. نەترسێ

**دوپیرێ:** *(کۆردی دەگرێ و زۆر بەتوندی لە ئامێزی دەگرێ)*
ڕۆژێک دێ..
لەسەر ڕێکەوتنێکی بنەڕەتی
دەستوور و یاسایەک بەرپا بێ
کە هەموو جیاوازییە سروشتییەکانی مرۆڤ

*(کۆردی بەپشتدا دەڕوا و دوپیرێ دوای دەکەوێ.)*



دەکەوێتە نێو بازنەی سیستمێکی باڵا و پیرۆزتر
*(هەناسەسوارە)*
تاکو هەر هەموویان..
بام لە وزەی لەش و بیریشدا جیاواز بن
لە ژێر سایەی یاسا و ڕێکەوتنێکی ڕێگە پێدراو
هەر هەموو وەک یەک لە کاروانە مەزنەکە..
بەشدار دەبن

*(هەناسەی حەوانەوە دەدا، پاشان شێوەیەکی زۆر لەبار و گونجاو وەردەگرێ تا هەموو بەیەکەوە تابلۆیەکی ڕەنگین بسازێنن.)*

## ٢٣

### ئەو درۆیانەی کە دەیکەن

*(مارا لە شوێن خۆی بەرز دەبێتەوە. سستەرەکانیش کۆردی دەبەنە دواوە. دوپیرێ دوای دەکەوێ.)*

**مارا:** هەرچییەکی کە دەیڵێن: سەبارەت بەمەملەکەتی خەیاڵی
مەملەکەتی فەڕ و بەرەکەت و تەبایی و یەکسانی
سەرتاپا درۆیە و دوورە لە ڕاستی
قەت ڕۆژێ نایە دەوڵەمەندەکان..
بەسانایی واز لە موڵک و ماڵی خۆیان بێنن
هەر ئاوا بەویستی خۆیان دەسبەرداری ماڵ و سامان بن
خۆ ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان.. لێرە و لەوێ
بەحوکمی زرووفێکی تایبەتی
وای لێ بێ دەسبەرداری کەم شتێک بن
ئەوە بزانە وا ناکەن تا لەوە دڵنیا نەبن
کە ڕۆژێ دێ..
هەرچییەکیان لە دەست چووە بێتەوە جێ
لەوانەشە واتەواتێک بەنێو خەڵکیدا بڵاو کەنەوە
بڵێن: کرێکاران ڕۆژانەیان بەرز دەبێتەوە
ئاشکرایە بۆ..

*(لە پشت پەردەکەوە نەخۆشێک سەر دەردێنێ کە لە ناوەوە دەکرێتەوە.)*

چونکە ئەوان لەوە دڵنیان کە ئەم کارە



بەرهەم و هەم داوای خەڵکی زیاتر دەکا.
سەدبارە
هەر بەم پێیە گەنجینەی زێڕینی دەوڵەمەندەکان
تا دێ پڕتر دەبێ
قەتیش لەو بڕوایەدا مەبە
بێ زەبری گرەو لەوان ببەیتەوە

*(نەخۆشەکان بەدوای یەکدیدا ڕاست دەبنەوە و لەسەرخۆ بۆ پێشەوە هەنگاو دەنێن، ورد گوێ دەگرن. کۆردی لەسەر سەکۆکەی خۆی ڕادەکشێ. دوپیرێ بەسەریا دەچەمێتەوە.)*

نەکەن بێڵن دەستخەڕۆتان کەن
هەتا گەر گڕی شۆڕش بۆ یەکەم جار بکوژێتەوە
ئەوان زۆڵن. پێتان دەڵێن:
ئێستا هەموو شتێک لە جاران چاکترە
هەتا گەر کەسیش نەبوونی پێوە دیار نەبێ
سەیر نییە..
چونکە ئەوان دەزانن چۆن بیشارنەوە
هەتا گەر تۆزێ زیاتر پارەت دەست کەوت و
توانیت گەلێ شتی تازە و بەڵام بێ کەڵک بکڕیت
ئەو شتانەی لە کارگە تازەکان دروستی دەکەن
بەزۆریش بەسەر و کۆڵی ئێوەی دادەن
هەتا گەر وات هاتە بەرچاوان
کە تۆ حاڵت باشە و پترت هەیە لە جاران
دەستخەڕۆ مەبە..

چونکە ئەوەیان تەنیا دروشمێکی ئەوانە
ئەوانەی هێشتا هەزار ئەوەندەی تۆ
بەرباخەڵ و گیرفانیان گرانە
*(نەخۆشەکان و هەر چوار گۆرانیبێژەکە بەهێمنی بۆ پێشەوە هەنگاو دەنێن.)*
نەکەن باوەڕیان پێ بکەن
کە باوکانە دەست دەخەنە سەر شانتان و
پێتان دەڵێن:
ئەم جیاوازییە هیچ نییە و ئەوە ناهێنێ لێی بدوێین
هیچ شتێکیش شایستەی ئەوە نییە
لە پێناویدا بەشەڕ بێین
*(کۆلیە ڕاڕا و نارەحەتە.. سەیرێکی دەوروبەری خۆی دەکا.)*
چونکە گەر بڕوایان پێ بکەن
*(ڕوو دەکاتە خەڵکەکە)*
بەتەواوی دەبنە سەردار و گەورەی ئێوە
ئەوسا ناتوانن لە نێو کۆشکە مەرمەڕی و
بانقە لە گرانێت بنیاتنراوەکان
هیچ زەفەرێکیان پێ ببەن
هەر لەو شوێنەی کە خەڵکی تیا تاڵان دەکەن
هەر بەناوی ئەوەی..
گوایە شارستانییەتیان بۆ دێنن
*(کۆلیە سەکۆی خۆی جێ دێڵێ و بەپەلە ڕووەو "ساد" مل دەنێ. قسەی بۆ دەکا.. بەڵام "ساد" گوێی پێ نادا.)*



وریای خۆتان بن..
چونکە هەر کاتێ عەقڵیان گرتی
ڕووەو مەیدانی جەنگ دەتاننێرن
تا پارێزگاری زێڕ و زێوی ئەوان بکەن
*(ساد بەرز دەبێتەوە و ڕووەو بازنەی نواندنەکە دەچێ.)*
کە هەمیشە چەکیان لە برەودایە
جار لە دوای جار چاک و پێشکەوتووتر
لە ژێر سایەی زانا و کڕاوەکان
تا دێ بەرباد و کوشندە و ترسناکتر
تا وای لێ دێ بەتەنیا ئیشارەتێک
ملیۆنەهای وەک ئێوە لەت و پەت دەبێ
**ساد:** تۆ کە لە نێو ئەو حەوزە ڕاکشاویت
ئەوەندە خۆت خوراندووە.. دەڵێی نقومی خوێناویت
سەیری هەموو لەشت بڵقە و.. چۆن ئاوساویت
*(کۆلیە بەڕەزامەندییەوە سەر دەلەقێنێ و دەگەڕێتەوە سەر سەکۆکەی خۆی.)*
تۆ کە ئەم حەوزەت کردووە بەدونیای خۆت
لێی ڕاکشاویت
هێشتا لەو بڕوایەدای کە دادپەروەری..
شتێکی بەرکەماڵ بێ
هێشتا لەو بڕوایەدای هەر هەموو خەڵکی وەک یەک بێ
هێشتا لەو بڕوایەدای کە هەموو کار و پیشەیەک

له بەهایدا هاوتا و..
وەک یەک جێی ڕەزامەندی و بایەخ بێ
هێشتا لەو بڕوایەدای کە هیچ مرۆڤێک نایەوێ
لە هاوەڵەکانی دەوروبەری گەورەتر بێ
تۆ بیرتە گۆرانییە کۆنەکە چی دەڵێ..؟!



## ٢٤

## گۆرانی و پانتۆمایمێک بەمەبەستی نەوازش

بۆ چەوسێنەر و سوود وەرگران

*(هەر چوار گۆرانیبێژەکە پانتۆمایمێک ئەنجام دەدەن کە تیایدا بەها و نرخی هەموو ئەو شتانە دەردەخەن کە "ساد" ناویان دێنێ.)*

**ساد:** ئەم کابرایە هەمیشە بەلەزەتترین کێک و
ئیشی هەویرمان بۆ دەکا
دووەمیان: لە لەش شێلاندا هیچ هاوتای نییە
سێیەمیان: کەس وەک ئەو قژ ڕێک ناخات
چوارەمیان: براندی ئەو.. ئیمپراتۆر خۆی دەیخواتەوە
پێنجەمیان: چی هونەری ڕەوانبێژی هەیە دەیزانێ
شەشەمیان: چی گوڵە باخی دەگمەن و جوانە دەیڕوێنێ
حەوتەمیان: چ خواردنێکی نێو کتێبان هەن..
ئەم چاک دەیزانێ
هەشتەمیان: چی بەرگی جوان و بێ عەیبە.
بۆتی دەدوورێ
تۆ لەو بڕوایەدای کە ئەو هەشت کەسە شاد بن
گەر هەریەکێکیان بتوانێ بەرز بفڕێ
بەڵام بەر لەوەی ئەوەندە بەرز بێتەوە
لە ڕێی چوونیدا بەرەو کەعبەی یەکسانیی
چەندان جار ساتمە بکا و بەربێتەوە
لەو بڕوایەدای شاد بن..
گەر هەریەکێکیان ببێ بەهەڵقەیەکی زۆر بچووک

له زنجیرێکی زۆر درێژ و پۆڵایین
هێشتا لەو بڕوایەدای کە بلوێ
هەموو مرۆڤایەتی یەکدی بگرێ
لەو کاتەی کە دەبینیت چەند زەلامێکی ئایدیالیست
کە بەوپەڕی تەبایی یەکدییان گرتبوو
کەچی ئێستا بوونەتە دوژمنی یەکدی
ئامادەشن لەبەر شتی زۆر هیچوپووچ
یەکتری قەلاچۆ کەن
**مارا:** *(ڕاست دەبێتەوە)*
وەلێ مەسەلە هەر تەنیا شتی پڕوپووچ نییە
مەسەلە.. مەسەلەی بیروباوەڕە
سەبارەت بەهەموو شۆڕشێکیش زۆر ئاساییە
کە جێی ڕاڕا و تەڵەکەباز و ترسنۆکەکان نەکاتەوە
*(پانتۆمایمەکە کۆتایی دێ. مارا لە نێو بانیۆکە بەپێوە دەوەستێ.)*
ئێمە ناتوانین شتێکی تازە بنیات بنێین..
گەر کۆنەکەیان نەڕمێنین
هەرچەندە ئەم کارە لای ئەوان ترسناکە
ئەوانەی قاچیان لێ ڕاکێشاوە
بەهەموو شتێک ڕازین
ئەوانە ڕاڕایی دەکەن بەجبە و عەبا
خۆیانی پێ دادەپۆشن
گوێ ڕادێرن..



گوێتان لێیە لەودیو دیوارەکانەوە
چۆن پیلان دەگێڕن و بەدزییەوە دەچرپێنن
*(مارا لەنێو بانیۆکە دێتە دەرێ و بەدەوری "بازنەی نواندنەکە"دا دەخولێتەوە.. بەڵام قاچی تێکەڵ و پێکەڵ دەبێ هەروەک بڵێی ببووڕێتەوە.*
*هەندێ لە برینپێچەکان دەیگرن و دەیخەنەوە ناو بانیۆکەی)*
دەیانبینێ چۆن لە هەموو شوێنێکدا خۆیان دادەنووسێنن
چاوەڕێی هەلێکن تا دەست بوەشێنن
**چوار گۆرانیبێژەکە:** *(بەدەم مۆسیقاوە، هەریەکە و بەتەنیا، وا دەدوێ وەک ئەوەی قسە لەگەڵ یەکێکی تر بکا.. بەدەم قسەوە بەنێو یەکدیدا دەسووڕێنەوە.)*
ئەوە حوکمڕانەکان چییان بەسەر هاتووە
چی قەوماوە.. چی بووە
حەز دەکەم بزانم هەست بەچ دەکەن
هەست دەکەن کێیان کەر کردووە
ئەوان بەئێمەیان وت:
ئیتر ئازار و ئەشکەنجە تەواو
بەڵام هەموو کەسێکیش چاک دەزانێ
کە هەمان ئازار هەر لە برەودایە
پاشاش نەما.. ماڵئاوا
قەشەکانیش ڕەویان کرد
خانەدانەکانیش هەر هەموو نێژران
ئەی کەواتە دەبێ چاوەڕێی چی بین..؟

## ٢٥

## دووەم سەردانی کۆردی

(سستەرەکان کۆردی ڕێک دەخەنەوە و دەیهێننەوە پێشەوەی شانۆکە. دوپیرێ بەدوای دەکەوێ. مارا لە نێو بانیۆکەی ڕاکشاوە و چاوەڕێیە. سیمۆن پەرۆکەکانی سەر تویێڵی بۆ دەگۆڕێ. ساد لە بەردەم کورسییەکەیدا وەستاوە.. دەستی بەرز کردووەتەوە وەک کەسێک بیەوێ لە شتێک بدا. سستەرەکان لە دواوەی وەستاون و ئامادەن بەمەبەستی یارمەتی، دەست بدەنە بەرپشتی. دوپیرێ دادەنیشێ. هەر چوار گۆرانیبێژەکە لە بەردەم مۆسیقاژەنەکان وەستاون. جاڕچی بەگۆچانەکەی ئاماژەیەک بۆ کۆردی دەکا.. ئەمیش دەست دەجوولێنێ وەک ئەوەی بیەوێ لە شتێ بدا یان چەپڵە لێ بدا.. پاشان جاڕچی سێ جار بەگۆچانەکەی لە زەوی دەکوتێ. ئۆرکێستراکە مۆسیقای "کۆردی" دەژەنێ.)

**جاڕچی:** ئەوەتا شارلۆت کۆردی.. ئەمەیان جاری دووەمە..
کە هەوڵی داوە
ئەوەتا دەیبینن لەبەر قاپییەکەی مارا وەستاوە
(ئاماژەیەک بۆ کۆردی دەکا. سیمۆن خۆی قیت دەکاتەوە و چەند هەنگاوێک ڕووەو لای کۆردی مل دەنێ.)

**کۆردی:** (بەهێمنی)
من بۆ ئەوە هاتووم
کە ئەم نامەیەم بۆ بگەیەنم
(نامەیەک لە ژێر سینە بەستەکەی دەردێنێ.)





دووبارە تکاشم ئەوەیە
کە مارا خۆی لێم وەربگرێ
(ڕاڕایە)
من زۆر ناشادم
بۆیە هەقی خۆمە داوای یارمەتی ئەو بکەم
(کۆردی دەست درێژ دەکا تا نامەکە بدا بەسیمۆن سیمۆن شڵەژاوە و چەند هەنگاوێک بەرەو لای کۆردی دەچێ.. دەگەڕێتەوە دواوە و پەرۆکەکەی سەر نێوچەوانی مارا دەگۆڕێ.)

**کۆردی:** (بەدەنگێکی بەرز دووبارەی دەکاتەوە)
من مافی خۆمە داوای یارمەتی لەو بکەم
(کۆردی دەست درێژ دەکا. سیمۆن بەدەمارگرژییەوە لەو ناوە دێت و دەچێ، پاشان ڕووەو کۆردی ڕادەکا و نامەکە لە دەستی ڕادەپسکێنێ).

**مارا:** سیمۆن.. ئەوە کێیە لەبەر دەرگا..؟
(سیمۆن لە نێوان کۆردی و مارادا بەڕاڕایی و شڵەژانێکەوە دێت و دەچێ.)

**جاڕچی:** (بۆی دەڵێتەوە) کچێک لە "کێن"ەوە.. دەڵێ: من ڕێبوارێکم
نامەیەکی پێیە.. دەڵێ: من تکاخواز و هانابەرێکم
(کۆردی بەپێوە وەستاوە و تەواوێ شەکەت دیارە. دوپیرێ ڕاست دەبێتەوە و باسک لە ناوقەدییەوە دەئاڵێنێ.
هەردوو سستەرەکە نزیک دەبنەوە و کۆردی دوور دەخەنەوە.)

**سیمۆن:** (توورە و پەشۆکاوە)

ناهێڵم کەسێک بێتە ژووری
ئەو هەموو خەڵکە دەمار گرژ و دەم بەهاوارە
جگە لە دەردەسەری دەبێ چی تر بن بۆ ئێمە
هەروەک بڵێی لە دونیا تۆ هیچ ئیشێکی دیکەت نەبێ
تەنیا ئەوە نەبێ..
کە ببیت بەقەشە و پزیشک و پارێزەریان
*(سیمۆن نامەکە دەدڕێنێ و پارچەکانی دەخاتە گیرفانی بەرکۆشەکەی. پارچە پەڕۆکێک تەڕ دەکا و دەیخاتە سەر شانی مارا.)*

**ساد:** *(بەرەو "بازنەی نواندنەکە" هەنگاو دەنێ و لە نزیک بانیۆکە دەوەستێ. لەگەڵ ئیقاعی مۆسیقاکە.)*
کەواتە کار بەم چەشنەیە.. مارا
ئەم کچە ئاوا لە شۆڕشەکەت دەگا
وەک ئەوەی... ئەوان ددانیان ژان بکا
کەواتە دەبێ یەکێک هەبێ
ددانیان بۆ بکێشێ
*(چوار گۆرانیبێژەکە بەپانتۆمایم دەوری ئەو کەسانە دەبینن کە ساد ناویان دەهێنێ. پانتۆمایمەکە لەسەرخۆیە، کۆمەڵێ جووڵەی چرووپڕ کە ئازار و تلانەوە دەگەیەنێ.)*
ئەوان کە شۆرباکەیان سووتاوە
داوای شۆربایەکی بەتامتر دەکەن
ژنێک کە مێردەکەی کورتە بالایە
داوای بالا بەرزێک دەکا



پیاوێک کە ژنەکەی زۆر لاوازە
داوای یەکێکی خڕوخۆڵتر دەکا
پیاوێکی تر پێڵاوەکانی زۆر تەنگن
کەچی دەڵێ: پێڵاوی دراوسێیەکەم پڕ بە پێمن
شاعیرێک کە دەنقێنێ و شیعری بۆ نایە
نائومێدانە بەدوای بیرۆکەی نوێدا عەودالە
یان ماسیگرێک چەندان قولاپ هەڵدەدا
وەلێ بۆ ماسییەک قولاپەکەی قوت نادا
جا بۆیە هەر هەموویان دێنە پاڵ شۆڕش
هەریەکە و واشی بۆ دەچێ
کە شۆڕش هەموو شتێکی پێ دەبەخشێ:
ماسی
شیعر
جووتێک پێڵاو
ژنێکی تازە
مێردی نوێ
نایابترین شۆربا لە دونیا
هەر بۆیەشە بەڕووی قەلاکاندا
وەک ڕەشەبا دەلوورێن
وەلێ ئەوەتا..
هەموو شتێ لە شوێنی خۆیەتی وەک جاران
کەس ماسییەکی پێ نەگیرا

شیعرەکانیش بێ تام و گەنیو
پێڵاوەکانیش تەنگتر
لە نێو پێخەفەکانیش.. هاوسەرێک بۆن دڕن و داڕزیو
شۆرباش سووتاو
هەمـــوو ئـەو پاڵـەوانبـــازییـــەش. لـەگـــەڵ ئاوەڕۆی زێرابـەکـــان
ئێمەشیان برد
چاکە.. دەتوانین ئەم حەکایەتە..
بۆ نەوەی داهاتوو بگێڕینەوە
بەمەرجێک.. گەر نەوەمان لێ وەپاش کەوێ
*(مۆسیقاکە بەئیقاعێکی ڕوباعی دەشکێتەوە. بەڵام بە هەوایەک غەمگینانە.)*

**چوار گۆرانیبێژەکە:** *(هەر کەسە و شوێنی خۆی دەگرێ)*

مارا.. مارا هەر هەمووی بێهوودە بوو بۆ تۆ
تۆیەک کە جەستەت پشکنی و چوویتە نێو مێشکی مرۆ
بێهوودە بوو.. تۆیەک کە بەو هێزە زۆرە..
تەقیتەوە
چونکە چۆن بۆت دەکرێ لەو نەخۆشییە پاک بیتەوە
مارا.. مارا.. کوانێ ڕێچکە و ڕێبازەکەت
یان هەمووی ون بووە لە نێو حەوزەکەت
لە هەموو لایەکەوەش هەر دوژمنە و تێت ئاڵاوە
ئەو خەڵکە، بێ تۆ، هیچ گرەوێک ناباتەوە
*(مارا ماندووە و لەسەر تەختەکە "بۆردەکە" ڕادەکشێ.)*



مارا.. مارا. ئاخۆ دەتوانیت بۆمانی شی کەیتەوە
چۆن جارێکیان بەم بیرە پاک و ڕۆشنە تەقیتەوە
یا ئەم نەخۆشییە تەواوێ لە گۆی خستوویت
بیریشت بزر..
کە تۆ لە ژێر تەباری تاریکی شەودا کەوتوویت
*(مۆسیقاکە ئیقاعێکی درامیانە و بەخوڕەم وەردەگرێ مارا گەرمە "تا"کەی بۆ هاتووەتەوە. سیمۆن دەست دەخاتە سەر نێوچەوانی، باوەشێنی لێ دەکا.. پەڕۆکەکەی بۆ دەگۆڕێ.)*

## ٢٦

## ڕووەکانی تری مارا

*(هەر هەموو شانۆکە زرمەی دێ.. جموجوولێکی لە ڕادەبەدەر. کۆمەڵەی پانتۆمایمەکە و گالیسکەیەک وەدەر دەکەون. ژن و پیاوێک گالیسکەکە ڕادەکێشن کە دەوری دایک و باوکی مارا دەبینن. گالیسکەکەش کۆمەڵێ زەلامی تێدایە کە دەوری پیاوانی زانست و سوپا و کڵێسا و دەوڵەمەندە تازە پێکەوتووەکان دەبینن. قەشە بۆ پیرۆزی دەستی موبارەکی بەسەر سەری کابرایەک دادێنێ کە تورەگەیەک زێڕ و زیوی بەدەستەوەیە و بەتاڵانی لە دەوڵەمەندەکانی سەندووە. دەیەها زرە و پۆلیەی سەرەتایی و مەدالیا سەر سینەی کەسانی نێو گالیسکەکەی ڕازاندووەتەوە. جلوبەرگیان تا ئەوپەڕی سەیر و سەمەرەن)*

**مارا:** (*ڕاست دەبێتەوە*)

ئەوەتا هاتن
گوێیان لێ بگرن
چاک لێیان ورد ببنەوە
کۆمەڵێ زەلام یەکیان گرتووە
ورد گوێ بگرن
چاک بزانن
بەڵێ گوێم لێتانە
هەموو ئەو دەنگانەی لەمەوبەر گوێم لێ بوون
بەڵێ هەر هەمووتان دەبینم



هەمان ئەو دەموچاوانەی کۆن دەمناسین
(*دەنگ و هەراکە بەردەوامە.*)

**جارچی:** (بەگۆچانەکەی زەوی دەکوتێ)

خوشکان.. جوامێران.. تکا دەکەم بێ دەنگ بن
با گوێ لەو زاتانە بگرین..
با بزانین چییان پێیە و.. چی هەڵدەڕێژن
(*ئاماژەیەک بۆ کەسانی نێو گالیسکەکە دەکا*)
ئا سەبارەت بەم پیاوە.. با بیناسین
(*ئاماژەیەک بۆ مارا دەکا*)
ئەو زاتەی کە هەموو کەس دەیناسێ و تێی دەگا
بەر لەوەی گڵی نێو گۆڕێک چاوانی پڕ بکا
یەکەم جار با بەڕێوەبەری قوتابخانەکە بدوێ..
لەو شوێنە دڵگیرەی کە تیا دەژیا
(*ئاماژەیەک بۆ بەڕێوەبەر دەکا*)
لەو شوێنەی ئا ئەم زاتە
(*ئاماژەیەک بۆ مارا دەکا*)
ڕۆژانی منداڵی تیا بەسەر برد

**بەڕێوەبەر:** (*بەهەوایەکی بەرز و دەستکردەوە گۆرانی دەچڕێ*)

هەتا ئەو کاتەی کە منداڵیش بوو.. مارا
لێرە و لەوێ.. گرووپ.. گرووپ
مرید و هاوڕێی پێکەوە دەنا
ڕاکە ڕاکە.. زریکە و هاوار.

بەڕووی یەکتریدا هەڵدەشاخان

بەشمشێری دارین بەڕووی یەکدیدا دەجەنگان

وەلێ بەڕاستی.. لێرە و لەوێ.. خوێن دەڕژان

*(لە دواوە هات و هاوارە)*

ئەم ئەوی دیکەی بەند دەکرد.. زیندانیان بۆ یەکدی بنیات دەنا

ئەم ئەوی دیکەی دەبەستەوە و.. ئازاری یەکتریان دەدا

چی خەراپە هەبوو پێکدیان دەکرد

وەلێ کەس پەی بەم حاڵە نەدەبرد

**جارچی:** (*ئاماژەیەک بۆ ئەو ئافرەتە دەکا کە دەوری دایکی مارا دەبینێ.*)

با ئێستاش گوێ لەو خانمە بگرین. چونکە دەتوانێ

چیرۆکی ڕاستەقینەی ئەو پیاوەمان پێ بڵێ

ئەوێک کە لە منداڵدانی ئەم هاتبێتە دەرێ

دەبێ ئەم یەکەم کەس بێ کە بۆنی ڕۆح و جەستەی کردبێ

**دایک:** (*بەدەنگێکی پڕ لە گلەیی و سکاڵاوە*)

زۆر جار دەغەزری و نانی نەدەخوارد

چەندان ڕۆژ ڕادەکشا و وشەیەکی نەدەدرکاند

بێهوودە.. چەندان حەیزەرانمان لەسەری شکاند

*(نابەڵەدانە پێدەکەنێ. قریوەی پێکەنین لە دواوە دێتە بەرگوێ.. لەگەڵ شریخەی قامچی وەشاندن.)*

چەندان جار لە ژێرزەمیندا بەندمان دەکرد

وەلێ ئەو هەموو سزایە کەڵکی نەگرت



هەر چیمان کرد کەڵکی نەبوو

یەک هەنگاو بۆ پێشەوە نەچوو

وازی نەهێنا.. خوویەکی خەراپی گرتبوو

ئاخ..

(*دیسانەوە پێدەکەنێ*)

**باوک:** (*بۆ پێشەوە ئامبازێک دەدا.. بەپەلە دەدوێ*)

من باوکی بووم..

کەچی کە لێم دەدا.. لێی دەدامەوە

کە دەمویست هەڵی واسم.. وەک قیر

بەزەوییەکەوە

دەنووسا و هەڵنەدەستایەوە

کە تفیشم لێ دەکرد

وەک ڕم دەچەقی و نەجووڵایەوە

وەک سەهۆڵ سارد..

وەلێ نەدەتوایەوە

(*بەدەنگێکی گرەوە پێدەکەنێ*)

**مارا:** بەڵێ دیارە کە هەردووکیان دەبینم

باوکی بەدفەساڵ.. هۆ دایکی ناشیرینم

*(هەردووکیان دەکەونە سەر زەوییەکە.. بەدەم پێکەنینەوە هەموو ئازای جەستەیان دەلەرزێ.. هەروەک بڵێی لە نێو بەلەمێکدا دانیشتبن بۆ پێشەوە و بۆ دواوە خۆ دەهەژێنن)*

گوێم لێتانە.. دەتانبینم

ئەوە بۆ وەک جەللادەکان پێدەکەنن.؟

(*هێشتا هەر خۆیان ڕادەژەنن.. پێکەنینەکەیان دەمرێ*)

**سیمۆن:** (*لە بانیۆکە نزیک دەبێتەوە*)

ژان پۆل تۆ "گرانەتا"تە

بەسە و ئیتر مەنووسە

ئەگینا ئەو هیلاکییە دەتکوژێ

هێمن ڕاکشێ

هەقە پتر ئاگات لە خۆ بێ

**مارا:** نەخێر.. هەرگیز "تا"م لێ نییە

ئێستا بەئاشکرا هەموو شتێک دەبینم

ئەوانە تارمایی بوون

کۆمەڵێ زەلامی دەم پڕ لە وڕێنە

ئەوە بۆ "باز" نەهات..

دە بانگی کە

بانگەوازم بۆ میللەت..

دەبێ بینووسم.. دە پەلە کە

**بەڕێوەبەر:** (*بۆ پێشەوە ئامبازێک دەدا*)

ئەم زۆربلێیە لە پێنج ساڵی سنگی دەرپەڕاند:

دەیوت: هەرچییەکی مامۆستا دەیزانێ.. منیش دەیزانم

بەڵکو لەوانیش زۆرتر.. من هەموویانم بەزاند

کە بووم بە پانزە هەیبەتی زانکۆکانم شکان

پرۆفیسۆرەکان کەوتنە دواوە.. لە هەموویانم تێ پەڕاند



کە بووم بە بیست چی زانستیی دونیا هەیە

هەموویم ماشییەوە و تێرم لێ خوارد

چۆن دڵنیام لەوەی کە لێرەم

ئاوا دڵنیام کە ئەم زاتە..

ئە بەم چەشنە خۆی هەڵکشاند

(*حەیزەرانەکەی بادەدا*)

**مارا:** سیمۆن..

کوا دەستنووسە کۆنەکانم

ڕۆمانەکەم سەبارەت بە"کۆنت پۆتۆڤسکی" لاوچاکم

ئەی کوا ئەو کتێبەم

"پێوەندییەکانی کۆیلایەتی" کە بەدەستییەوە هیلاکم

**سیمۆن:** (*وەک بیەوێ خۆی لەم قسانە گێل کا*)

واز لەم شتانە بێنە..

ئەوەیان بەتەنیا هیلاکت دەکا

**مارا:** (*ڕاست دەبێتەوە*)

من دەمەوێ بیانبینم

دە بۆم بگەڕێ

بیانخەرە بەردەستم

**بەڕێوەبەر:** هیچ نییە.. شەڕە پشیلەی دزێکە

قسەی قۆڕە و لە پێی کە

**نوێنەری سوپا:** لە ژێر ناوی "کۆنت" کتێبێکی بڵاو کردەوە

یەکێکی تر بەناوی شازادەوە

هەر تەنیا سەیری کە..
چ تەڵەکەباز و دووڕوویێکە
شێتی پلە و پایە.. عەوداڵی نیشانێکی شاهانە
حەزی دەکرد ببێ بەیەکێ لە دەستوپێوەندەکانی
کەچی ئیمڕۆ بەڕوویاندا هەڵگەڕاوەتەوە
بە ڕووی ئەوانەی تا دوێنێ مامە حەمەیی بۆ دەکردن
هەر تەنیا لەبەرئەوەی قەدریان نەزانی
**زانایەک:** ئەی لە ئینگلتەرە چی کرد.. ئا ئەم گومان لێکراوە
ئەی سەردەمێ نەبوو بە یەکە خۆشەویستی چینە باڵاکان
کە دەبووایە سەر هەڵبگرێ و ڕاکا
چونکە هەر ئەم بوو بەسەر دزییەوە گیرا
ئەی هەر ئەو نەبوو بۆ جارێکی تر
چووەوە نێو کۆمەڵی خواپێداوەکان
خۆی کرد بەپزیشکی "کۆنت دی ئارتوا"
یان هەر بەتەنیا بوو بە بەیتاڵی ئەسپەکان
ئەی هەر ئەو نەبوو سەردەمێ
لەگەڵ خانەدانەکان، قۆڵ لە قۆڵ، دەهات و دەچوو
بۆ هەر ئامۆژگاری و ڕێنمایییەک..
پارەیەکی مۆڵی وەردەگرت
وێڕای هەموو ئەوەش..
دۆستی دەیەها خانمی کۆشکە بڵندەکان بوو
*(ژنی کۆلیە و کچەکەی چەپڵە لێ دەدەن)*



**دەوڵەمەندێکی تازە پێ گەوتوو:**
کە بۆ دوا جار دەستیان شۆڕی لە مارا
گەڕایەوە سەر ئەسڵی خۆی.. هەژارێکی نەدارا
ئەو کاتەش کە نەیدەبڕییەوە و قسەی هەڵدەڕشت
لادێیی بوو.. هەموو وشەیەک دەری دەخست
ئەو کاتەی زانییان قۆڵبڕە و وەک پزیشکێک خۆی نواندووە
بەهەندێ شلەمەنی و تەباشیر ئەو خەڵکەی لە خشتە بردووە
ئەو کاتەش کە خستیانەوە سەر ساجی عەلی
گەڕاندیانەوە شوێنی شایستەی خۆی.. جێگەکەی جاران
سەری شکاوی هەڵبڕی و پڕ بەدەمی دەیزریکاند:
مۆڵداریێتی و دزییە و تاڵان
*(لە دواوە زریکەی هات و هاوارە)*
با بڕووخێن ستەمکاران
*(هاوارەکە لە دواوە دووبارە و سێ بارە دەبێتەوە)*
**مارا:** باز.. بانگی کە با بێ. باز
(ڤۆڵتێر لە نێو تاریکییەوە دێتە دەرێ.. بەشێوەیەکی زۆر ڕێک
قژی بەپێچ و لوولی بووەتە دەمامک بۆ سەری.)
**کۆرس:** باز
**جارچی:** *(لەو کاتەی کە ڤۆڵتێر چەند هەنگاوێک دێتە پێشێ)*
ڕاستی شەرەفێکی گەورەیە بۆ ئێمە
"ڤۆڵتێر"تان پێ بناسێنین
خاوەنی کتێبی "Candide"

**ڤۆلتێر**: (*لەسەر یەک ئیقاعی خاو دەدوێ*)
لە کابرایەکە و بەناوی "مارا"ەوە
لەژێر ناوی "مرۆڤ"دا
نامیلکەیەکی هاکەزاییمان پێ گەیشت
هەر ئەو مارایە لە نووسینێکی شۆڕشگێڕانە ڕای دەگەیەنێ
کە ڕۆح وا لە نێو شانەکانی مێشکدا
هەر بەزەبری ئەو پنتە گرنگەوە
هەموو پارچەیەکی لەش بەکاری خۆی هەڵدەستێ
لە ڕێی تەونێک لە دەمار و دەزووی نێو مێشک
کە لە چرکەیەکدا هەزارەها تەزووی پیا دێ
هەر لە هەمان کاتیشدا
لە هەموو شانەکانی لەشەوە.. بەئاشکرا
هەزارەها پەیامی جیا جیا..
بەو ڕۆحە دەگا
ئەو پەیامانەی لە ڕێی پستن و پلاگ و وایەرەوە
دەگوێزرێنەوە.. بڵاو دەبنەوە
ئەوسا ڕۆحیش دەیکا بە هۆش و گۆش
لە ڕێگەی هەزارەها دەزووە دەماری جیا جیا
کە بەزەمەنێکی لێکدی جوێ..
کاری خۆی ئەنجام دەدا
بەواتایەکی تر..
بەڕای ئەم پیاوە ماقووڵە..



پنتێک بەقەد دەنکە جۆیەک
گەوهەری ئەو ڕۆحە بەنێو ڕاڕەوەکانی مێشکدا دەبا
تا پڕیان دەکا..
هەر ئەمیشە دەڵێ:
ڕۆحێکی بەدەرد و ئازار..
جەرگ و گورچیلە دەتوێنێتەوە
کە گوێمان لە فڵتە فڵتێکی وا دەبێ
دەبێ جگە لە قاقایەک.. وەڵام چی بێ..؟
(*کوکوروکو لەگەڵ ڕۆسینۆل بەگاڵتە و تەوسەوە پێدەکەنن..*
*ها.. ها.. ها.. کابرایەک گەلێ خورمایەکی بەدەستەوەیە و*
*دێتە پێشەوە.*)
**جارچی**: ئیمرۆ ئێمە شادین بەوەی
کە بەخێرهاتنی زانایەکی ناوداری وەک "لافوازێ" بکەین
(*ئاماژەیەکی بۆ دەکا*)
**لافوازێ**: (*خاو و بێزارکەرانە*)
ئەکادیمیاکەمان لە "مارا" ناوێکەوە
هەندێ تیۆری سەیری پێ گەیشت
تیۆر دەربارەی ڕووناکی و کارەبا
ئەم مارایە بەتەواوی لە خۆی دڵنیایە
دڵنیا لەوەی کە زانیاری نێو ئاکادیمیا
هیچ نییە لە چاو زانیاری ئەم
هەر بۆ نموونە: ئەو دەڵێ:

ئاگر بەتەنیا ڕەگەزێک نییە
بەڵکو شلەمەنییەکە دەرئەنجامی گەرمی
کە ئەگەر هەوای بەر بکەوێ: گڕ دەگرێ
بەردەوام دەبێ و دەڵێ:
ڕووناکیش ئەو ڕووناکییە نییە
بەڵکو ڕێچکەی ئەو تیشکەیە کە هەرگیز لە لەرزین ناکەوێ
کە لە دوای ئەو ڕووناکییەوە جێ دەمێنێ
بێ گومان زانایەکی بێ هاوتایە
لەوەش پتر پێ دادەگرێ..
بەپێی قسەکەی ئەم بێ.. نابێ گەرمیش بەتەنیا گەرمی بێ
بەڵکو زۆر ئاسایی تیرۆژێک لە پڕشنگی لەرزۆکە
تەنیا ئەو کاتە دەبێ بەگەرمی
کە بەر تەنێک دەکەوێ و لە ناوەوە دەیجووڵێنێ
جووڵەی نەبڕاوەی ملیۆنەها گەرد
ئەم دەیەوێ ڕای گەیەنێ:
کە ئەم گەردوونە توندوتۆڵە
تا ئەوپەڕی بێهوودەیە و جێی گومانە
ئەم لەبری ئەوە
دەیەوێ گەردوونێکی هەمیشە زیندووت پێشکەش بکا
کە تیایدا وزەیەکی زۆری موگناتیس و کارەبا
بەنێو یەکدیدا دەخولێنەوە و بەر یەکدی دەکەون
کەواتە سەیر نییە..




گەر خاوەنی ئەم قسانە لە نێو بانیۆکەی ڕاکشێ
هەوڵ دا ڕاستی ئەم قسانە بسەلمێنێ
چەندی پتر خۆت هەڵکرێنیت
لەشت پتر دێتە خورو
*(کۆکۆرولو پۆلپۆخ بەتەوسەوە پێدەکەنن.. ها.. ها.. ها دایکە و باوکەش لەگەڵیاندا پێدەکەنن.. هەڵقەی پانتۆمایمەکە ڕۆڵی کۆمەڵێ دادوەر وەردەگرن کە بیانەوێ حوکمێک دەرکەن.)*
**ڤۆڵتێر:** (بەدەم مۆسیقاوە)
ئەم بەچکە نیوتنەش
دڵسارد و نائومێد.. هەرەسی هێنا
**قەشە:** وای بەباشتر زانی بکەوێتە سەر شەقام و نێو کۆڵانەکان
**بەڕێوەبەر:** تا بچێتە پاڵ شۆڕشگێڕەکان
**دەوڵەمەندێکی تازە و پێکەوتوو:** ئەم فەریکە زانایە سینەی خۆی کوتا
**قەشە:** هاواری دەکرد: با ڕاست بینەوە.. چەوساوەکان
**لافوازێ:** هەڵبەتە مەبەستی بوو بڵێ: من چەوساوەم
*(دایکە و باوکە پێدەکەنن و دیسانەوە خۆیان ڕادەژەنن و لەگەڵ ئەوانی تر گالیسکەکە ڕادەکێشن. "ڕۆ" بۆ پێشەوە تاو دەدا وەک ئەوەی پارێزەر بێ و لە فەرمانی دوا کەوتبێ.)*
**ڕۆ:** هاوار بەماڵی ئەو پیاوەی لە خەڵکی جیا بێ
هاوار.. هاوار.. هاوار بەماڵی
گەر بیەوێ هەموو دیوار و بەربەستەکان رابماڵێ
هاوار بەماڵی..

گەر مەلی خەیاڵی سەربەستانە بفڕێ
هەڵبەتە دەبێتە مایەی مەزاق و سزا دەدرێ
کەچی خۆیان بەسەروەری ئەخلاق دەزانن
تۆ بەدوای گەرمی و ڕووناککردنەوەدا دەگەڕایت
بۆیە ویستت لە سەرچاوەی گڕ و ڕووناکی بپرسیت
*(لە دواوە هەرا و شڵەژانێک لە ئارادایە)*
بەلاتەوە سەیر بوو وزە چۆن دەستی بەسەردا دەگیرێ
جابۆیە لە نهێنی و بوونی کارەبا ورد بوویتەوە
تۆ ویستت بزانی مرۆڤ چییە
جا بۆیە لە خۆت پرسی دەبێ ڕۆح چی بێ..
کە دەبێ بەهەگبەی بیری پووچ و..
ڕەوشتی گەندەڵ
دوا جار بڕیارت دا
کە مەنزڵی ڕۆح دەبێ مێشک بێ
*(نەخۆشەکان کۆمەڵ دەبن و بۆ پێشەوە هەنگاو دەنێن.)*
ئەوەشیان فێرت دەکا چۆن بیر بکەیتەوە
چونکە لای تۆ ڕۆح شتێکە بەرجەستە
ئامرازێکە بۆ لێخوڕینی گالیسکەی ژیان
بەوەی زاڵ بیت بەسەریا و ڕێکی بخەی
بۆیە ڕۆژێک لە ڕۆژان چوویتە پاڵ شۆڕش
چونکە خەون و ئومێدێکی گەورەت پێی بوو
خەونی ئەوەی کە ئەم دونیایە لە بنەڕەتەوە بگۆڕێ



چونکە بەبێ ئەم گۆڕانە
هەرچییەکی بیکەین هەرەس دێنێ
*(کۆلیە ئامبازێک دەدا. برینپێچ و پەرەستارەکان (ستەرەکان) ڕووەو "ڕۆ" مل دەنێن و بەرەو دواوە ڕای دەکێشن. ساد، قیت لە بەردەم کورسییەکەی دەوەستێ و زەردە دەیگرێ. کۆردی لەسەر تەختەکەی خۆی بەنووستوویی ڕاکشاوە.. "دووپێرێ" لە تەنیشتییەوە و لەسەر زەوییەکە دانیشتووە.)*
**کۆرس:** *(بەدەم مۆسیقاوە و لەو کاتەی پەرەستارەکان بالۆرەیەکی ئاینی دەچڕن.)*
مارا ئێمە هەژارین و هەر بەداماویش دەژین
مارا بەسە و با چیتر چاوەڕێ نەبین
مافی خۆمان گەرەکە.. بەهەرچی جۆرێک بێ
شۆڕشی خۆمان گەرەکە هەر ئێستاکێ
*(مۆسیقا کۆتایی دێ)*
**جارچی:** *(یاری بەگۆچانەکەی دەکا)*
بەر لەوە تاوانەکە ببینن خەریکە پەردە دابدرێتەوە
وەلێ پشوو زەرووره. ساردییەک.. وەختێک بۆ بیرکردنەوە
هەرچییەکمان پێشکەش کردن.. با بیرتان بێتەوە
کە تەنیا زنجیرەیەک ڕووداوە.. بەدوای یەکەوە
وەلێ ئەو کۆتاییەی چاوەڕێن
دەشێ پێشتر بیرێکی لێ کرابێتەوە
کە دەکرێ دوا بخرێ.. یا دەستکاری بکەینەوە

هەقمانە مادامەکێ وەک مێژوو نا
بەڵکو وەک شانۆ پێتانی دەفرۆشینەوە
با ئەم هەقە دوا بخەین..
مادامەکێ ئەم پشووە وا بەدەستەوە
چونکە دوای حەسانەوە و دەمەتەقێتان پێکەوە
(*ئاماژەیەک بۆ مارا*)
مارا لە نێو حەوزەکەی چاوەڕێیە تا بێتەوە

(پەردە)



## پەردەی دووەم

### ٢٧

### کۆمەڵەی نیشتمانی

(لە پشت پەردەوە زرنگەی زەنگوڵەیەک دێتە بەرگوێ. پەردە هەڵدەکشێ.)

*(هەمان دیمەنی پەردەی یەکەمە.. بەڵام ئەم چەند گۆڕانەشی تێکەوتووە:*

*دوپیرێ لەسەر ئەو قالدرمەیەی کە بەرەو لای کورسییە بەرزەکەی "ساد" دەچێتەوە، لە نێوان دوو ئافرەتی نەخۆش دانیشتووە کە دەوری دوو سۆزانی دەبینن.*

*بەدەستە چەپدا ئەو نەخۆشانە دانیشتوون کە دەوری "کۆمارییەکانی نێو کۆمەڵەی نیشتمانی" دەبینن.*

*ساد لە خوار "پلە"کەی کۆلیە بەپێوە وەستاوە.*

*بانیۆکەش لە کورسییەکەی مارا دوور دەخرێتەوە. چوار گۆرانیبێژەکە و ئەو نەخۆشانەی دەوری "یەعقوبییەکان" دەبینن لەسەری دانیشتوون. هەندێ لە نەخۆشەکانیش لەسەر ئەو تەختانە دانیشتون کە لە هەردوو دیوی "بازنەی نواندنەکە" ڕیز کراون. ژمارەیەکی زۆرتریش لە دواوە گوێ دەگرن. هەموویان بەیەکەوە تابلۆیەک دەسازێنن. بانیۆکەش کە مارای تیا وەستاوە لەسەر چوار پێچکە بەنێو ئەو دەرگایەدا ڕەتی دەکەن کە کەوتووەتە دواوە: دەستە ڕاست.*

*کۆرسیش پۆل پۆل وەستاون.*
*هات و هاوارێکی نەبڕاوە و پڕ لە نارەزایی. فیکەیەکی بەردەوام.. لەسەر یەک نەوا.. ترپەی پێ. وەلێ کپ. مارا لە نێو بانیۆکە وەستاوە و ئەوانیش بەرەو ناوەڕاستی "بازنەی نواندنەکە" پاڵی پێوە دەنێن. قیت وەستاوە و ڕووی لە جاڕچییە.)*

**جاڕچی:** تا ئێستاش مارا دیلی نێو حەوزەکەیەتی
بەڵام چی سیاسەتباز هەیە لە نێو مێشکیدا شەڕییەتی
ئەمیش دەیەوێ دوا گفتی گرانی خۆی بەوان بڵێ
کە کێ هەقیەتی دەمڕاستی میللەت بێ
خۆ خەریکە دونیا تاریک دابێ
*(بەگۆچانەکە ئاماژەیەک بۆ ئۆرکستراکە دەکا. جموجووڵێکی زۆر. کەسەکانی نێو تابلۆکە دەکەونە جووڵە و زیندوو دەبنەوە.. پێ لە زەوی دەکوتن.. فیکە و زریکە و هاوار.)*

**کۆکۆڵ:** بڕووخێ مارا

**کوکوروکو:** نەهێڵن دەم بکاتەوە

ڕۆسنیۆل: گوێی لێ بگرن.. هەقی خۆیەتی بدوێ

**پۆلپۆخ:** بژی مارا

**کۆکۆڵ:** بژی ڕۆبسپیر

**کوکوروکو:** بژی دانتۆن

**مارا**: *(ڕوو دەکاتە جەماوەری ناو هۆڵەکە. بەدرێژی قسەکانی سەیرێکی ئەو کەسانە ناکات کە لەسەر تەختەی شانۆکەن. ئاشکرایە کە قسەکانی قالبێکی خەیاڵی وەردەگرێ.)*
هاووڵاتیانی خۆشەویست .. هۆ هاوزبانان



ئەی ئەندامانی کۆمەڵەی نیشتمانی
وڵاتەکەمان لە مەترسییەکی گەورەدایە
لە هەموو قوژبنێکی ئەورووپاوە..
هەر سوپای دوژمنە و هێرشمان بۆ دێنێ
بەسەرکردەی هەلپەست و قازانج ویستە نامەردەکان
مەبەستیانە گەمارۆمان بدەن..
قیرەبڕمان کەن
هێشتا هیچ نەبووە.
کەچی لەسەر تاڵانییەکە خەریکە یەکدی بخۆن
ئەی ئێمە.. ئێمە چی دەکەین
*(هەرایەکی سارد و بێباکانە)*
ئەوەتا وەزیری جەنگ و سوپامان
کە کەستان ڕۆژێک گومانتان لە دەستپاکی ئەم نەبووە
چی گەنم و جۆی نێو عەمبارەکان بوون
کە دەبوو بۆ سەربازەکانی خۆمان بێ
هەر تەنیا بۆ بەرژەوەندی خۆی
هەمووی بەهێزەکانی دوژمن فرۆشت
ئەو سەربازانەی بەخوێنی سەرمان تینوون
ئەمێستاکە لەسەر ئەو گەنم و جۆیە دەلەوەڕێن
*(هات و هاوار و فیکە)*

**کۆکۆڵ:** هەمووی درۆیە

**کوکوروکو:** بەشەق دەری کەن

**مارا:** ئەی "دومۆرێ" سەرکردەی سوپامان
**رۆسنیۆل:** براڤۆ
**پۆلپۆخ:** بژی دومۆرێ
**مارا:** کە بەردەوام پێم دەوتن: کوڕینە ئاگاتان لێی بێ
ئەو زەلامەی وەک پاڵەوانێک خستتانە سەرشانتان
ئەمێستا وا لە پاڵ دوژمنان
**کۆکۆل:** داڕزێ
**رۆسنیۆل:** براڤۆ
**کوکوروکو:** درۆ دەکا (زرم و کوتی پێ کوتانە)
**مارا:** خۆ زۆربەی هەرە زۆری ژەنەراڵەکان
ئەوانەی وەک خۆمان ئاسان
چەند دڵسۆزن بۆ بیانی و پەناهەندەکان
ئەو کاتەش کە دەگەڕێنەوە
هەر ئەوان باوەشیان بۆ دەکەنەوە
**کۆکۆل:** هەڵیان واسن
**کوکوروکو:** بڕووخێ مارا
**رۆسنیۆل:** براڤۆ
**پۆلپۆخ:** بژی مارا
**مارا:** ئەی وەزیری دارایی
ئاغای کامیۆنی ناودار
هەر لە خۆیەوە پارەی بە ساختە لە سکە دەدا
چش لە "هەڵئەوسانی دارایی"



گرنگ ئەوە بوو قاسەکانی پڕ کا
(*فیکە و زرمەی پێ لە زەوی کوتان*)
**رۆسنیۆل:** هەر لە برەودا بێ "ئابووری سەربەست"
کاری بێ پەروا.. پیشەی سەربەخۆ
**مارا:** ئەوەشم بیست..
ئاغای "پیریجۆ" زیرەکترین خاوەن بانق
ئەمێستا دەست لە ناو دەست
لەگەڵ ئینگلیزەکان هاوپەیمانە
لە حەشارگەیەکی پۆلایین خۆی مات داوە
دژ بەئێمە بنکەی سیخوڕی و خیانەتی داناوە
**کۆلیە:** (*بەناڕەزاییەوە ئامبازێک دەدا*)
بەسە.. ئەوەندە و بەس
ئێمە لە ساڵی هەزار و هەشت سەد و هەشتدا دەژین
ئەو زاتانە ئەوسا ناویان زڕا
هەر بەتەنیا فەرمانێکی ئیمپراتۆر
گەڕانەوە شوێنی شایستەی خۆیان
**رۆسنیۆل:** بەردەوام بە.
**کۆکۆل:** دەمت داخە مارا
**کوکوروکو:** دەمی داخەن
**پۆلپۆخ:** بژی مارا
**مارا:** (*قسەکانیان پێ دەبڕێ*)
میللەت ناتوانێ نان بەگران بکڕێ

سەربازەکانیش جلیان بەپینە و هەلا هەلایە
"شۆڕشی دژ"یش شەڕێکی ناوخۆیی هێنایە کایە
ئەی ئێمە.. ئێمە خەریکی چین
کێڵگەی کلێسکان کەوتنە ژێر دەستمان
کەچی تا ئێستا. هیچ خێرێکی نەبووە بۆمان
بەروبوومێکی وای نەبووە..
نەدار و هەژاران تێر بخۆن لێیان
خۆ من چەندین ساڵ لەمەوبەر
پێشنیارم کرد کە هەموو زەوییوزارەکان
پارچە پارچە دابەش بکرێ بەسەر هەمووان
هەر جووتیارێک تۆو و ئامێری خۆی وەربگرێ
ئەی بۆ تاکو ئێستا
نە دوکانێک.. نە وەرشەیەکی تێکەڵاو بۆ هەمووان
نەکرایەوە و نەهاتە بەردەستان
وەک ئەو وەرشانەی لە دێرە کۆنەکان و
نێو حەساری خانەدانی گوندەکاندا دەبینران
ئەوانەش کە کارێکیان دەستگیر دەبوو
دەبووایە لە پێناو دەلاڵ و قاچاخچی پارە و بازرگانەکان..
ئارەقە و خوێن بڕێژن
(زریکە و *هاواری کێوییانە*)
هاووڵاتیان..
تۆ بڵێی ئێمە بۆ سەربەستی ئەوانە جەنگابین



کە ئیمرۆ بەهەزار دەست دەمانچەوسێننەوە
**کۆکۆڵ:** دانیشە
**ڕۆسنیۆڵ:** گوێی لێ بگرن.. گوێی لێ بگرن
**کوکوروکو:** گوێی لێ بگرن.. گوێی لێ بگرن
**مارا:** وڵات لە مەترسیدایە
ئێمە سەبارەت بەفەرەنسا دەدوێین
وەلێ ئەم فەرەنسایە بۆ کێیە..؟
ئێمە لە سەربەستی دەدوێین
وەلێ ئەم سەربەستییە بۆ کێیە..؟
ئێوەش ئەی ئەندامانی کۆمەڵەی نیشتمانی
قەت ناتوانن خۆتان لەو ڕابردووە داپچڕن
ئێوە قەت لەو تەقینەوەیە تێ ناگەن
تەقینەوەیەک کە خۆتان تیا بینییەوە
(فیکە و *هاوار مەزاق و نارەزایی*)
بۆ ناچن هەزارەها کورسی بۆ خەڵکی ڕەمەکی بێنن
لە ناو هۆڵی "کۆمەڵەی نیشتمانی" ڕیزی کەن
تا هەر کەسێک ویستی
با بێ و لێرە گوێ بگرێ..
تا بزانێ چی دەوترێ و چی ناوترێ
**دوپیرێ:** دەبێ مەبەستی چی بێ لەم قسانە
دەیەوێ دیسانەوە خەڵکی هەڵگەڕێتەوە
سەیرێکی ئەو خەڵکە ڕەمەکییە..

که لەسەر تەختەکان وا دانیشتوون
مافوورچن و جۆلا.. دەرگاوان و جلشۆری ماڵان
که لەمەودوا کەسێک شک نابەن کاریان پێ بکا
سەیری.. ئەم کێی لە پاڵە و.. کێ هاوپەیمانیەتی
کۆمەڵێ چەتە و قۆڵبڕ. کۆڵان کوت و بەرەڵڵا.. مشەخۆران
که بێهوودە لە کووچە و کۆڵانەکان دەخولێنەوە
(*بینەران توورە و نارەزان*)
تەمبەڵ و بێ ئیش لە قاوەخانەکاندا کەوتوون
کوکوروکو: خۆزگەم بەخۆیان
**دوپیرێ:** کۆمەڵێ بەندی بەرەڵڵاکراو
کۆمەڵێ شێتی هەڵاتوو
(*فیکە و ئاژاوە و هەرایە*)
تۆ بڵێی ڕکێفی ئەم وڵاتە جوانە
بخاتە دەست ئەم لات و لەوارانە..؟
**مارا:** ئێوە درۆ دەکەن
ئێوە ڕقتان لەو خەڵکەیە
(*هاواری توورەیی و بێزاری*)
**رۆسنیۆل:** دەم خۆش مارا
**پۆلپۆخ:** ئەوەیان وایە
**مارا:** ئێوە هەمیشە لە میللەت دەدوێن
بەڵام نەک وەک کۆمەڵێ بنیادەم
بەڵکو وەک تەنێک شتی کەڵەکەکراو
ناشیرین و بێ ڕەنگ و شێوە و فڕێدراو



دەزانن بۆ..
چونکە ئێوە زۆر دوورن لەوان
ڕاستە بە پێدزکە هاتنە نێو شۆڕش
وەلێ بێ ئەوەی لە بیر و بڕوا و ئامانجی حاڵی بن
ئەی "دانتون"ی شکۆمەند خۆی ڕای نەگەیاند:
لەبری ئەوەی ڕێ لە دەوڵەمەندەکان بگرین
با هەموو هەوڵێک بدەین
که هەژاری نەبێتە مایەی شەرمەزاری و دابەزین
ئەی رۆبسپیر
هەرکە وشەی "هێز"ی دەبیست.. ڕەنگی سپی هەڵدەگەڕا
ئێستاش وا لەسەر خوانی ڕازاوەی خواپێداوەکان دانیشتووە
لەبەر ڕووناکی مۆمەکان
لە شارستانییەت دەدوێ و.. ڕۆشنبیرانە دەفڵتێنێ
(*مڵچەی زمان*)
**کۆکۆل:** یاخوا داڕزێ
**کوکورکو:** بڕووخێ روبسپیر
**پۆلپۆلخ:** هەر بژی مارا.. با بژی
**رۆسنیۆل:** با بڕووخێ دانتون.. با. بڕووخێ
**مارا:** ئێوە ئێستاش لاسایی ئەوان دەکەنەوە
که بوونەتە سەرکردە و پێغەمبەرتان
ئا ئەو مەیموونە قوون سوورانە
کەسانی وەک لاڤاییت، نیکەر. تالیران
**کۆلیمە:** (*قسەی پێ دەبڕێ*)

ئەوەندە و بەس
ئەگەر چی تر قسەی وا بکەی
هەقی ئەوەمان دەبێ مقەستی لێ بدەین
یان ناهێڵم ئەم شانۆیە پێشکەش بکەی
**مارا:** (*پێی دەبڕێ*) گەلێ ناوی تریشم لایە
ئەوەی ئیمرۆ گەرەکمانە: نوێنەری ڕاستەقینەی میللەتە
یەکێک کە بێ فێڵ و ڕاست و ڕەوان بێ
کە هەموو بڕوامان پێی بێ
شیرازەی هەموو شتێ پچڕاوە و هەر شتە و دادەڕمێ
چ ئاژاوە و هەرایەکە کە بەهیچ کەس دابین نابێ
ئەمەیان چاکە..
ئێمە هەنگاوی یەکەممان ناوە
ئێستاش دەبێ هەنگاوێکی تر بنێین
پیاوێکی وا هەڵبژێرین
کە بۆ خێر و خۆشی ئێوە تێ بکۆشێ
**ڕۆسنیۆل:** مارا.. با بڕوا دکتاتۆری وا
**پۆلپۆخ:** خزاوەتە نێو بانیۆکەی
**کۆکۆل:** بیخەنە نێو زێرابەکان
**کوکوروکو:** دکتاتۆری مشکەکان
**مارا:** دکتاتۆر.. دەبێ ئەم وشەیە لە فەرهەنگی ئێمەدا نەمێنێ
ڕقم لە هەموو شتێکە کە پێوەندی بەپاشا و کۆیلەکانەوە هەبێ
من لە پێشەوایەک دەدوێم
کە لە ڕۆژی تەنگانەدا..



(*قسەکانی لە نێو ئەو هەرا و زرمەزلێیەدا دەخنکێن*)
**دوپیرێ:** نیازی پاک نییە
هانیان دەدا خەڵکی تر بکوژن
**مارا:** حەز بەخوێن ڕشتن ناکەین
وەلێ بۆ بەرگریکردن لە خۆمان
دەکوژین.. دەبڕین.. قوربانی دەدەین
ئێمە لە پێناو ژیانی خۆمان دەجەنگێن
**دوپیرێ:** ئاه.. خۆزگە لەبری ئاگری شەڕ خۆشکردن
توانای ئاشتی و بنیاتنانمان هەبووایە
خۆزگە لە جێی دەمارگرژی و شێتگیری
دیسانەوە تەبایی. جوانی دەهاتە کایە
(*هەر چوار گۆرانیبێژەکە تاو دەدەنە دووپیرێ و دەمی دەگرن.*)
**ڕۆ:** (*لە دواوە قەڵەمبازێک دەدا*)
سەیری کەن چی ڕوو دەدا
دە بەسە و یەکدی بگرن
دوژمن بخەنە ژێر پێتان و.. چەکیان کەن
چونکە گەر لەو شەڕە بیبەنەوە
ئەوە بزانن کەستان دەرناچێ و زەلام نابوێرن
تا ئێستاش هەرچییەکتان دەست کەوتووە
وەک خەرمانێکی گڕگرتوو لە نێو دەچن
(*بەگوڕێکەوە هاوار دەکەن.. فیکە و زرمەی پێ کوتان.*)
**دەنگەکان:** (*کۆرس ئامێزانە.. بەیەکەوە*)
مارا.. مارا.. مارا.. مارا

هوو.. هوو.. هوو.. هوو
تاجە گوڵینەیەک بۆ مارا
بڕووخێ مارا.. با بڕووخێ
مەسیرەی سەرکەوتن بۆ مارا
با بڕووخێ.
با بژین شەقامەکان
با بژین دارتەلی سەر شەقامەکان..
ئەو دارتەلانەی بوون بە سێدارە
با هەر گەرمتر بێ نانەواخانەکان
هەر لە برەودا بێ سەربەستی

(*ئاژاوە و نارێکی و زریکە و هاوارە. نەخۆشەکان بۆ پێشەوە تاو دەدەن. بانیۆکەی مارا بەرەو سەکۆکەی دەستە ڕاست پاڵ دەنرێ.*)

**کۆکۆل پۆلپۆخ:** (بەسەماوە)
لە دەوڵەمەندەکان دەن تا وردوخاش دەبن
خۆیان و گەورەکانیان.. پارە و سامانیان دابەش کەن

**کوکوروکو و ڕۆسنیۆل:** قەت ژەمێکی چەورمان نەدیوە
قاشە گۆشتی مارماسی.. یا کرێم بەجەرگی قازەوە
کۆرس: مارا.. مارا.. مارا.. مارا

(ساد دەستەکانی بەرز دەکاتەوە.. ئەوانی تر هەر هەموو ڕەق ڕادەوەستن.. ڕیزێک تەپڵژەن و سەرەتای مۆسیقایەک.)



## ٢٨

## ماراى بەستەزمان لە نێو بانیۆکەیدا

(*مارا لە نێو بانیۆکەیدا ڕاکشاوە، زۆر شەکەتە و بۆ پێشەوە و بەسەر ڕۆخی بانیۆکەدا نوشتاوەتەوە. کورسییەکانی بینەران بۆ دواوە دەبەن، پەرەستار و برینپێچەکان پاڵ بەنەخۆشەکانەوە دەنێن تا بچنە دواوە. لە بەردەم "بازنەی نواندنەکە" هەر چوار گۆرانیبێژەکە خاو و لەسەرخۆ سەمای "کارمینۆڵ"*(*) دەکەن.)

**چوار گۆرانیبێژەکە:** (*لەگەڵیاندا گۆرانی دەچڕن و سەما دەکەن*)
بەستەزمان مارا.. ماندوو لە نێو ئەو حەوزە ڕاکشاویت
ژیانت لەسەر ئەم ئەستێرەیە نەماوە.. تۆ تەواو بوویت
هێدی هێدی مەرگیش بۆت دێ و لێت نزیک دەبێتەوە
لەو کاتەی..
کۆردی لەسەر تەختەکە نووستووە و خەبەری نابێتەوە
(*سەما و گۆرانی*)
مارا بەستەزمان.. چی دەبێ گەر تۆزێ درەنگ لە خەو هەڵبستێ
ئەو ئافرەتەی خەون بەگەورە پیاوانەوە دەبینێ
لەوانەیە تا ئەوسا نەخۆشییەکەی تۆش بپەڕێ
ئەوسا کۆردی لە خەو هەڵدەستێ
تۆی بەرچاو ناکەوێ
ماراى بەستەزمان.. وریای خۆت بە و قەت نەخەویت

---

(*) کارمینۆڵ: سەمایەکی میللییە و لە سەردەمی شۆڕشی فەرەنسادا باو بووە.

له پێناو ئەو خەڵکە با هەمیشە وەئاگا بیت
بەر لەوەی ئێوارە بڕوا و شەو دابێتەوە
سەیرێکی زەردەپەڕ بکە وا کاڵ دەبێتەوە
*(تەپڕنی تەپڵ. لە دواوە. پاش ئەو جمووجۆڵە دونیا هێمنتر دەبێتەوە. نەخۆشەکان قیت بەپێوە وەستاون، دەستەکانیان، تێک ئالاو، بەسەر سەریانەوە بەرز کردووەتەوە. پەرستارەکان لە بەردەمیاندا دانیشتوون و دەست لەسەر سینە نوێژی خۆیان دەکەن.. چرپە چرپی نوێژ لە ژێر لێوەوە دەگاتە بەرگوێیان. هەر چوار گۆرانیبێژەکە بۆ ساتەوەختێک سەما دەکەن و پاشان لە نێو "بازنەی نواندنەکە" و لە بەردەم بانیۆکەی مارادا ڕادەوەستن)*
**مارا:** (بەدەنگییەوە دیارە دەترسێ)
سیمۆن ئەوە کێیە لە دەرگا دەدا..؟
(دیسانەوە بەدەنگێکی زاڵەوە)
سیمۆن..
دەی.. ئاوی سارد.. پتر بێنە
*(سیمۆن لەسەر پلەکە دانیشتووە و خۆی وێک هێناوەتەوە.. بەڵام خۆی لە قسەکانی مارا گێل دەکا.)*
سیمۆن..
ئەوە "باز" لە کوێیە
**ساد:** واز بێنە مارا..
تۆ خۆت بوویت وتت
نووسین بۆ ئەو خەڵکە کارێکی بێهوودەیە



ماوەیەکی زۆر لەمەوبەر..
من وازم لە جوانترین شاکاری خۆم هێنا
شاکاری چی.. بەڕەیەک بوو بۆ خۆی
سی یاردەی تەواو بەس درێژی بوو
کە بەخەتێکی زۆر ورد..
سالانێک لەمەوبەر لە زیندانەکەدا نووسیبووم
ئەو ڕۆژەی "باستیل"یان ڕووخاند
نووسینەکەی منیش تیا چوو..
وەک هەموو نووسراوێکی تر
وەک هەموو شتێک کە زادەی بیر بێ و
دەرئەنجامی پیلان و پرۆگرامێک بێ و..
بەڵام تیا بچێ
*(مارا ڕاکشاوە و دەموچاوی کەوتووەتە سەر قەراغی بانیۆکە و بەهەردوو دەست گوێچکەی خۆی داخستووە.)*
**ساد:** (بەردەوامە)
مارا..
سەیرم کە..
مارا.. توو شەرەف ئەوەش ناو دەنێی ژیان
بیست و چوار سەعات خزاویتە نێو بانیۆکەت
خێر و خۆشی دونیات لە خۆت حەرام کردووە
ئەی کوانێ هەقی ئەو لەشەت..؟
*(بەفەرمانی پەرستارەکان نەخۆشەکان تۆزێ دەجووڵێن و*

*شێوەی وەستانی خۆیان دەگۆڕن و دەستەکانیان بۆ پێشەوە درێژ دەکەن.)*

**مارا:** (*ڕاست دەبێتەوە*)

من بۆ خوێندنەوە و نووسین نەبێ کاتم نییە

شەو و ڕۆژ بەشم ناکەن. ئەوە ڕاستییە

هەر کاتێک لە گرفتێک یان کێشەیەک دەکۆڵمەوە

لە هەموو لایەکەوە سەدەها لق و پۆپی لێ دەبێتەوە

هەر لقێکیش سەدەها لق و پۆپی تر

ڕوو لە هەر لایەک دەکەم..

دونیایەکی گەنیو.. پڕ لە پیسییە

(*یەکێک لە نەخۆشەکان لە نێو ڕیزەکەدا دەکەوێ. برینپێچێک هەڵی دەگرێتەوە و دەیبا.*)

هەر کاتێ دەمنووسی..

لە مێشکی خۆمدا بیرم لە بایەخی "کردە و کار" دەکردەوە

لەو ڕاستییەش گەیشتبووم

کە نووسین تەنیا خۆ ئامادەکردنێکە

کە دەمنووسی..

لە نێو گڕی گرانەتاکەدا بووم و.. دەمنووسی

لە گوێما هاڕەی کردە و کارەکان دەنگی دەدایەوە

ئەو کاتەی کتێبەکەم "کۆت و پێوەندەکانی کۆیلایەتی"م

ئامادە دەکرد و.. دەمنووسی

ماوەی سێ مانگ بۆی دانیشتم



لە ڕۆژێکدا بیست و یەک سەعات

گەلێ کەرەستە و بابەتم کۆکردەوە

خەونیشم بە گەلێ شتەوە بینی

چیایەک لە کتێب و دەفتەر و کاغەز..

تا کەوتمە ژێر باری کار و ئەرکێکی نەبڕاوە

کەچی ئەو دەستنووسەم دەستی بەسەردا گیرا

ئەوان هەمیشە تەیار و ئامادەبوون

هەرچیم وتووە: قەدەغە بکرێ.. نەیهێڵن

دەستکاری بکەن و بیشێوێنن

لە دوای بڵاوبوونەوەی هەر کتێبێکم

دەبوایە کونا و کون خۆ بشارمەوە

چەکبار.. بەتۆپ و.. دەست بەڕەشاشەوە

هەزارەها لە پاسەوانانی بەرگری نیشتمانی

لە هەموو لایەکەوە ئابڵووقەی ماڵەکەمیان دەدا

بگرە تا ئیمڕۆش..

چاوەڕێم و گوێم هەڵخستووە بۆ تەقەی دەرگا

چاوەڕێم..

بێن و نێزەیەک لەسەر دڵم بچەقێنن

سیمۆن.. سیمۆن

دە "باز"م بۆ بانگ کە. با بێ

تاکو بانگەوازەکەمی پێ بنووسمەوە

بانگەوازی چواردەی گەلاوێژم

**ساد:** ئەم هەموو بانگەوازە بۆ میللەت. لە پای چی؟
کات بەسەرچووە مارا
ئەم بانگەوازە لە یاد کە
هەر هەمووی درۆ و دەلەسەیە
تۆ هەنووکە چیت لە شۆڕش گەرەکە
ئاخۆ بەرەو کوێ دەچێ
سەیری ئەم شۆڕشگێڕانە چ سەرگەردانن
*(ئاماژەیەک بۆ گۆرانیبێژەکان دەکا کە لەسەر زەوییەکە ڕاکشاون خۆیان دەخورێنن، باوێشک دەدەن. دەیانەوێ دوا چۆڕی نێو بوتڵەکە هەڵقوڕێنن.)*
دەتەوێ چ فەرمانێکیان پێ بکەی
دەتەوێ بەرەو کوێ بیانبەی
*(لە دواوە لەسەر داخوازی پەرەستیارەکان نەخۆشەکان لەسەر یەک قاچ وەستاون.)*
جارێکیان تۆ هێرشت بردە سەر دەستەڵاتدارەکان
ئەوانەی یاسایان کرد بەئامرازێک بۆ چەوساندنەوە و تۆقاندن
بەڵام مارا .. ئەی سبەی..
چۆن لە فەرەنسایەکی تازە دامەزراو گوزەر دەکەی
ئەو فەرەنسایەی خەونی پێوە دەبینیت
تۆ ڕازی دەبیت کەسێکی تر سواری ملت بێ
هەر لە ژێر سایە و خواستی ئەویشدا
بنووسیت و کتێبان لە چاپ بدەی



هەر ئەویش فەرمانت پێ بکا ..
چ کار و پیشەیەک بکەی
یاسا و دەستوورەکانی بەگوێتا بخوێنێ
نەک جارێک و دوو.. بەڵکو هەزار جار
تا وای لێ دێ بەدەم خەوەوە
هەر هەموومان بڵێیتەوە
*(نەخۆشەکان لە دواوە بەشێوەیەکی بازنەیی ڕێ دەکەن و لەو کاتەدا پەرەستارەکان نوێژ دەکەن. چوار گۆرانیبێژەکەش بێباکانە دەگمێنن، یەکەم جار لەسەر زەوییەکە پاڵ دەکەون و قاچیان بەهەوادا بەرز دەکەنەوە و دەیجوولێنن. ڕۆسنیۆل و کوکوروکو هەڵدەستنەوە لەگەڵ گمەی ئەو ئاوازە سەما دەکەن.)*
**مارا:** (*دیسان دەکەوێتەوە سەر ڕۆخی بانیۆکە*)
ئەوە بۆ هەموو شتێک وا تێکەڵ و پێکەڵ بووە
هەرچییەکی وتم.. هەرچییەکی کە نووسیم
ڕاست و ڕەوان.. سەنگێکی هەبوو
هەموو دەمەتەقێیەکم ساغ و پتەو بوو
کەچی ئێستا .. بەگومانم
بۆ هەموو شت بەدرۆ شکایەوە..؟
(*گۆرانی و سەما*)
چوار گۆرانیبێژەکە: هێی مارا..
هێی.. تۆ لە نێو بانیۆکەتدا ڕاکشاویت.. بەستەزمانی کەودەن
کەچی ئەوان قومار بەچارەنووسی فەرەنسا دەکەن

وشەکانی تۆ بوون بەلافاو..
فەرەنسایان گرتەوە.. فەرەنسای بەخوێن ئاودراو

*(مۆسیقا کۆتایی دێ. چوار گۆرانیبێژەکە هەر بەدەم سەماوە بۆ دواوە دەگەڕێنەوە تا ناوەڕاستی شانۆکە. نەخۆشەکانیش هەریەکە و دەچێتەوە سەر پلەکەی خۆی. پەرەستارەکانیش دەیانەوێ کۆردی وەئاگا بێنن.. سێ زرمەی بەرز و کاسکەر.)*



## ٢٩

## خۆ ئامادەکردن بۆ سەردانی سێیەم

**جارچی:** کۆردی..
دە هەستە لە خەو

*(وەستانێک لە دواوە بەچرپەوە ناوی کۆردی دێتە بەرگوێ. چرپەکە زیاتر دەبێ تا هەموو سەر شانۆ دادەگرێ. پەرەستارەکان کۆردی ڕادەتەکێنن، دوپیرێ بەناوی خۆی بانگی دەکا . سیمۆن بەنارێکی لە تەنیشت بانیۆکە وەستاوە و سەیری کۆردی دەکا .)*

**کۆرس:** کۆردی.. کۆردی.. کۆردی

**جارچی:** (بەگۆچانەکەی ئاماژەیەک بۆ ئۆرکێستراکە دەکا)
کۆردی تۆ بەڵێنێکت داوە کە بەجێی بێنیت
زۆر درەنگە و وەختی ئەوە نەماوە بخەویت
شارلۆت خەو بەسە و هەستەوە سەرپێ
زوو خەنجەرەکەت هەڵگرە.. دەستبەجێ

*(وەستانێک. پەرەستارەکان کۆردی ڕاست دەکەنەوە سەرپێ. کۆردی بەقاچی نووشتاوە و سەری لارەوە دەوەستێ. پەرەستارەکان دەست دەدەنە ژێر باڵی و لەسەرخۆ بۆ پێشەوەی دەبەن. قاچی بەدوای خۆیەوە ڕادەکێشێ. دوپیرێ لە دوایەوە دەڕوا و باسکیشی لە کەفەڵی ئاڵاندووە.)*

**جارچی:** دە دەستبەکار بە.. شارلۆت کۆردی
هەر بەم زووانە تێر خەو دەبیت.. خەوێکی ئەبەدی

*(تا "بازنەی نواندنەکە" کۆردی دەبەن. دوو پەرەستار لەتەکییەوە دەوەستن و توند دەیگرن. دوپیرێش لە دواوە وەستاوە و دەیگرێ. مۆسیقا کۆتایی دێ.)*

**کۆردی:** (*هێشتا چاوەکانی نووقاون، بەهێواشی دەدوێ.. بەڵام دەمارگرژانە.*)

ئێستا تێ دەگەم ئەو ساتە لە چی دەچێ
ئەو کاتەی سەر لە لەش جیا دەبێتەوە
ئاه لەو ساتە کە مەرگەساتە
هەردوو دەستەکانت لە دواوە دەبەستن
کۆت و زنجیر لە پێدا
ملیش ڕووت
سەریش تاشراو
هەردوو ئەژنۆشت لە تەختە چەقیون
سەریشت وا لە نێو هەڵقەیەکی ئاسنین
چاوانیشت بڕیوەتە سەبەتەیەکی خوێناوی
گوێشت لە زیکەی تەوری مل پەڕێنە
ئەو کاتەی کە هەڵدەکشێ
لە دەمە تیژ و خوارەکەشی
هێشتاکو خوێن دادەچۆڕێ
پاشان خزانێکی خێرا بۆ خوارێ
تا دەمانکا بەدوو کەرتەوە
(*وەستانێک*)



دەڵێن..
گوایە ئەو کاتەی جەللادەکە سەری کابرا هەڵدەگرێ
ئەم هێشتاکو هەر زیندووە و دونیا دەبینێ
زمانیش لە نێو دەمدا بەئازارێکەوە لوولە و دەسووڕێ
لەولاوەش هەردوو دەست و قاچی
وەک مریشکی سەربڕاو فڕکە فڕکیەتی

**دوپیرێ:** (*نەوای عودێک. هێشتا دەستی بەسەر کەفەڵی کۆردییەوەیە.*)

شارلۆت.. واز لەو خەونە ناخۆشانە بێنە.. مۆتەکەیە
هەستە لە خەو و سەیرێکی ئەو درەختانە بکە
سەیرێکی ئاسمانی پەمەیی ئەم ئێوارەیە
با سینە ساواکەت بەهەواکەی پاک بێتەوە
(*وەستانێک. دوپیرێ دەست بەرز دەکاتەوە و یاری بە سینە و مەمکی دەکا. هەست دەکا خەنجەرێک وا لە ژێر سینە بەستەکەیەوە.*)
واز لەم دوودڵییە بێنە.. چیت لە مێشکدایە دەریکە
شنەی ئەم هاوینە خۆشە هەڵمژە
ئەوە چییە لەبەر باخەڵتا..
خەنجەر.. نەکەی.. فڕێی دە
(*مۆسیقا کۆتایی دێ*)

**کۆردی:** (*دەستی دەگرێ فڕێی دەدا*)

بۆ بەرگریکردن لە خۆمان
هەقە هەموو چەک هەڵگرین

**دوپیریێ:** (لێی دەپاڕێتەوە)
شارلۆت.. کەس زەرەری تۆی ناوێ
شارلۆت.. تکایە ئەم خەنجەرە فڕێ دە
لێرە بڕۆ.. دوور بکەوە
بۆ "کێن" بگەڕێوە
**کۆردی:** (*خۆی لێیان دەکێشێتەوە و پاڵ بەدەستی پەرەستارەکانەوە دەنێ.*)
لە "کێن" لە ژوورەکەمدا
لەسەر مێزەکەی تەک پەنجەرە کراوەکە
کتێبەکەی "جودیس" کراوەتەوە
ئای لە شۆخی وا ئەفسانەیی
ئەو بوو چووە ژێر دەواری دوژمن و
بەیەک دەست وەشاندن
سەری لە لەشی جیا کردەوە
**دوپیریێ:** شارلۆت..
تۆ بەتەمای چیت..؟
**کۆردی:** (*دیسانەوە دەچێتەوە ژێر خەیاڵ*)
سەیرێکی ئەم شارە بکە
هەموو بەندیخانەکانی
سیخناخن لە هاوڕێکانی ئێمە
هەر ئێستا لە نێو ئەوان بووم
لە خەوما.. بەکۆمەڵ وەستا بوون



لەودیو پەنجەرەکانەوە..
گوێیان لێ بوو یاساوڵەکان لە قەنارە دەدوان
لە مەرگی ئەو خەڵکە دەدوان
وەک باخچەوانێ: لە ملیۆنەها گەلێ بدوێ
کە تەنیا بەکەڵک سووتان بێ
لە سەرووی لیستەکەوە ناو بەدوای ناو دەسڕایەوە
هەرچەند لیستەکە کورتتر و..
ژمارەی ناوەکان کەمتر دەبووەوە
چەندان ناوی دیکەیان دەخستە سەر.. هەر لە ژێرەوە
خۆم بینی لەگەڵ ئەواندا وەستا بووم
چاوەڕێ بووین
گوێمان لە ناوی خۆمان بێ کەی بانگمان دەکەن
**دوپیریێ:** شارلۆت..
دەستم بگرە و با هەر ئیمڕۆ ئێوارە
ئێرە جێ بێڵین
**کۆردی:** (*هەروەک بڵێی گوێی لەو نەبووبێ.*)
ئا ئەوە چ چەشنە شارێکە
ئەمانەش چ جۆرە شەقامێکن
کێ وای داناوە...
ئەمەیان لە بەرژەوەندی کێدایە
لە هەموو قوژبنێکی شاردا
کۆمەڵێ دێوەرەم بینی

قەنارەی چکۆلانەیان دەفرۆشت بەخەڵکی
بەتەوری بچووکی مل پەڕێنەوە
لەگەڵ بووکەشووشەی پڕ لە خوێناو
ئەو خوێنەی لە ملی سەربڕاوەکانەوە فیچقەی دەکرد
دوای حوکم بەسەردادان
ئەوانە چ جۆرە منالێکن.. کەوا بەجوانی
یاری بەو قەنارە و بووکەشووشانە دەکەن
ئەی کێیە وا حوکم دەکا.
کێیە ئاوا حوکم دەدا..؟

*(نەخۆشەکان بەکۆمەڵ ڕووەو ناوەڕاستی شانۆکە دەخزن.. کۆردی دەست بەرز دەکاتەوە تا لە دەرگا بدا.)*



## ٣٠

## سێیەم و دوا سەردانی کۆردی

*(جارچی سێ جار بەگۆچانەکەی لە زەوی دەدا و لەو کاتەدا کۆردی وا دەست ڕادەوەشێنێ وەک ئەوەی لە دەرگا بدا. مارا دەشڵەژێ و لە کۆردی دەڕوانێ. سیمۆن بەشێوەیەک لە بەردەم بانیۆکە دەوەستێ وەک ئەوەی بەرگری لە مارا بکا.)*

**دوپیرێ:** بۆ لەبەر دەرگا وەستاویت. چیت دەوێ
تۆ دەزانی کێ لێرە دەژی..؟
**کۆردی:** ئەو پیاوەی..
کە من لە پێناویدا هاتووم
**دوپیرێ:** چیت لێی دەوێ..؟
شارلۆت.. لە کوێوە هاتوویت.. بگەڕێوە ئەوێ
*(لە بەردەمیدا لەسەر ئەژنۆکانی دەڕوا.)*
**کۆردی:** من بەنیازی کارێکەوە هاتووم کە دەبێ جێبەجێی بکەم
لێم دوورکەوە
(هەر بە پێ پاڵێکی پێوە دەنێ)
بڕۆ و بەتەنیا جێم بێڵە
*(دوپیرێ باوەش بەقاچەکانیدا دەکا. ئەمیش چەند جارێک بەشەق تێی هەڵدەدا. دوپیرێ لەسەر ئەژنۆکانی بۆ دواوە دەڕوات)*
**جارچی:** ببینن .. ئەوە سێیەمین جارە لەبەر دەرگا دەوەستێ
ئەو کچەی کە دەوری شارلۆت کۆردی دەبینێ

(*ئاماژە بۆ کۆردی دەکا*)
ئەوە دیسان خۆیەتی کە لەبەر قاپییەکە وەستاوە
دووپێریەش دەبینن لە عیشقی ئەمدا سووتاوە
(*ئاماژە بۆ دوپیرێ دەکا*)
ببینن چۆن کەوتووە.. لە خەمی دەست لێک بەردان..
وا دەتلێتەوە
(*پەنجەی شایەتمانە بەرز دەکاتەوە*)
چونکە هەرچییەکی بووە.. نە بەکەس دەگۆڕێ و نە ڕەت دەبێتەوە
هەرچەندە هەموو کەسێک خۆزگە دەخوازێ
شتەکان وەک جارانی لێ بێتەوە
(*ئاماژەیەک بۆ کۆردی*)
هەرچەندە ویستمان لە باوەشی هێمنی ئەو.. خەوەدا هەڵنەستێتەوە
لە دەرگای سۆزێکی قووڵەوە
ویستمان لێی بچینە ژوورەوە
سیمۆنیش هەرچییەکی پەی پێ برد
سڵی لێ نەکردەوە
(*ئاماژەیەک بۆ سیمۆن.*)
بەڵام ئەم کچەی کە لێرە وەستاوە
(*ئاماژەیەک بۆ کۆردی*)
سوورە لەسەر مەسەلەکەی.. ناچێتە دواوە



ئەم دوپیرێ بەهیچ نازانێ
(*ئاماژەیەک بۆ دوپیرێ دەکا کە لەم ساتەدا لەسەر ئەژنۆکانی لە سەکۆکەوە بەرەو دواوە دەگەڕێتەوە.*)
خۆ ئێمەش لەگەڵیا هیچمان پێ ناکرێ
خولیای بووەتە ئەم کابرایە (*ئاماژەیەک بۆ مارا*)
کەسێکی تر لەم دونیایە ناناسێ
**مارا:** نەخێر ..
(*ڕاستە پێ بەرز دەبێتەوە*)
من لە سەر هەقم
جارێکی دیکەش دەیڵێمەوە
سیمۆن .. کوانێ (باز)
ئەم بانگەوازەی من ..
زۆر پێویست و زەروورە
(*سیمۆن لە تەنیشتەوە دوور دەکەوێتەوە، بێ جووڵە دەوەستێ و بەوپەڕی سەرسامییەوە سەیری کۆردی دەکا.*)
**ساد:** (*لە بانیۆکە نزیک دەبێتەوە*)
مارا..
ئەو هەموو کتێب و قسانەت چین
گەر لەگەڵ ئەم شۆخە بەراوردیان بکەی
لەوێ وەستاوە و بەرەو لای تۆ دێ
دێ تا ماچت بکا و لە باوەشێت بگرێ
مارا..

کچۆڵەیەکە پاک.. بڵێ گەردی لێ نەنیشتووە
خۆیت پێشکەش دەکا.. بۆ ئەوەش هاتووە
سەیری کە چۆن زەردە لە لێوانی دەبارێ

*(کۆردی، قیت، وەستاوە و زەردە دەیگرێ، قژی بەلایەکدا دەخا. دەستیشی خستووەتە سەر سینە بەستەکەی.. سەر ئەو شوێنەی کە خەنجەرەکەی لە ژێردا شاردووەتەوە.)*

سەیری ددانەکانی.. چۆن دەبریقێنەوە
چۆن قژە خورماییەکەی بەلایەکدا دەخا
مارا.. واز لە هەموو شتەکانی تر بێنە
جگە لە لەش..
هیچ شتێکی تر نرخی نییە
سەیری کە.. هۆ لەوێ وەستاوە
لە ژێر کراسێکی تەنکدا سینەی رووتی هەڵداوە
دەشێ چەقۆیەکی پێ بێ
وەلێ تەنیا بۆ ئەوەیە..
بەزمی دەست لەملانێیەکە خۆشتر بێ

*(کۆردی هەنگاوێک لە بانیۆکە نزیک دەبێتەوە. بەحاڵ دەلەنگێ. سیمۆن ڕەق وەستاوە. بێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێ پارچە قوماشەکەی دەستی هەڵدەگلۆفێ.)*

**مارا:** سیمۆن.. سیمۆن..
ئەوە کێ بوو لە دەرگای دەدا..؟

**ساد:** کچۆڵەیەکە..



لە دێرێکەوە هاتووە.. سەر بەگوندێکی خامۆش
بیهێنە بەرچاوت..
ئەو کچە بێ گەردانەی لەسەر زەوییەکی ڕەقەنی ڕادەکشێن
بەجلوبەرگی زبرەوە
هەوای گەرمیش لە کێڵگەکانەوە
هەڵدەکا و لە کەلێنی پەنجەرە داخراوەکانەوە
دێت و خۆی دەدا لە ڕوخساریان
بیهێنە بەرچاوت
چۆن بە ڕان و بەلەک و سینەی تەڕەوە ڕاکشاون
خەونیش بەو کەسانەوە دەبینن
کە لە دونیای دەرەوە ژیانێک بنیات دەنێن

*(هەرچوار گۆرانیبێژەکە دێنە پێشەوە و بەپانتۆمایم دیمەنی "تێک ئاڵان و پێوەبوون و خۆ بەیەکەوە نووساندن" پیشان دەدەن. ڕۆسنیۆل سواری یەکێ لە هاوڕێ زۆر بەتینەکانی دەبێ و دەکەونە جۆرەها گەمەی ئەکرۆباتیک.)*

**ساد:** *(هاوشان لەگەڵ مۆسیقاکەدا)*
ئا ئەوسا لەو تەنیاییە بێزار بوو
لەگەڵ ئەم سەردەمە تازەیە وورووژا
سواری یەکێ لە شەپۆلە شێتەکانی بوو
خۆی ئامادە کرد و هات
ویستی ببێ بەیەکێ لە مریدانی شۆڕش
جا بەبێ "تێک ئاڵانێکی ڕەمەکی"

دەبێ شۆڕش مانای چی بێ..؟

**کۆرس:** جا دەبێ خێری شۆڕش چی بێ

گەر نێر و مێ تێک نەئاڵێ..

تێک نەئاڵێ.. تێک نەئاڵێ..؟

*(بەشێوەیەکی بازنەیی و بەتێک ئاڵاوی دەخولێنەوە.. پانتۆمایم تەواو دەبێ.)*

**ساد:** مارا..

بۆ ماوەی سیازدە ساڵ

لە زیندانی "باستیل" مامەوە

لەوێ تێگەیشتم..

کە ئەم دونیایە.. دونیای جەستەیە

هەر جەستەیەک، وەک دڵ، بەوزەیەکی ترسناکەوە لێ دەدا

هەر لەشێکی تەنیاش بەئازارێکەوە تل دەدا

لە نێو ئەو تەنیاییەدا

نقومی دەریایەکی بەردینە

گوێم لێ بوو.. لێوەکان هەمیشە بەچرپەوە دەجووڵێن

بەردەوامیش..

لە نێو لەپی دەستما. لەسەر پێستما

هەستم بەو ختووکە و تەزووەی لێکخشان دەکرد

لە پشت سیازدە دەرگای داخراوەوە

کۆت و زنجیر لە پێدا..

من تەنیا خەونم..



بەو هەموو کونەوە دەبینی کە لە جەستەی مرۆڤدان

حەزم دەکرد بچمە نێویان..

تا وەک چنگاڵ لێوەیان گیر بم

*(نەخۆشێک لەسەر پەنجەی پێیەکانی دێتە پێشەوە و لە پشت بازنەی نواندنەکەوە دەوەستێ.. بەدڵ گوێ دەگرێ. نەخۆشەکانی دیکە دوای دەکەون.)* هەمیشە خەونم بەو

هاوکێشەیەوە دەبینی

خەونی غیرەیەکی کێوییانە و..

ئەندێشەیەکی زۆر دڵڕەقانە

مارا.. بەندیخانەکانی نێو مرۆڤ

گەلێ لە زیندانە تاریک و بەردینەکان ناخۆش و تەنگترە

تاوەکو هەر ئاوا داخراو بن

هەموو شۆڕشێکی ئێوە دەبێ بەزیندانی هەر هەڵگەڕانەوەیەک

گۆڕی هەموو هەستانەوەیەک

کە دەبێ جارێکی تر

لە لایەن بەندییە بەدخووەکان دابڕمێ

**کۆرس:** *(بەدەم مۆسیقاوە دووبارەی دەکەنەوە)*

دەبێ خێری شۆڕش چی بێ

گەر هەمووی ڕەمەکییانە تێک نەئاڵێ

*(مۆسیقا کۆتای دێ)*

**کۆردی:** *(ڕوو دەکاتە سیمۆن.. بەدەم سەدای عودەوە)*

نامەکەی منت گەیاندە مارا..

لێم گەڕێ بچمە ژوورێ. زۆر زەرروورە
دەبێ پێی ڕابگەیەنم لە "کێن" چی ڕوو دەدا
خەڵکێکی زۆر لەوێ کۆ بوونەتەوە
دەیانەوێ شوێنەواریشی لەسەر زەوی بسڕنەوە

**مارا:** ئەوە کێیە لەبەر دەرگا..؟

سیمۆن: ئەو کچەیە کە لە "کێن"ەوە هاتووە

**مارا:** لێی گەڕێ با بێتە ژوورەوە

*(سیمۆن لە لایەکەوە دەوەستێ، بەتوندی سەر ڕادەوەشێنێ. لەسەر ڕۆخی سەکۆکە و لە پشت بانیۆکەوە دادەنیشێ و سەری دەخاتە نێو هەردوو لەپی. کۆردی بەرەو لای بانیۆکە دەکشێ، دەلەنگێ و زەردە دەیگرێ و دەست دەخاتە سەر سینە بەستەکەی. ساد لە نێو بازنەی نواندنەکەوە دێتە دەرێ و ڕووەو لای سەکۆکەی دەخزێ، لەو شوێنە دەمێنێتەوە و دەوەستێ. زۆر بەوردی سەیری دەوروبەرەکەی دەکا.)*

**کۆردی:** (*بەنەرمی*) مارا..
با ناوی پاڵەوانەکانی خۆمت بۆ بژمێرم
بەڵام وا تێنەگەی من خیانەتیان لێ دەکەم
چونکە من ئێستا بۆ کابرایەکی مردوو دەدوێم

**مارا:** (*ڕاست دەبێتەوە*)
ئاشکراتر بدوێ..
من تێت ناگەم..
تۆزێ وەرە پێشەوە

**کۆردی:** (*لە بانیۆکە نزیک دەبێتەوە و زەردەیەک سەر لێوانی جێ*



*ناهێڵێ، لەسەرخۆ دەلەنگێ، دەستێک بۆ خەنجەری ژێر سینە بەستەکەی دەبا.)*
دەی با ناوەکانت پێ بڵێم (*بەشێوەیەکی گۆرانی ئامێزانە*)
مارا.. ناوی ئەو کەسانەی
کە لە "کێن"دا کۆ بوونەتەوە
باربارۆ
بوزۆ.. پتێو.. لۆڤێ

*(لەگەڵ وتنی ناوەکان تا دێ دەموچاوی تێک دەترشێ.. ڕق و شەهوەت بەسیمایەوە دیارە.)*

**مارا:** تۆ کێی..
تۆزێ وەرە پێشەوە

*(مارا هەڵدەستێتەوە سەرپێ، پەڕۆکەکەی سەرشانی دەخزێ. کۆردی لێی نزیک دەبێتەوە.. بەلەنجەوە ڕێ دەکا. دەستی چەپی درێژ دەکا وەک ئەوەی دەستبازی و گەمەی لەگەڵدا بکا. دەستی ڕاستیشی لە ژێر سینە بەستەکەوە لە خەنجەرەکە گیر بووە.)*

کۆردی (*بەمنگە منگێکەوە وشەکان لە دەمییەوە دێنە دەرێ.. دەنگێکی وا کە خۆشەویستی لێ بتکێ.*)
ئەوە هاتم مارا..
بەڵام تۆ من نابینیت مارا
چونکە تۆ کابرایەکی مردووی

**مارا:** (*هاوار دەکا.. هێشتا خۆی ڕاست دەکاتەوە.. نیوە بەنیوە جەستەی بەدەرەوەیە.*)
باز..

ئەوەی دەیڵێم. بینووسەوە
شەممە. سیازدەی گەلاوێژ.. ساڵی هەزار و حەوت سەد و نەوەد و سێ
بانگەوازێک بۆ گەلی فەرەنسا

*(کۆردی بەتەواوی کەوتووەتە بەرامبەر مارا. دەستی چەپی درێژ دەکا و بەسەر لەشی مارادا دەیخشێنێ، سینەی، هەردوو شانی، ملی. لە دواوەی بانیۆکەوە بەچەماوەیی دانیشتووە، هێشتا قەڵەمێکی بەدەستەوەیە. کۆردی خەنجەرەکە لە ژێر سینە بەستەکەوە دەردێنێ. بەهەردوو دەست توند دەیگرێ و خەنجەرەکە بەرز دەکاتەوە بەو نیازەی بیوەشێنێ. جارچی بەفیکەیەکی تیژ کۆتایی بەم دیمەنە دەهێنێ و لەگەڵ فیکەکە هەموو ئەکتەرەکان لە شوێنی خۆیان ڕەق ڕادەوەستن.. کۆردی ئەوەندە شەکەتە دەکەوێ. ماراش بەهێمنی دادەنیشێتەوە و بەپێشەوەدا دەکەوێ.)*



## ٣١

## نێوەندێک

**جارچی:** ئەوەش بەشێک لە پیلانە دراماتیکییەکەی ساد..
ئەوەتا
کە بەر لەوەی بگەینە چڵەپۆپە گەرەکییە بەینێکی تێ بخا
تا ئەم پیاوە.. واتا مارا
لە دوا هەناسەیدا بتوانێ گوێی لێ بێ و تێ بگا
کە دوای مەرگی ئەم دونیایە چی لێ دێ و..
چۆن بەرێوە دەڕوا
بەدەم مۆسیقاوە مێژووی بۆ دەخەینە بەرچاوان.
هەموو شتێ.. ورد و درشت
هەر لە هەزار و حەوت سەد و نەوەد و سێ..
تا هەزار و هەشت سەد و هەشت

*(مۆسیقا بەمارشێکی سەربازانەی خێرا دەکرێتەوە. هاوشان لەگەڵ مۆسیقاکە هەر چوار گۆرانیبێژەکە گۆرانی دەچڕن و بەگەلێ جووڵەی سەیر و عەنتیکە هەڵدەستن. جارچییش لەسەر پارچە مقەبایەک یان "بۆردێک" ئەو بەروارانە پیشان دەدا کە ڕووداو و کارەساتەکانی تیا قەوماوە.)*

**چوار گۆرانیبێژەکە:**
ئێستاش وا هەموو دوژمنەکانت..
یەکە یەکە هەرەسیان هێنا
وا لە "ڤێندی" ئاگری شەڕێکی کوشندە هەڵگیرسا

پڕ لە ئازایەتی.. دڵڕەقییەکی بەبێ هاوتا
لە نێوان ئێمە و لایەنگیرانی پادشا
وەلێ ڕاونران.. کەسیان لەو ناوە نەما
سوپایەکی تۆڵەسێن.. گڕ پژێنی دەم پڕ لە سروود و گۆرانی
ئاڵای شەکاوە.. ملمان نا و ترسمان نەزانی
مارا.. بڕیارمان دا ئەم کەرتە بەناوی تۆوە بانگ بکەین
هەر بەو کەرتەش سوپای دوژمن لە ناو ببەین
مارا.. هەرچییەکی تۆ فەرمانت پێی بووە
ئێمە خۆمان بۆ تەیار و ئامادە کردووە
وامان کرد دوژمنان لە نێو قوڕ و چڵپاودا.. بگەوزێن
یا بەدەستی یەکتری قەڵاچۆ بکرێن
بەسواری ئەسپ و.. چەکباری تۆپەوە
بەڕووی "شۆڕشی دژ" وەستاینەوە
لە "لیۆن" هەر بۆ پەند و ترساندن
سێ هەزار کەسمان لە یەک جێ.. سپارد بەمردن
ئێستاش سوپا گەیشتووەتە ناوچەی "نانت"
لەو شوێنە هەزارەها کەسمان لە ئاودا خنکاند
لە هەر ماڵێکیش زەلامێک بەڕووماندا وەستا بێ
دەبێ شێتانە خانووەکەی بەسەردا ڕما بێ
دوا جار خۆمان و ئاڵای شەکاوە گەیشتین
گەیشتین بە شاری "تۆلۆن"ی خائین
لە ژێر سایەی پێشەوایەکی ئازا کە ئەستێرەی داناکشێ



کە دەتوانی تا ئەبەد سەرکەوتن بەدوای سەرکەوتن.
وەدەست بێنێ
تۆ دەبینی مارا چۆن مل دەنێین بۆ پێشەوە
ئەمێستاش گەرەکە خۆمان و ڕیزەکان پاک بینەوە
چونکە تۆ خۆت فەرمووت دەبێ بەر لە هەموو شتێ
پیاوانی بێ توانا و ترسنۆک لە ڕیزەکاندا نەمێنێ
رۆبسپیر وای کرد "دانتۆن" لە قەنارە بدرێ
دوای ئەوەش دەستبەجێ.. توانی دەستی لەوەدا هەبێ
هەزارەها لە پشتگیرانی ئێمە ملیان بپەڕێ
کە دەشیا لە نەفامی خۆمان.. جێی متمانە و هیوا بووبێ
مارا ئەوەی فەرمانڕەوا تازەکانی ئێمە دەیکەن
حەز ناکەین بڕوا بکەین شتی وا لە ئارادا هەن
ئەو "یەعقوبییانەی" کە ڕۆژێک خۆشەویستی خۆمان بوون
لە نێو گالیسکە و لەتەک گەورەکاندا وا دانیشتوون
پەتی سێدارەش جیاوازی لە نێوان هیچیاندا ناکا
کە دەشبن بە لاشەیەکی سارد.. هەر هەمووی لەیەک دەکا
مارا.. بە ڕووی ئەو چارەنووسە سەیر و کەس نەدیوە
تەنیا سڕین.. بەسەرسامی دەمیشمان داپچڕیوە
ئەوەتا "رۆبسپیر"یش کۆت و زنجیر لە دەست و پێدا
سەری دەپەڕێ و غل دەبێتەوە بەنێو قوڕ و لیتەدا
مارا ئەو هەموو دژوارییە چۆن بەیەک دەگا
کە بەردەوام ئەم ئەوی تر تاوانبار دەکا

مارا تۆ وریایت و پێمان بڵێ: ئاخۆ دەبێ
هەر بۆ ڕووی دونیا زەلامێک لە سەرووی سەرەوە بێ
کە هەمیشە سەردار و پێشەوا بووبێ
وەلێ پاداشتی ئەوە بێ سەری خۆی دانێ
مارا با مژدەت بدەینێ کێ لەگەڵ ئێمەیە
ناپلیۆن بۆناپارت کە ئیمڕۆ وا لێرەیە
ئەویش وەک تۆ خەڵکی "ساردینیا" یا "کۆرسیکا"یە
بەڵێنی پێ داوین.. بەڵێن بۆ ئاشتی هەتا هەتایە
داشیناوە لە کارگەی چەکدا ئیشمان بداتێ
لەسەر شەرەفی ئەم شۆڕشەش بەئیمپراتۆر بانگ بکرێ
ئەوەی دیمان با دیمەن و خوانێک بێ بۆ بەربینایی
قۆڕەی سکمان دێ و کەچی سەیریشی دەکەین بەڕاگوزاری
هەر ئەوەندەمان پێ دەکرێ بوەستین و..
لەو هەرایە وردبینەوە
قەشەکانیش بۆ موبارەکی ناومان بێنن..
بەدەم ویرد و نوێژەوە
ئێستاش وا هەموو دوژمنەکانت هەرەسیان هێنا
یەک لە دوای یەک سەریان پەڕی (١٧٩٣)
دوپیرێ.. کۆردی
بەهەمان شێوە کۆنەکە لە سەریان درا
ڕۆبسپیرەش دەبووایە بیباتەوە.. دەستوبرد
خۆی لە دەستی دانتۆن ڕزگار کرد (١٧٩٤)



ئەوسا بەهار بوو.
بەڵام کاتێ گەلاوێژ دێ
پیرە ڕۆبسپیر دەبێ بمرێ
سێ هەڵگەڕانەوە لە یەک ساڵدا (١٧٩٥)
کەچی هەر لەسەر هەوای خۆمانین هێشتا
خۆ هەر هەموو "مالکۆنی"یەکانیش پێکەوە
فێری دەرسێک بوون لە قەنارەوە
گرانییە و گەنمیش لە هیچ لایەک دەست ناکەوێ
خۆش بەحاڵمان گەر شتێکمان بەرکەوێ
نەمساوییەکانیش
نیازیان خەراپە و گەرەکیانە هەڵگەڕێنەوە
کەچی ئەوەندە نابا
لە بەردەم پیاوانی ئێمەدا فش دەبنەوە
پازدە ساڵی شکۆمەندی..
پازدە ساڵی شکۆمەندی
ساڵانی شەڕ.. ساڵانی ئاشتی
هەر ساڵێکیش مەزنتر لە ساڵەکەی دی
مارا..
بۆ پێشەوە مل دەنێین.. گەڕانەوە نییە.. ئیدی
ئای کە ئازا بوون.. سەربازەکانمان (١٧٩٧)
خیانەتکارانیش تڕۆ کران
لە بەرژەوەندی گەل و وڵاتدا

ژەنەراڵەکان.. ئازایانە.. ڕەگیان لە پاریس داکوتا
هەر بەسەرۆکایەتی ناپلیۆنی پاڵەوان (١٧٩٨)
میسرییەکانیش گەیشتن بەهەقەمستی خۆیان
چ خۆش بوو بەلایەوە
کاتێ سوپا کشایەوە
بەڵێ ئەو گەلێ خۆشحاڵ بوو
گەرچی هێزی دەریاش تیا چوو
ئەو کاتەش کە بۆناپارت گەڕاوەتەوە (١٧٩٩)
فەرمانڕەواکان دوور دەخاتەوە
پیاوێکە.. چ پیاوێ (١٨٠٠)
بەجەرگ و ئازا و ڕاستگۆ
بۆناپارتە و خۆی دەکوژێ لە پێناو تۆ
هەر هەموو ئاورووپا ئازاد دەبێ لە کۆت و زنجیر (١٨٠١)
تەنیا ئینگلتەرە نەبێ کە دەنقێنێ لە ژێر کۆپان و نیر
بەڵام ئێمە گەرەکمانە شەڕ بوەستێ (١٨٠٢)
کەواتە چواردە مانگ
مەلی ئاشتی سەربەستانە دەفڕێ
*(نەخۆشەکان بەشدار دەبن.. هەر لەو شوێنەدا دێن و دەچن.)*
پازدە ساڵ شکۆمەندی
پازدە ساڵ شکۆمەندی
ساڵانی شەڕ.. ساڵانی ئاشتی
هەر ساڵێکیش..



مەزنتر لە ساڵەکەی دی
مارا..
بۆ پێشەوە..
ناگەڕێینەوە ئیدی
دەبێ ئینگلیزەکان تێک چوو بن (١٨٠٣)
گەرەکیانە بەڕووی ئێمەدا بجەنگن
بۆیە ئێمەش ناوی خوامان لێ هێنا
ڕووەو مەیدانی جەنگ ملمان نا
بۆناپارت لەسەر تەختی ئیمپراتۆرییەت دادەنیشێ (١٨٠٤)
نیلسۆنیش شەڕ بەهێزی دەریامان دەفرۆشێ
وەلێ ئێمە لەسەرەوەین و
ئەو خۆی بەپێوە ناگرێ
بەڵێ.. ئەوە ئێمەین
تف لە "ترافلگار" دەکەین
ئێستا پروسییەکان دەکشێنەوە (١٨٠٦)
ڕووسییەکانیش لە ژێر هەرەسێکدا دەچەمێنەوە
هەموو دونیاش.. (١٨٠٧)
هەموو دونیاش..
لە بەردەم ناپلیۆندا
کڕنووش دەبەن و دەنووشتێنەوە
هەر بنەماڵەکەی ئەوان
لەسەر زەوی لە نێو دەریا دەجەنگان (١٨٠٨)

هەموو خەڵک خەون بەسەربەستییەوە دەبینێ
گەر ئەوەیان مەبەست نەبێ..
قەیدی ناکات
بەڵام ئەوسا هەمووی بەدەستی ئێمە تیا دەچێ
پازدە ساڵ شکۆمەندی
پازدە ساڵ جوانمەردی
ساڵانی شەڕ.. ساڵانی ئاشتی
هەر ساڵێکیش..
مەزنتر لە ساڵەکەی دی
مارا..
کاروانە و جێی ناهێڵین
لە ژێر بەیداخی ناپلیۆنەوە بەرێ کەوتووین



## ٣٢

## کوشتن

(هەموو کاستەکە دەکەونەوە خۆیان و هەر کەسە و جێی خۆی دەگرێ.. دەقاودەق وەک ئەو کاتەی بەر لە دەستپێکردنی گۆرانییەکە. کۆردی بەرهەدوو دەست خەنجەرەکەی بەسەر سەرییەوە گرتووە. زۆر لەسەرخۆ بەرەو لای مارا دەست دادەگرێ. سادیش زۆر بەوردی سەیر دەکا.. لە ناوقەدەوە بۆی دەچەمێتەوە. کۆردی مارا دەکوژێ. نەخۆشەکان بەیەکەوە دەزریکێنن کۆردی یەک تەختە دەکەوێتە سەر شانۆ ساد وەستاوە و لەو دیمەنە ڕادەمێنێ. مارا هەروەک لە تابلۆ کلاسیکییەکەی "دەیڤید داود"دا هەیە ڕاکشاوە، دەستی بەقەراغی بانیۆکەدا شۆڕ بووەتەوە و هێشتا قەڵەمەکەشی بەدەستەوەیە. بەدەستی چەپیشی کاغەزەکانی گرتووە.)

## ٣٣

## کۆتایی

*(ئۆرکێستراکە، بەو بۆنەیەوە، مۆسیقایەکی هێمن و نەرم دەژەنێ. پەرەستارەکان دێنە پێشەوە و بەهەموو لایەک لە "کۆردی" دەورووکێن و دەست دەخەنە ژێر باڵی. مارا لە نێو بانیۆکە دێتە دەرێ. "کۆلیە" دێتە پێشێ.)*

**کۆلیە:** هۆ خانمانی ڕووناکبیر.. ئەی پیاوانی دڵ پڕ لە بڕوا
با کتێبی مێژوو داخەین و بگەڕێینەوە ئێستا
ئێستا..
کە ساڵ هەزار و هەشت سەد و هەشتە
دەکرێ بڵێین: سەردەمێکی پڕ لە نەهامەتی و مەینەتە
وەلێ گەرچی بەڵێن دەدا بەهەموو مرۆڤایەتی
کە لەمەودوا
نە لە زریانی شەڕ بترسن و..
نە بارێزەی ئاشتی

*(مۆسیقا هێدی هێدی دەگاتە ئاستێک کە ببێ بە مارشێکی بێزارکەر. نەخۆشەکانیش لە دواوە لە شوێنی خۆیانەوە هەنگاو هەڵدێنن بەلام بێ ئەوەی بجووڵێن. دیاریشە کە تا دێ سەغڵەتتر دەبن.)*

چونکە ئێمە لە چاخێکی تازە داین
ئیمڕۆ جیاوازە لەگەڵ دوێنێ
ئیمڕۆ نە چەوسێنەر ماوە و نە تاوانی گەورە و نابەجێ



هەرچەندە وا لە شەڕداین.. هەموو کەس ئەو دەبینێ
وەلێ هەر بەسەرکەوتنی ئێمە کۆتایی دێ
چوار گۆرانیبێژەکە: جا گەر زۆر بەکەمی هەبێ و
کەمیش زۆرێکی بێ سنوور
ئەوسا تێ دەگەی بایی چەند لە ئامانجی خۆمان..
نزیکین یا دوور
بێ ترس و بەرژەوەندی هیچ شتێک نادرکێنین
ئەوەی نەتوانین بەهاوار بیلێین
بەگوێتاندا دەیچرپێنین

**رۆ:** (هەر بەم *گۆرانییەوە*)
کەی فێر دەبن ئەم دونیایە چۆن ببینن
کەی فێر دەبن لایەنێک بگرن
کەی وایان لێ دەکەن..
بەم ڕاستییە بگەن..؟
چوار گۆرانیبێژەکە: هەرچەندە دەرگامان لەسەر داخراوە
بەلام بەند و کۆیلە نین
ئالای فەرەنساش شەکاوەیە و
کەس بۆی نییە داینەوێنێ
دەمەتەقێی بێ سوود.. شەڕە دەنووکی سیاسەتبازان
با پیرۆز بێ بەخۆیان
ئێمە هەموو بەتەنیا گوێ لە زەلامێک دەگرین
چونکە هەر تەنیا ئەو..

کاتێ بێ پارە و پوول و نەخۆشین
دەستمان دەگرێ یارمەتیمان دەدا
تەنیا قەرزاری ئەو زاتەین
کە کۆتاییەکی جوانی بۆ شۆڕش دانا
هەموو کەسیش دەزانێ بۆ وا شاگەشکە و خۆشحاڵین
چونکە ناپلیۆن ئیمپراتۆرە.. گەورە و بەنگین

*(لە کاتی گۆرانی وتنەکەدا کۆلیە و خێزانەکەی سڵاو و پیرۆزبایی لە ساد دەکەن و لەگەڵیا دەکەونە قسە. ساد هەندێ لە ئەندامانی کاستەکە پێشکەش دەکا. لەم ساتەدا سەدای مۆسیقاکە بەرزتر دەبێتەوە. ڕیزێک لە نەخۆشەکان بەرەو پێشەوە هەنگاو دەنێن. پەرەستار و برینپێچەکان ڕێیان لێ دەگرن. چەند جارێک ڕیزەکە چوار هەنگاو بۆ پێشەوە دەڕوا و سێ هەنگاو بۆدواوە دەگەڕێتەوە.. تا دێ مۆسیقا و ئیقاعی مارشەکە بەرزتر دەبێتەوە. کۆلیە پەرۆشە و خۆی بەلاوە دەنێ و دەست ڕادەوەشێنێ.)*

**هەموویان بەیەکەوە:**

ئەو مەزنەیە کە دەبێ بەسەرکردەی سەربازەکان
لە بیابان و لە ژێر بەفر و شەستەباران
سەرکەوتنێک لێرە و سەرکەوتنێک لەوێ
هەمیشە مەزن و پیرۆز.. جێی نالەقێ
بۆ بەختەوەری ئێمەیە.. کە هەردەم لێرە و لەوێیە

*(ڕیزەکە هێشتا بۆ پێشەوە مل دەنێ، تاوێ بۆ پێشەوە و تاوێ بۆ دواوە. جارچی پەقرەچ و دۆلکەکان و گەلێ شتی تر بەملا و*



*بەولادا فڕێ دەدا. برینپێچەکان دەیانەوێ نەهێڵن. خێزانەکەی کۆلیەش ڕادەگا.. هاوار و زریکەش بەردەوامە.)*

**هەرهەموویان:** *(هاوشان لەگەڵ مارشەکە بەئیقاعێکەوە هاوار دەکەن.. بەڵام بەشێوەیەکی شێواوانە و تێکەڵ.)*

چارنتن.. چارنتن
ناپیلۆن. ناپلیۆن
میللەت.. میللەت
شۆڕش.. شۆڕش
تێک ئالان.. تێک ئالان

(هاوارەکە لە زیادبووندایە. ڕیزەکە دەگاتە پێشەوە ململانێیەکەی جارچی و برینپێچەکان تەشەنە دەکا و سەرنجی ئەوانی تر ڕادەکێشێ، کتوپڕ وای لێ دێ لە هەموو لایەکەوە لەسەر شانۆ دەبێ بەشەڕ و دەستە و یەخەی یەکتری دەوەستن. "ساد" سەیر دەکا و زەردەیەکی کاڵ لەسەر لێوانییەتی.. تا ڕادەیەک ئەم دیمەنە بەلای خۆی بەکێشی دەکا. ئەکتەرەکان بەملا و بەولادا دەچن. مۆسیقا، هاوار و زریکە.. زرمەی پێ کوتان تێکەڵ دەبن.. بە ڕادەیەک کە پیاو کاس دەکەن. لە پەنجەرەکانی سەرەوە بایەکی توند هەڵدەکا پەردەکانی ژوورەکە بۆ ناوەوە هەڵدەدا. برینپێچەکان بەقیرپاچەوە بەنێو نەخۆشەکاندا دەسووڕێنەوە.

ڕۆ" بەقەڵەمبازێک دێتە پێشەوە و خۆی دەخاتە بەردەمی خەڵکەکە کە هەر بۆ پێشەوە مل دەنێن.. پشتی لەوانە.. هەردوو دەستیشی لە کۆت و پێوەند دایە.)

**رۆ:** کەی چاو دەکەنەوە تا شت ببینن
کەی فێر دەبن هەڵوێستێک بنوێنن..؟

*(رۆ هەوڵ دەدا بەرەو دواوە بیانبا.. بەڵام ئەویش دەکەوێتە نێو ئەوان و لە چاوان ون دەبێ.. ڕیزەکانیش هەر بۆ پێشەوە مل دەنێن. نەخۆشەکانیش لە نێو هەرای ئەو مارشەدا بەتەواوی کەوتوونەتە سەمایەکی شێتانە. هەندێکیان بەخۆشییەوە لەسەر یەک پێ هەڵدەبەزنەوە و کەوتوونەتە سەمایەکی شێتانە. هەندێکیان بەخۆشییەوە لەسەر یەک پێ هەڵدەبەزنەوە و بەنێو یەکتردا دەخولێنەوە. "کۆلمیە" برینپێچەکان هان دەدا تا توندوتیژی بنوێنن. هەندێ لە نەخۆشەکان دەکەونە سەر زەوی. ئێستا جاڕچی کەوتووەتە بەردەمی ئۆرکێستراکە.. لەگەڵ ئیقاعی مۆسیقاکە هەڵدەبەزێتەوە. "ساد" قیت، لەسەر کورسییەکەی خۆی وەستاوە و سەرکەوتووانە قاقا پێ دەکەنێ. کۆلمییەش بەدڵساردی و نائومێدانە ئیشارەتی ئەوە دەدا پەردەکە دابدرێتەوە.)*

(کۆتایی)



## پێڕست

**مارا – ساد و پیتەر ڤایس و شانۆیەکی بەرهەڵستکار** – دانا ڕەئووف ........ 5
* قۆناخی شەستەکان و شانۆیەکی ڕامیاری ........ 9
* هونەری شانۆ لە دیدی پیتەر ڤایسەوە ........ 11
* پیتەر ڤایس و دابڕانی کولتووری ........ 14
* مارا – ساد ........ 15
* ئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی ........ 17
* کەسایەتی مارا و ساد کێ بوون؟ ........ 18
* مارا و شۆڕشی فەڕەنسی ........ 18
* ساد و سادیزم ........ 19
* شارلۆت کۆردی ........ 20
* پیتەر ڤایس و مارا – ساد ........ 20
* بنەمای سێینەیەکی مێژوویی ........ 22

**مارا – ساد** ........ 24
* سەبارەت بە نووسەر ........ 24
* پاشخانێکی مێژوویی ........ 25

**درامایەکی دوو پەردەییە** ........ 33
* پەردەی یەکەم ........ 38
* پەردەی دووەم ........ 166